مەسعود محەمەد؛

# ئێستێتیکای شێوازاندنی هزرێکی خۆکرد

هەندرێن

2012

سوێد

بەرگی ناوەوە:

## مەسعود محەمەد؛

# ئێستێتیکای شێوازاندنی هزرێکی خۆکرد

هەندرێن

2012

سوێد

نووسەر: هەندرێن

ناوی کتێب: مەسعود محەمەد؛ ئێستێتیکای شێوازاندنی هزرێکی خۆکرد

بابەتە: لێکۆڵینەوە

دیزان: نما

چاپی یەکەم:2012

چاپخانە: شەهاب

لـ ە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریی و ئەدەبی نما

ژمارەی سپاردن لە سوێد ISBN:978-91-977419-9-6

ژمارەی سپاردن لە کوردستان: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی١٢١٢ ی لەساڵی 2012 پێدراوە

"بە هەمەحاڵ دوور لە تاوگیری و رەشبینی... دەڵیم... زۆر لە دەوڵەتانی جیهانی سێیەم خۆیان لە خۆیاندا هێوێنی رسکانی دەوڵەتیان تێدا نییە بەڵام تانوپۆی ئەو دەوڵەتانەی بە دەورییانەوەن ناچاریان دەکەن بەردەوام بن چونکە ئەم رۆژگارە بە تاڵایی سیاسی پان و بەرین ناسەلمێنێ سەبەب بە پێوەندایەتیی بەرژەوەندی زۆر و زەبەند پێیانەوە /..../ ئنجا چ خوێرییەکە ئەو حاکمانەی هەڵسوورێ و داسوورێ عیفریتانە بەسەر میللەتدا دەکات و وەک تاووس خۆ فش هەڵدەهێنێت هەموو شان و شەوکەتیشی وەک بابایەکی لاخۆرە بەسەر سفرە و خوانی خەڵکەوە، لەو رووە کە بوونی بەندە بە بوونی عەیرەوە."

مەسعود محەمەد، ("لە پەرۆشەکانی ژیان"، ل: 110)

## له بری پێشەکیی

خوێندنەوەی دیاردەی مەسعود محەمەد کردەیەکی ئاسان نییە؛ چونکە شێوازی نووسین لە کن مەسعود محەمەد دیاردەیەکی خۆکردە. کاتێک دیاردەی مەسعود محەمەد بە ئێستێتیکای شێوازاندنی هزرێکی خوکرد ناودێر دەکەم، پەیوەندی بەوەوە نییە کە من سۆبێکتیڤ، خۆیەکیی و لایەنگرانە باسی ئەو مرۆڤە هزرکەرەوە دەکەم یانیش، وەک باوە، دەخوازم ئەو مرۆڤە بکەم بە پاڵەوانێک و پیرۆزی بکەم. نەخێر. بخوێنی کوردیی گەرەکە بزانێت، لە کاتێکدا کە لە شەست و حەفتایەکانی سەدە رابردوودا پانتایی رۆشنبیریی کوردیی لە بۆشایی بیرکردنەوەدا دەینالاند، کەچی ئەو وەک گەڕیدەیەکی خاوەن هزر هات و بە تەنیا گەمارۆی ئەو بۆشاییە، پانتاییە نابیرکەرەوەی رۆشنبیریی کوردیی دا. هاوکاتیش ئەو مرۆڤە هەر لە بواری هزرێکی کێوییدا زمانی هەڵنەکۆڵی،- ئەو رۆژگارە نووسەرێک مارکسیی – لینینیی و یان دژە مارکسییەکی، کوردایەتییەکی رەشۆکیی نەبووایە، بە نامۆ و کۆنەپەرست سەیر دەکرا- بەڵکە خودی زمانی کوردییشی هەڵکولی؛ زمانی کوردیی هەڵوەشاندەوە و لە ئاستی رستەسازیی و واتەسازیی و رێنووسەوە ... هتد خەملاند. لەوەش زیاتر، رەنگە زیێدەڕۆیی نەکەین کە بڵێین، مەسعود محەمەد پێشەنگی هزراندنی زمانە؛ ئەو مرۆڤە زمانی هەر تەنیا لە ئاستی زمانەوانییدا مشتوماڵ نەکرد، بەڵکە رەهەندێکی کولتووریی و هزرییشی بە زمانی کوردیی بەخشی. کەواتە مەسعود محەمەد یەکێکە لە رووناکبیرە درەوشاوە رۆشنگەرانەی سەدەی بیست کە کۆڵەکەی ماڵی زمان، کولتووری کوردیی سازاند.

ئەو مرۆڤە لە گەشتەکانیدا بە دوای زمانی کوردییەوە رۆچووە ناو بنەبانی خاک، کانییەکانی زمانەوە کە ماڵی بیرکردنەوە؛ شیعری کوردیی و دەقگەلێکی جیاواز بوو. لەوێوە لە گەڕانی بە دوای رەگ و ریشەی زمان و مێژووی کوردییەوە، لە گەردوونی شیعرە بڕندەکانی حاجی قادری کۆیی و هۆزانە رامانگرەکانی نالیی و مەحویی و هێمن موکریانیدا لەنگەری گرت. لە هەڵکۆڵینی زمان و شیعری ئەو شاعیرانە، بە تایبەتی حاجی قادردا، هەر تەنیا ریشەی زمان و هزری مێژوو و هەژەندی کوردی نەدۆزییەوە، بەڵکە شێوازی رەخنەسازییەکی ئەدەبی دانسقەی کوردیشی ئەفراند. گەرەکە بزانین بەر لە مەسعود محەمەد، بگرە لە هەنووکەشدا دوای مەرگی ئەویش، نووسەرێکی ترمان نییە لە بواری رەخنەی ئەدەبییدا، هەرووک لە بواری هزر و زمانناسییشدا، وەک ئەو بەو شێوازە هزریی و کولتووریی و فرەماناوە، خاکی شیعریی بخوێنێتەوە و هەڵبکۆڵێت.

بەڵێ، پەرەپێنەدانی ئەو ئەزموونە هزریی و رەخنەی ئەدەبیی و زمانناسییە، وەک شێوازێکی خۆکرد لە زمانی کوردییدا، لە لایەن نووسەرانی کوردەوە، گەرەکە وەک تێدامانێکی ئەدەبیی کولتووری فامی بکەین. چونکە مەسعود محەمەد، وەک باوە لە رابردوو و هەنووکەی

ڕۆشنبیریی کوردییدا، کۆمەڵێ تیۆریی و گوتەی لە ڕەخنەگران و هزرڤانانی ڕۆژئاوا و نووسەرانی عەرەب و فارس، بێ کۆنتێکست و هەڵکۆڵین و تێهزرین نەگوازتەوە و ناو زمانی کوردییەوە، بەڵکە ئەو ڕۆشنبیریی بیانی لە خاکی خاوی کولتووری نووسەراو، زارەکیی و ئایینزایەکانی کوردییدا تواندەوە خەملاند و ئێستێتیکای شێوازی هزرێکی خۆکردی ئەفراند.

ڕاستییەکەی مەسعود محەمەد لە کاتێکی سەختدا کە زمانی کوردیی دەستکورت بوو، کەچی ئەو بە تەنیا، وێڕای هەوڵی بەهاداریی هاوڕێیەکانی لە "کۆڕی زانیاری کورد"دا، ئینیستوتیت، دا، دەزگەیەک بوو بۆ زمانی کوردیی. ئەو کارە زمانەوانیی و بەرهەمە هزریی و لێکۆڵینەوانەی کە بە زمانی کوردیی بەخشی، ئەرکی دەزگەیەکی ئەکادیمیی بوو، کە هەنووکەش، وێڕای ئەو هەموو نووسەر خاوەن پێشگری "د"ی گەورە و گران و بوودجە و ئازادییەی کە لە کوردستانی باشوودا هەن، کەچی کۆی بەرهەمەکانی ئەو زماننناس، زماننزان، ئەدیب و نووسەرە "د"دارانە هێندەی کتێبی "زاراوەسازی پێوانە"، " چەپکێک لە گولزاری نالی"، "حاجی قادری کۆیی"، "مرۆڤ و دەوروبەر" و کتێبەکانی تری وی، خزمەتی زمان و هزری کوردییان نەکردووە.

کەواتە ئەو هەوڵەی چکۆڵەی من کە لەو کتێبۆکەی بەردەستتان خۆی دەنوێنێت، تەنیا سڵاوێکی هۆگرانەیە لە پەرۆشییەکانی ئەو نووسەرە کە خۆی کورد بە پەیکەرێک لە وشە لە بۆشایی زمانی کوردییدا. هاوکاتیش ئەو کتێبۆکە بانگکردنی بخوێن و نووسەرانی هەنووکە و داهاتووە کە ئەرکێکی ئێتیکییە دەست بە ئەزموونی مەسعود محەمەدەوە بگرن.

هەندرێن/ ئۆکتۆبەری 2012

"نالی مەبە عاجز ، کە ئەمە دەورە  نە جەورە
ساقیی کەرەمی یەک بە یەکە و نەوبە بە نەوبە"
نالی

**تیرۆژێک لە تەمیان بە دەوری مەسعود محەمەدی تۆقەڵەوە (*)**

لە بەراییدا، ئەگەر بۆ تاوێکیش بێت درِدۆنگی ئەو یادەوەرییانە هێور بکەینەوە، دەبێ ئاماژەیەکی کورتیلە بە پشتینەی مەیلی نووسینی ئەم وتارە؛ خوێندنەوەیە  بکەین کە لەوێرا ئێستێتیکا، جوانناسیی شێوازەکەی؛ پەرۆشیەکەی بۆ زمان؛ دیاردەی مەسعود محەمەد سەرنجی راکێشام، راستییەکەی هەر ئەو شێوازاندنی هزرەش بوو کە ئەوی کردە تۆقەڵەیەک لە زمانی کوردییدا. لە رۆژگاری هەشتایەکاندا، کە تەمەنی پێشمەرگایەتی بەرەو پایزیی دەرِۆیشت و ئاستی فامکردنیشم بەرەو گومانێکی هەستەکی نەک ئاگایی دەرِسکا، لە بەهارێکی بناری چیای گارادا لە پەنا کەڤرێکی پشت بارەگاکەماندا، بۆ یەکەمجار بە کتێبێکی دڵکێشی مەسعود محەمەد، "چەپکێک لە گوڵزاری نالی" و چەند بەش لە  مشتومرەکانی نێوان ئەو و محەمەدی مەلا کەریم دا، کە وابزانم لە گۆڤاری "رۆشنبیریی"دا بڵاوکرابوونەوە، ئاشنا بووم. لێ هەنوونەکەش نازانم چتۆ ئەو کتێب و گۆڤارە گەیشتبوونە دەڤەرێکی وەک بادینان و  ئەو دۆڵ و بنار کێوە تووناوتوونانە! لەگەڵ یەکەم خوێندنەوەی ئەو کتێبەدا، بێ ئەوەی بە رەوانی لە کاکڵەی کتێبەش تێبگەم، کەچی شێوازی ئەو زمانەی کە  کتێبەکەی چینیبوو، لە هەست و هزری ساوامدا چەسپی.
لێ دوای رۆیشتنم لەگەڵ دەستەیەک پێشمەرگە بەرەو دۆڵی بالیسان و رۆژهەڵاتی کۆیێ و دواجاریش گەیشتنی شاڵاوە سەربازییەکانی "ئەنفال" و گرگرتنی کێوەکان بە بۆردومانکردنی تانک، تۆپ و فرِۆکەکانی رژێمی ئەنفالکار، نە هەر ئەو کتێب و گۆڤارە لە بەین چوون، بەڵکە هەرچی کتێب و دەستنووسە، دوور لە بارەگا و باغەڵی پێشمەرگەدا بێماڵ مانەوە. ئاکامی ئەو هێرشە شوومانەی "ئەنفال"ی سەربازە کیمیایی و کوردە هەڵپاسە بەلەدەکانی ئەوێ رۆژێی سەدام و حیزبپەروەرەکانی ئەمرِۆ ، دوای برِینی رێیە گەمارۆدراوەکان بە درکەزیی مۆڵگەی سەرباز و جاشان، شوێنپێی یادەوەریی؛ روحی  هەڵقرچاومان، وەک نسییەکی درِدۆنگ، لەناو سوتەمەرۆی باغەکانی هەنار و رەزەکانی ترێی گوندەکانی بنار و لووتکەکانی چیای هەورێ و دەرەشیر و چرپەی کانیاوە کەسیرە و تێنووەکەی گوندی "ئەشکەوتە" ... وێڵبوون و جەستەی دوکەڵگرتوومانیش غەوارەی دوورە وڵاتان بوون. لەوێش "چەپکێک لە گوڵزاری نالی"، کۆشیعرە کۆستکەوتووەکەم "لە سێبەری کێوەکاندا ونت دەکەم، لە پێدەشتێک دەتبینمەوە" نامە

دەستنووس و کتێبەکانی دیکەم، لە ئەشکەوتەکەی گوندی "کافێ"ی بەری چیای گارادا غەوارە بوون.

کاتێک کە پەناگەی سوێد بوو بە پەناگەی ئەو حیکایەتانەی ژیان، رۆژێک رێم کەوتە کتێبفرۆشییەکی کوردی و بە دەم سەیر کردنی کتێبە بەسەر یەک کەڵەکەکانەوە، (کتێبەکان لەو یەک دوو کتێبفرۆشییە کوردییانەی سوێدیشدا وەک کوردستان، بێ سەر و بەر بەسەر یەکتردا کەڵەکە دەکرێن)، نیگام لەسەر "گەشتی ژیانم"، "مرۆڤ و دەوروبەر" و "زاراوەسازی پێوانە"ی مەسعو محەمەددا سەنگرایەوە و یەکسەر لەگەڵ خۆمدا هەردووکیانم کردە میوانی ماڵە سێبوورەکەم، کە شەوانە خەونی سەربووردەکانی شەڕە ئەفسانەیی و پێشهاتی شالاوەکانی "ئەنفال" و هەژەندی کۆڕەوی دێهاتنشینەکان بەرەو سنووره نادیارەکان گەمارۆیان دەدا و رۆژانەش بە هەڵهێنانی مەتەڵی ئەو خەونانەی کە گەمارۆیان دەدام. لێرەدا ناچارم ئەوە جەختبەکینەوە کە ئەمڕۆ تەواوی دەزگە رۆشنبیریی، پەروەردەیی و بگرە کۆی ئەو قسەگەلەی کە لەسەر زمانی ستاندەردی کوردیی دەکرێن، نەیانتوانیووە بە قەد کتێبی "زاراوەسازی پێوانە" و ئەو وتارگەل و گفتوگۆیانەی بە تایبەتیش گفتوگۆیەکەی شوکور مستەفا، "گەشتێکی فەلسەفی بەناو زمان..." لەگەڵ ئەودا رێی رەوانبێژییەکی ژیربێژانە بۆ چارەسەکردنی گرفتی زمانی یەکگرتووی کوردی بدۆزنەوە.

دەبا لە پەرۆشخۆری ئەو یادە بە سفت و سوێیانەوە گوێ لەو دڵنەوایی؛ تێڕامانە؛ شێوازندنی شیعرییەتەی مەسعود محەمەد رادێرین، کە دەکرێ لاواندنەوەیەکیش بێ لەم بێدەنگیکردنەی خودی ئەویش: "چ بڵێم و چ سوود هەیە لە گوتن: وا ئایەتی مەرگ ئایەتی ژینتی کووژانەوە، چراکەشت دووایین تروسکەی خۆی تفاندەوە و دوو پێڵووی بەسەر بینایيدا هێنایەوە و بیلبیلەی چاوتی تیرە کرد کە پڕاوپڕ بوو لە جووانیی خاک و زیبایی ئاسمان، وا لەبەر گوێشت نرکەی نەمان دێت کە ئیرادەی مان تێی ئالاوە لەسەر سینەی نیشتمانت. چ بەیان کەم لەو هۆشبەدەرەی بە دڵتدا هات کە فامی خاوەنەکەی لێی حاڵی نییە و مالاوی پێ لە دنیا دەکات و ئومێدێکی پێ دەسپێرێ بازووی بڕوات بە خۆیەوە ناگرێت و قاچی هاردراوت ناتگەنێتێ... چ رێی بەیان شک نابەم مەگەر ورتەی دڵی بە توّوە کۆست کەوتووم لە گیانی بەبەر من گەڕاوت بچڕپێنێ و نزام بۆت بەرزکاتەوە..." (1)

بەڵێ، لەم سەردەم نەهامەتەدا؛ لەم رۆژگارە زمانکوژەدا، دەکرێ ئەم جوانناسیی شێوازاندنە لە ئاخاوتنە وەک ئاوڕدانەوەیەک؛ خەمرەوێنییەک بیخوێنینەوە.

ئیتر دوای خوێندنەوەی ئەو کتێبانە مەیلی ناسکردنی بەهای زمانی کوردیی و تێگەیشتن لە سەرچاوەی لەمپەرەکانی زمان و گومان لە هزری کوردی لە لامدا زیاتر فراژان. هاوکاتیش بە

دەم خوێندنی مێژووی هزر و فەلسەفەوە لە زانستگە لە ستۆکهۆلمدا، لە مینانەی گەڕان بە دوای کتێبە فەلسەفییەکانەوە ئاشنای هزرڤانێکی سیاسی سەرنجکێشی سویدیی، هانس لارشۆن (Hans Larsson) بووم. (*) لەگەڵ شارەزابوون لە پاشخان، بوونی وەک یەکێک لە دەمڕاستێکی نموونەیی لە ئەکادیمیای سویدا، بەرهەمە فرە ڕەنگ و بەهای کایەی کتێب و هەوڵە فرە بوارەکانی ئەو هزرڤانە سویدییە لەسەر زمان و ڕۆشنبیریی سویددا، وێنای پاشخان، کەسایەتیی، بوونی وەک دەمڕاستێک لە کۆڕی زانیاری کورد، بەهای کتێب و هەوڵە هەمەچەشنەکانی مەسعود محەمەدیان لە خەیاڵمدا زاندەوە. لە سەرەتایەکانی سەدەی بیستەمدا کە تەوژمی هزر و ئایدیۆلۆجییەکان لە چڵە پۆپەدا بوون و وڵاتە بچووکەکانی وەک سویدیش بە دەم گەورە بوونی دەسەڵاتی نەتەوە گەورەکانی ڕۆژئاواوە لە خەمی بنیاتنان و پێناسەکردنێکی جیاوازی نیشتمانەکەیاندا بوون. هانس لارشۆن لەگەڵ دەستەیەک لەو ڕووناکبیرە ئەکادیمیانەی سوید، بە ڕاڤە کردن و ناساندنی فەلسەفەی گریکییەوە بگرە هەتا دەگاتە زۆرینەی فەیلەسووف و بزاڤە کولتووریی و ئەو ئایدیۆلۆجییە هەمەجۆرانەی ناسیۆنالیزم کە لە سەدەی هەژدە و نۆزدەدا لە ئارادا بوون، ڕۆڵێکی وەرچەرخێنەرانەیان بینی لە فۆرمۆلە کردنی بنیاتی کولتووریی و پێناسەی نەتەوایەتی وڵاتەکەیاندا. هاوکاتێکیش لەوکاتەی زۆرینەی دەسەڵاتدارەکانی ڕۆژئاوا، لە ئاکامی تەقینەوەی ململانێیەکانی نێوان ئایدیۆلۆجیایەکانەوە لە کوورەی ئاگری شەڕی جیهانی یەکەمدا دەسووتان، کەچی ڕووناکبیر و سیاستەوانەکانی سوید لاتەریک لەو شەڕە سەرگەرمی بنیاتنان و بە مۆدێرنکردنی وڵاتەکەیان بوون. بەمجۆرە هانس لارشۆن لە ڕۆژگارێک ژیا کە لەوێدا ئەرکی ڕووناکبیر پاراستنی بەهای ناسنامە و کولتوورەکەیدا هەڵوێستی هەبێ. یەکێک لەوئەرکە گرینگانەی ڕووناکبیر گفتوگۆکردن بوو لە ڕەهەندی ئایدیۆلۆجییەکان. لە ناوەندی ڕۆشنبیریی سویدییدا، هانس لارشۆن بە نووسینی زیاتر لە 40 کتێبی تیۆریی، کولتووریی، ئەدەبی و چالاکییە ڕۆشنبیرییەکانیەوە خۆی دەکاتە بە لەگوێن (سەرچاوە)ێکی نموونەیی.

نزیکی قەدەری نێوان هانس لارشۆن و مەسعود محەمەد ئەوەیە، کە هانس لارشۆن هەم بەر لە مەرگیی و هەمیش دوای مەرگی، بۆ زۆرینەی ڕووناکبیر، ئاکادیمیی، خوێنەرانی سویدی وێنای هزرڤانێکی ئایدیالیی؛ سەرچاوەیەکی هاندەر؛ هێمای مرۆڤێکی زرینگ؛ واتایەک لە مرۆڤدۆستیی بوو، کەچی قەدەری مەسعود محەمەد هەم بەر لە مەرگیی و هەمیش دوای مەرگی، بە هۆی زمانە دانسقە و هزرینە ناباو و کەسایەتییە سەنگینەکەیەوە لە ناوەندی ڕۆشنبیریی پاشکۆی داگیرکەر و بێ یادەوەریی کوردییدا گۆشەگیرکردن بوو، لەبۆیە ئەو لاتەریک لە گەردوونی زمانەکەیدا ژیا.

لێ شایەنی باسە، ئەوکات لە ناوەندەی ڕۆشنبیریی سویددا ململانێیەکی قووڵ لە نێوان بەرەی چەپ و ڕاستدا هەبوو. لەبۆیە هانس لارشۆنیش وەک هومانیستی کۆنپارێز هەمیشە لەگەڵ ڕووناکبیرە چەپڕۆکاندا لە کێشمەکێشدا بوو. بەمجۆرە وەک چۆن نووسەر و سیاسییەکانی

کوردستان مەسعود محەمەدیان بە کۆنەپەرست و دواکەوتوو دەزانی، بە هەمان شێوەش چەپڕۆکانی سوێد هانس لارشۆنیان بە لایەنگیری نازیزم و دژە کۆمۆنیزم دەزانی. (*)

وەلێ لێرەدا بە باشی دەزانین لەمەڕ ئەو "بەندوباوی "رەجعییەکی زیرەکی"یەی کە دەدرێتە پاڵ مەسعود محەمەد، گوێ لە وەرامی خۆی بگرین: "ئەوانەی وەها بە کەوەدنی (رەجعیی زیرەک) دەبزرکێنن نازانن لە تەپڵی بنی چ چاڵێکی قووڵی تاریکدا دەژین و لێشی دەرنایەن. بێگومان ئەوەی بە رەجعی دادەنێن گەلێک خاوێنترە لەوەی پێی دەڵێن شۆڕگێڕ، چونکە بە لایانەوە کوشتن و سووتاندن و ڕماندن شەقڵی شۆڕشە. /.../ سوسیالیزم و دیمۆکراسی باوەڕی لووتبەرزن و بە نازوفیزن لەگەڵ پرزۆڵەی کوردی عەبایلێ و هەڵاتووی بۆ هەندەران دانووی ناکولێ. (تقدمیە)یش بە فیکەی سمێڵەوە زەنە ناکات. /.../ دەبێ خۆت لەگەڵ خۆتدا خەریکی لێکدانەوە و بەراوردکردن و پێکگرتن، هەڵگێڕ و وەرگێڕی سەرلەبەری مێژوو و کۆمەڵایەتی بیت..." (2)

بە دیوێکی دیکەوە، دەکرێ هۆکردی نەخوێندنەوە یان بێدەنگیکردن لە بەهای دەقەکانی مەسعود محەمەددا، پەیوەندی بە زمانە سەنگین و جوانناسیی شێوازاندی هزرینەکەیەوە هەبێ. شێوازی زمانی مەسعود محەمەد، زمانی سۆز و حەماسەتی نییە، کە ئەو زمانەش زمانی زۆرینەی نووسەری کوردی پۆشیووە، بەڵکە زمانێکی ژیربێژانەی هزرچنە. تایبەتمەندی ئەو زمانەش، بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ کەژ و هەوای شوێنگەکەی؛ پاشخانی کولتوورییە ئەرستۆکراتەکەی. مەسعود محەمەد لە ماڵێک پەروەردە بوو کە خاوەن پایەکیی کۆمەڵایەتیی، سیاسیی و چینایەتی بوو؛ ڕۆڵەی پیاوێکی جوامێری وەک "مەلای گەورە"بوو. ئەولە کتێبەکەی "گەشتی ژیانم"دا بە گێڕانەوەی ژیانی زارۆکایەتیی و لاویەتی خۆیەوە، وێنای ئەو ماڵ و باوکە زانیارپەروەرەی خۆیمان بۆ نمایشدەکا. بەمجۆرە زمانی هزرینی مەسعود محەمەد وەک ئاوێنەیەک لە پایەی پاشخانی ماڵباتە خاوەن رۆشنبیرییەکەی، بارگاویکراوە بە چێژ و سەنگێکی ئەرستۆکراتییانە. لەبۆیە هەرچەندە لە مەدیو نووسینەکانییدا چەشنە سەلیقە و هەناسەیەکی تەوسئامێز و مەتەڵئامێزی کوردییانە هەیە، لێ خوێندنەوەی ئەو زمانە خاوەن چێژە ئەرستۆکراتیی؛ فراژوو هزریووە؛ ئاکارە جوامێرەی ئەو بۆ زۆرینەی نووسەر و خوێنەری کورد نامۆیە. چونکە خوێندنەوەی زمانی مەسعود محەمەد پێویستی بە خوێنەرێکی خاوەن چێژ؛ یادەوەرییەکی کارا؛ ئاگاییەکی خەملیوو هەیە. ئا لێرەوەیە خۆ بە شێوازکردنەکەی مەسعود محەمەد. مخابن ئەو تەرزە خوێنەرەش، بە تایبەتیش ئەمڕۆ لە زمانی کوردییدا لە کشتایەتیدایە. کەواتە ئاستەنگی مەسعود محەمەد ئەوەیە، کە لە ناوەندێکی رۆشنبیریی؛ زمانێکی بیرنەکەرەوەدا یان لە ناوەندی رۆشنبیرییەکی سۆزئامێز و پاشکۆدا، بیرییکردەوە و هەڵوێستە جوامێرەکانیشی وەک چیایەک شکۆمەند بوون. مەسعود محەمەد بە تێهەڵچوونەوەکانی بەناو مێژووی ئەدەبی، سیاسی، کۆمەڵایەتیی و هزرییەکانەوە، خۆی کرد بە پەیکەرێک لە شێوازاندنی زمانێکی خودگەرا.

لەو روانگەیەوە بۆ ئەوەی ئێمە لە پێشینەی ئەو قەدەرەی کە کورد هەر لە دوای "ئیمپراتۆری مادە"وە دەرگیریی بووە فامبکەین، کە هەتا ئێستاش کورد پێیوە دەناڵێنێت، دەبا بە چاوێکی ئاوەڵاوە ئەو تێهزرینەی مەسعودد محەمەد بخوێنینەوە کە مایەی لێ وردبوونەوەیە: " سەیرێکی مێژووی عەرەب بکەیت دەبینی لە ئاکامی فتووحاتی ئیسلام، هەر نەتەوەیەکی زمانەکەی لە خێزانی سامی بووبێیت لە ئاکامدا بوو بە عەرەب، کەچی فارس و کورد و ئەفغان و تورک و بەلووچ و نازانم کێ و کێ نەیانتوانی زمانەیکان بهێننە سەر قاڵبی عەرەبی و بڵێن: (یضلل الله). فەقییەک لە مزگەوتی کۆیێ چەندی کردی نەیتوانی فێر بێ بڵێ: (مثلا مثالێکت بۆ بهێنمەوە لە امثلەی مختلفە) ..." (3)

هەڵبەت ئەو تێهزرینەی مەسعود محەمەد لە قەدەری ئەو بێ دەوڵەتیی و نەهامەتیانەی کورد شەریتەیەکە کە لێرەدا من بە ئەرکی خۆم نازانم هەمووی یادداشت یان شرۆڤە بکەم. وەلێ ئەمڕۆ لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستە کە خوێنەر و نووسەری زەین پەرتەوازەی کورد ئاورێک لەو تەرزە بابەتانەی، کە ئەمڕۆ قەدەری کورد دەرگیریانە، ئەو مرۆڤە پەرۆشخۆرەی کورد بداتەوە.

مەسعود محەمەد، وێڕای ئەوەی خاوەن ئەزموونێکی سیاسی سەرنجێکش، یان بە واتای وشە دیپلۆماسێکی بە وەج بوو، هاوکاتیش لە بەرهەمە هەمەرەنگەکانیدا خوێندنەوەی دانسقە بۆ کشتایەتی (تەنگژە)گەلێکی وەک: کێشەی سیاسەت، گەندەڵی، غەمەکانی زمانی کوردیی، دۆزی نەتەوایەتی و ... تاد ئەنجامدا و پێشبینی ژێربێژانەشی بۆ ئاکامی  زۆرێک لەو پرسیارانە کرد کە ئەمڕۆ بوونی کوردیان داهێزراندووە. لێرەدا بوارمان نییە ئاماژە بە تەواوی خوێندنەوەکانی مەسعود محەمەد بۆ ئەو کشتیانە بکەین. لێ بۆ نموونە ، ئێمە نیگای خوێنەر بۆ کتێبی "ژیان و جیهانبینی" رادەکێشین، کە لەوێدا مەسعود محەمەد پرسگەلێکی هەنووکەیی و گرینگی وەک رەهەندی ئایین و بە تایبەتیش ئیسلام راڤە دەکا، کە بە رای ئێمە، هێژاترین لێکدانەوەیە لە زمانی کوردییدا.

دیسانەوە گومانکردن لە فەرامۆشکردنی ئەو مرۆڤە لە پانتایی رۆشنبیریی کوردییدا، لە خەیاڵدانی پەرتەوازەی مندا زایەوە. لێ هەر جارەی کە دەستم بە نووسین لەسەر ئەو مرۆڤە یان دەستپێکردنی گفتوگۆیەک لەگەڵ بەرهەمەکانی ئەو مرۆڤەدا دەکرد، کەچی بە دەم ئەو ئاخاوتنەوە لەناو خوڕە و شەپۆلی جۆگەلە و لک و پۆیەکانی زمان و هزرینە زەمەند ئاساکەی ئەو مرۆڤەدا هەڵەتە دەبووم. –رەنگە لەم سەفەرەشدا گیرۆدەی ئەو هەڵەتە بوون بم – دەکرێ بەشێک لە هۆکردی ئەمەش نەبوونی نووسینگەلێکی بەهادار بێ لەسەر بەرهەمەکانی ئەو مرۆڤە لە زمانی کوردییدا، چونکە بوونی ئەو نووسینگەلە بەشێک لە پەژارەکانی ئەو بۆ زمان و بەهای هزرین، گەلێ ئەرکت لە کۆڵ بکەنەوە. لەبۆیە مرۆڤ بە تاکە وتارێک لەسەر رەهەندی

مەسعود محەمەد لە زمانی کوردییدا، ناتوانێ بوونی ئەو وەک خۆی لەناو ئەو بۆشاییە پان و پۆڕەدا ئامادە بکاتەوە؛ بەرهەمبهێنێتەوە. کەواتە خوێندنەوەیەکی ورد بۆ دیاردەی مەسعود محەمەد، وەک خوێندنەوەی دەقگەلێکی هەنووکەیی نییە، بەڵکە خوێندنەوەیەکی ناوکۆیی (کۆنتێکست)یی گەرەکە.

هاوکاتیش ئەنجامدانی ئەو ئەرکە بە تەنیا، پێویستی بە تەرخانکردنی کاتێکی رەخساو و بێندرێژ هەیە، لێ مخابن ئێمە بە هۆی ئەرک و چەپەرەکانی ژیان توانای دەستەبەرکردنی ئەو کاتەمان نییە تاکوو بتوانین فرەتر رەهەندەکانی دیکەی بخوێنینەوە. وێڕای ئەمەش لە داهاتوودا هەوڵدەدەین، بە گوێرەی توانای خۆمان، ئەو کات و بوار بڕەسێنین تاکوو لە کولانەی جیاوازەوە رەهەندگەلی دیکەی گەردوونی بەرهەمەکانی ئەو مرۆڤە بەسەر بکەینەوە.

لەوەش بترازێین، ئەو مرۆڤە کوردە، نەک هەر لە زمانی کوردییدا زایەڵەیەکە؛ لەریەنەوەیەکە لە هزراندن، بەڵکو لە زمانی عەرەبیشدا خودان شێوازێکی دەگمەنە. بەمجۆرە ئەو مرۆڤە، یەکێک لەو کوردانەیە کە جیهانی دەهزرێ. بەمەش توانی بە خۆی و زمانەکەیەوە بەرەو جیهان بڕوات. کەواتە خوێندنەوەی بەرهەمە عەرەبییە دانسقەکانیشی، کات و خوێندنەوەیەکی بە جیای گەرەکە.

لەبۆیە هەقە کتێبەکەی نووسەری عێراقی حمید المطبعی بەناوی "مسعود محمد" کە لە بارەی ژیان و فەلسەفەی مەسعود محەمەدی نووسیوە،- مخابن بەندە نە ئەو کتێبە خوێندۆتەوە و نە تشتێکیش لە بارەی ئەو نووسەرە دەزانێ- بە یادی خوێنەر بهێنینەوە کە هەڵۆ بەرزنجەیی لە میانەی گفتوگۆیەکەیدا لەگەڵ مەسعود محەمەددا ئاماژەی پێدەکا. بەو کتێبەوە دەزانین کە حمید المطبعی لە لاپەرە 128 کتێبەکەیدا مەسعود محەمەدی بە "لهجه مفكر" پێناسەکردووە. هەڵبەت ئێمە دەزانین ئەمڕۆ لە کوردستاندا نووسەرە خاوەن دەزگەی وەشان و دەزگەیەکان سامانێکی فرەیان بۆ وەرگێڕانی کتێبەکانی خۆیان و هاوڕێیەکانیان بۆ عەرەبی زمانەکانی دیکە تەرخانکردووە، هاوکاتیش ساڵانە گەلێک نووسەری عەرەب و فارس و بیانی بۆ "فیستیڤاڵ"ەکانیان داوەت دەکەن، تاکوو ئەو نووسەرانە بە"مەزن" و "داهێنەر" ناودێریان بکەن.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە: لەوکاتەی کە ئەو نووسەرە عەرەبە کتێبێکی لەسەر سەنگینی زمان و هزرەکانی مەسعود محەمەدد نووسیوە، کە ئەوکات ئەدەبی کوردی لە ناوەندی رۆشنبیریی عەرەبیدا قسەیەکی لەسەر نەدەکرا، بۆ ئێستا نووسەرێک قسەیەک لەسەر ئەو کتێبە ناکا یان نەیکات بە کوردی؟ گەلۆ ئەوە بەشێک نییە لەو گەندەڵییە رەوشتییەی کە لە دەزگە رۆشنبیرییەکانی ئەمڕۆی کوردستاندا بڕەوی پێدەدرێت؟

بە هەمەحاڵ، بە رای من، لەم رۆژگارەی ئێستادا کە زارقەڵەباڵغی لە لاساییکردنەوەی هزر و چەمکە باوەکانی رۆژئاوا لە ئارادەیە و زمانی رۆژنامەوانیش ئاگایی نووسەر و خوێنەر زمانی کوردیی ئیفلیج و کولکردووە، بۆ ئەوەی بتوانین بەهای هزرینی مەسعود محەمەد، کە ئێمە لێرەدا بە دیاردەی جوانناسییەک لە شێوازندنی هزر، دیادەیەک لە فەلسەفاندنی پەرۆشی کورد

ناودێری دەکەین، بەرهەم بهێنینەوە؛ رەهەندە نەگۆتراو؛ جیهانە نادیارییەکان لە گەردوونی هزرینی ئەودا بە دیاربخەین و بدۆزینەوە. راستییەکەی دەبوو ئەو تەرزە خوێندنەوەی کە مەسعود محەمەد بۆ نالی و حاجی قادریی کۆیی بەرهەمهێنا، ببێتە سەرچاوە و هاندەرێک بۆ رەخنەسازیی و رەخنەگرانی ئەدەبی کوردی، لێ لە خۆمان رادەبینین کە تا ئێستاش رەخنەی کوردی نەیتوانیووە شێوازێک لە وێنەی ئەو بەرهەمبهێنێت. لەبۆیە بۆ ئەوەی ئەمڕۆ رەخنەی کوردی لە دەست ئەو نووسینە مجگێز ئامێز و هاورێبازیانەی کە بەناوی رەخنە دەنووسرێن هەناسەی ئازاد بوون هەڵبمژێ، پێویستە بە ئاوڕێک لە رەخنە بەرەو فرەواندنی ئەو ئەزموونە رەخنەسازییە دەگمەنەی مەسعود محەمەد و هاووێنەکانی بگەڕێینەوە. راپەڕاندنی ئەم پرۆژەیەش پرۆژەیەکی بە کۆمەڵیی؛ تەوەرگەلێکی جوودا؛ روانگەگەلێکی فرە رەهەند و بێلایەنی گەرەکە. لێ بە دەم ئەو پاڵەواندنەی چەند نووسەرێکەوە کە ئەمڕۆ لە روانگەی شارچییەتی، هاورێچییەتی، حیزبچییەتییەوە لە پانتایی یان بازاڕی نووسەرانی کوردییدا لە هەرمێندان، هاوکاتیش لەو دەمەی کە زمانێکی رووتەڵە بۆتە زمانی نووسەر و خوێنەران، رەنگە ئەنجامدانی ئەو ئەرکە لە لایەن ناوەندە رۆشنبیرییەکانی کوردییەوە، جۆرە خەیاڵپلاوییەک یان مەیلێکی سافیلکە بێ.
وێڕای ئەوەش، ناکرێ ئەو دوو هەڤپەیڤینە پان و پۆڕ و زانیار بەخشەی هەڵۆ بەرزنجەیی لەگەڵ مەسعود محەمەددا لە یاد بکەین کە لە دوو کتێبێکدا، "ژیان و جیهانبینی" و "پەرژینی بێدەنگی"دا بڵاویکردوونەتەوە، کە تژییە لە بیرۆکەی نەگووتراو و بوێرانە لەمەڕ ئایینی ئیسلام، ژن ، کێشەی بیری نەتەوایەتی کورد، هاوکاتیش ناکرێ خەمخۆری ئاسۆس کەماڵ لە چاپدانەوەی بەشێک لە کتێبەکانی مەسعود محەمەد و چاپکردنی نامەکانی مەسعود محەمەد لە لایەن گۆڤاری "رامان" و کردنەوەی سایتێک بۆ زۆرینەی بەرهەمەکانی ئەو لە لایەن نووسەرگەلێکی مێرخاسی وەک وریا ماملیسی لە زەین نەگرین، کە گشت ئەمانە و ئەو هەوڵانەی دیکەش کە بەندە لێیان بێئاگایە، واتای بە هەند وەرگرتنی دەقەکانی ئەو مرۆڤەن.

لێبەلێ لێرەدا بۆ بەیاد هێنانەوەی واتای فەرامۆشکراوی مەسعود محەمەد لەزمانی ئەمڕۆی کوردییدا، حەز دەکەین تیرێژێک لە روانگەکانی ئەو مرۆڤە لە مەڕ ئەو کۆگرفتانەی کە ئەمڕۆ بەرۆکی کۆمەڵگەی کوردییان گرتووە، بچنینەوە. بۆ نموونە با ئەو تێڕامانەی لەمەڕ گرفتی گەندەڵی بخوێنینەوە کە بۆتە دێوەزمەی کۆمەڵگەی کوردی: "... هەروا خراپە لە قەتلەوەیە نەک لە تفەنگ، ئاژێری هەڵەشەوەیە نەک لە گەڕۆک. حاڵوباری گەندەڵیش لە کۆمەڵدا بەچکەی خەڵقەکەیە هەرچەندە هۆیەکەشی ستەمکارەکە بێت کە ئەویش مرۆیەکە مرۆی وەک خۆی بەکاردەهێنێ بۆ لێخوڕینی ئەو خەڵکەی سەریان بۆ دانەواندووە /.../ رەقایی بەردیش، دوور لە بەرد، ناتوانێ کاریگەر بێت. پێوسیتە مرۆ هەبێت و بەرد هەبێت و کاریگەر بێت بە چاک یان خراپ..." (4) ئەو خوێندنەوەیە لە هۆکردی گەندەڵیی و کێشەکانی، رامان وروژێنە نەک وەک

زۆر لـەو نووسـینە هەرزەگۆیـە سـەرگێژکەر و خوێڕیلانـەی کـە ئـەمڕۆ لەسـەر دیـاردەی ئـەو گەندەڵییەی کە بەناو ناخی حکومەت و کۆمەڵگەی کوردستاندا رەگی داکوتاوە، دەنووسرێن.
یـان دەبـا بـەراوردێک لـە نێـوان ئـەو تێهزرینـەی مەسـعود محەمـەد لەسـەر گرفتـی ژن و ئـەو قسەگەلە پفکراوانەی ئەو هەموو پیاوە دێوجامەپۆش و قسـە سـوواوەکانی ئـەو ژنـە بـە زار ئـازاد و بە ئاوەز وابەستانە بکەین، کە ئەمڕۆ بە هۆی بە قوربانیبوونی ژنـان لـە قەسابخانەی شـەرەفی پیـاودا رووبـەری بڵاوکراوەکـانی کوردیـان پڕکردۆتـەوە، کـە راسـتییەکەی زۆرینـەیان بازرگـانییکردن یـان بـۆ ئـەوەی دەسـت بـە هەمەگیرییـەوە بگـرین، ئـەو تـەرزە نووسـینانە خوێندنەوەیەکی زانستیی نین بۆ کێشەی ژن.
"... ئافرەت لە زۆر وڵاتاندا دووری ئەو موعادەلانە دەژیا کە فەیلەسووف بڕیارە مێژوویەکانی لەسـەر هەڵـدەنێت تـا ئێسـتاش لـە زۆر وڵاتـدا حـاڵی ئـافرەت هەروەهایـە ئنجـا چۆنـاوچونی سەرجەمی کاران راست هاتووە لەو دەرفەتە تەسکەدا کە هێز و پیتۆڵی "پیاو" تێیدا دەگەنەوە یەکتر؟ وەرامی یەکەم و بەر لە هەموان ئەوەیە کە ئەو سەرجەمە هەرگیز راست نەهاتووە بە پێی ئـەوە کـە فەلسـەفە چاوەڕوانە پیاو هەمیشـە داڵدەی بەرژەوەندی گرتبێتە بەر: نە هـەموو کەس بە داڵدەکەوە چووە و نە هەموو پێوە چوونێکیش بەرژەوەند ئـامێز بووە، لە رابردووشـدا کە کار بە جۆرێک لە جۆران راست هـاتووە لەوەوە بووە باری ژیان لە خۆوە، رۆژ بە رۆژ، گلۆر بۆتەوە بێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە لە خەفەتی فەیلووسوفان کە ناچارن ژیان و گوزەران هـەڵنێن لەسـەر بەرژەوەندبینی و هۆشـمەندایەتی هـەر هـەتا بتوانن هۆکاریـەکی هۆشـگرانەی لێ دارێژن بۆ ئەوەی ماجەرای مێژووی تێبهاوێژن..." (5) . لێرەدا ئێمە درێژە بەو باسە نادەین، لێ بەراوردکردنی ئەو تیرێژگەلە لە روانینە لەگەڵ زۆرینەی ئەو قسە رۆژنامەییانـەی کە رۆژانە لە سـەر زار و لاپـەڕەی بڵاوکراوەکـان دووبـارە دەکرێنـەوە، بـۆ ئـەو خوێنەرانـە بـە جێدەهێڵم کـە دڵسۆزانە لە خەمی کێشەی ژنانن.

کەواتە هۆکردەکانی فەرامۆشکردنی بەهای جیهانبینی مەسعود محەمەد هەر تـەنیا پەیوەندی بـەو دۆخە دابەشکراوەی رۆشـنبیریی کورد نییـە لـە نێوان ئایدۆلۆجی دەڤەریی؛ قەریحە و مجگێزی حیزبـی؛ هاوڕێچییـەتی، بەڵکـە هـۆکردی سـەرەکی پەیوەنـدی بـە بـوێری هـزرین؛ جوانناسـیی شـێوازاندنی زمـانی ئـەو مرۆڤـەوە هەیـە. رەسـەنی مەسـعود محەمـەد لەوەدایـە، کـە ئاراسـتەی هزرینـی ئـەو بـە پێچەوانـەی ئـەو مارکسـیزمە ستالینسـیتییە مێگەلییـە بـاوە و کوردایەتییـە سافیلەکەییە بوو، کە بە دەروێشایەتییە وشکەڕۆیەکانیانەوە زمانی کوردییان سیخناخ کردبوو و دەکەن. لەناو ئەو رەوشە رۆشنبیرییە داخراوەدا، یان بە واتای مەسعود محەمەد، ئەو دۆخە رۆشنبیرییە دەروێشایەتییەدا، ئەو بە تێگەیشتنێک لە بەهای مارکسیزم، مەودایـەک لە بەرانبەر ئەو مارکسیگەراییە وشکەڕۆیەدا وەردەگرێ و هەوڵدەدا بـە ئاوەزێکی رەخنەییەوە مارکسیزم بخوێنێتـەوە. راسـتییەکەی مەسـعود محەمـەد، هـەر لـە شەسـت و حەفتاکانـدا، هـاودەمی هزرڤانگەلێکی مارکسیستی رۆژئاوایی، مینا ئالتوسێر، ئەدۆرنۆ، دۆرکهایم؛ هزرڤانانی سەر بە

"قوتبخانەی فراکنفۆرت"دا، جاڕی بۆ گۆڕانێکی بنەڕەتی لە تیۆری مارکسیزم و میراتگەرەکانی ئەو تیۆرییە ڕاگەیاند. ئەوکات لە ناوەندی ڕۆشنبیریی کوردییدا، ئەگەر نووسەرێک ڕەخنەی لەو مارکسیزمە بە ئاپینکراوە بگرتبا، نەک هەر خوێنتاڵ دەکرا، بەڵکە بە نووسەرێکی "ڕەجعی"؛ دواکەتوو لە قەڵەم دەدرا. جێگەی سەرنجە دوای زیاتر لە چارەگە سەدەیەک؛ دوای ڕمانی بلۆکی کۆمۆنیزم، ئنجا خودی ئەو نووسەر و سیاسییانەی کورد، بێ ئەوەی سڵاوێک؛ ئاماژەیەک بۆ پێشبینییەکانی مەسعود محەمەدیش بکەن، نەک هەر فێر نەبوون بە ئاوازەێکی ڕەخنەییەوە لە ئایدیۆلۆجی بڕوانن ، بەڵکە بەشێکیشیان بە هەمان شێوەی هەمەگیرییەوە بوون بە نەیارێکی سەرسەختی مارکسیزم و چەپڕۆیی.
وێڕای ئەمەش، ئەو مرۆڤە هەر زوو دوای ڕاپەڕین، بە تێگەیشتنێکی قووڵ لە پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردیی و ڕوانگەی نوێنەرە سیاسەتوانەکانییەوە، پێشبینی ئەو ڕەوشە سیاسیی و جڤاکییە تەقلەهەقەی کردبوو کە ئێستا لە ئارادایە. خوێنەر دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ هەڤپەیڤین و وتارەکانی ئەو لە نەوەدەکاندا، کە لەوێدا وردبینانە و هاوکاتیش دڵسۆزانە لە ئاکامە بەدەکانی ئەو حیزبگەرایی و ڕەوشە ڕۆشنبیرییە گەندەڵهێنەی کە ئاراستەی کورد دەکەن، دەپەیڤێ.

کەواتە، بێ لە گەمە مەسعود محەمەد وێنای ئەو ڕووناکبیرە ئایدیالی و ماندوونەناسەی کوردە کە لەمڕۆی ژیانی کورددا ئامادەیی نییە. هەرچەندە ئێمە، وەک دڵناواییەک بۆ یادکردنەوەی ئەو، لە کتێبە "هەتککراو "وەکەماندا " گوڵنارەکانی شوێنپێ لە باخچەکانی تاراوگەدا" و وتارگەلێکدا جەختمان لە بەهای ئامادە بوونی ئەو مرۆڤە لە زمانی کوردییدا کردۆتەوە ، لێ ئامادە بوونی دیاردەی مەسعود محەمەد، وێڕای بەشێکی زۆر لە نووسەرە ئاوزە و هاووێنەکانی وی، کە بە ڕاستی، وەک شێوازێک لە ژیان، لە زمانی کوردییدا ژیان، دەکرێ بکرێتە پێوانەیەک؛ وێنایەک؛ ئەزموونێکی کارا بۆ بەهای هزرین و نموونەی ڕۆشنبیریی کە ئێستا زمانی کوردیی لە هەموو کاتێک زێتر حەوجەیەتی. مەسعود محەمەد جوانناسیی شێوازندنە هزرییەکەی لەوەدا بەرجەستە دەبێتەوە، کە ئەو بە ئاکامگیرییەکانی لە هەڵکۆڵینی زمان؛ لەراندنەوەی نەگوتراوە گوتراوەکانی زمان، ژیانێکی نوێ بە زمانەکەی دەبەخشێ. بە تێهەڵچوونەوەک لە دەقە ئەزمووکراوەکان؛ بە ڕاڤەکردنێک لە شیعرەکانی نالی و حاجی قادری کۆیی؛ بە سەفەرێک بەرەو وێستگە و دووڕیانەکانی مێژووی ڕابردوو، خۆی دەکا بە مینا پەیکەرێکی کولتووریی، مێژوویی هەنووکەیی. هاوکاتیش لە کن ئەو مرۆڤ ***ئاکامێک نییە لە گۆڕانەکانی دۆخی ژێرخان و سروشت***، بەڵکە ***خودی مرۆڤ ژێرخان سەرخانە***. بەمجۆرە مرۆڤ سەرشاری کاتە: ڕابردوو و ئێستا و داهاتووە.
کەواتە ئەو سۆزەی من بۆ مەسعود محەمەد هی هەستێکی وابەستەیی، هاورشاریی و پێوەنانێکی بێهۆکرد نییە کە ئەمڕۆ لە نێوەندی نووسینی کوردییدا بە هەرمێنە و هەمیشەش مجگێز و تەبیاتمان تێکدەدەن، بەڵکە سەرچاوەی ئەو سۆزە لە کردەی خۆکردنی ئەو بە جوانناسیی شێوازاندنی هزر هەڵقووڵاوە. لەوەش زیاتر، ئەو ڕۆژگارە سیاسیی و ڕۆشنبیرییەی

که مەسعودتیایدا ژیانی نووسینی بە هەڕمێن بوو، مایەی سەرنجدانە. لەبۆیە نەک هەر زمان، شێواز و هزرینەکەی ئەزموونێکە لە نەوازەیی، بەڵکە، بە قرساندن لەگەڵ هەموو نووسەرێکی کورد و بگرە جیهانیش، خودی ژیانەکەشی ئەزموونێکی دەگمەنە. لێرەوە، ئەگەر خوێنەر و نووسەری ئەمڕۆ، کە زۆرینەیان، بە هۆی ئەو دۆخە مرێنراوەی رۆشنبیریی کوردییەوە، نە ناوی مەسعود محەمەدیان بیستووە و نە کتێبەکانیشیان خوێندۆتەوە. ئەمەش چونکە ئەمڕۆ دەمڕاستانی رۆشنبیریی کوردی خۆیان لە لاسایکردنەوە پاشکۆیی نووسەرە بیانییەکان خنکاندووە. هەرچەندیش سالانە دەیان کتێبی خوێرپلەی نووسەرانی خۆماڵی و بیانی چەندان جار چاپدەکرێنەوە، کەچی کتێبەکانی مەسعود محەمەد، لە کتێبفرۆشییەکانی کوردستاندا دەست ناکەون! لەوەش بترازێین کە دەمڕاستەکانی ئەو "فیستیڤال" و "دەزگەیە خەلات" بەخشانە دوای دابەشکردنی ئەو هەموو "خەلات" و "رێزلێنان"ەش بەو هەموو نووسەر و شاعیرە "مەزن و داهێنەر"انە، کەچی جارێک ئەوەیان بە زەین دانەهات واز لە مجگێز و قەریحە حیزبازیی و گرووپبازیی خۆیان بهێنن و کۆڕێک یان فستیڤالێک بۆ ئەزموونە بە نرخەکەی مەسعود محەمەد و هاونموونەکانی تەرخان بکەن. لێرەدا پەرۆشخۆریمان بۆ تەرخانکردنی فیستیڤالێک یان ئاوڕدانەوەیەک لەو نووسەرە ماندوونەناسانە، واتای دووبارە کردنەوەی ئەو تەرزە پەسندان و نمایشکارییە سارد و سڕانە نییە کە بۆتە پیشەی فیستیڤال و کۆڕەکانی کوردستان، بەڵکە رەخساندنی بوارێکە بۆ راڤەکردن؛ رەخنەگرتن؛ گفتوگۆیەکی پلۆمیکی لەسەر بەرهەمەکانی مەسعود محەمەددا. بەش بە حالی خۆم من کەیفم بە هێماکردن؛ "مەزناندن"؛ "پالەواندن"ی هیچ مرۆڤ؛ رووناکبیرێک؛ بوونەوەرێکی سیاسی؛ کۆمەلایەتی؛ ئایینی نایێ، بەڵکە پەرۆشی من بزواندنی بۆشاییە فەرامۆشکراوەکانی یادەوەریی زمانی کوردیی و بە دەنگهێنانیانە؛ راڤەکردنیانە بە ئاوەزێکی رەخنەیی. چونکە تەنێ کولتووری رەخنە، تێخوێندنەوەیە کە رابردوو بە زیندووی لە هەنووکەدا ئامادە دەکاتەوە و خاکی نوێش بۆ هزرین دەدۆزێتەوە.

لێ لەمڕۆی کوردستاندا، بلاوکراوە کوردییەکان رۆژانە سەرقالن بە تەرخانکردنی تەوەری تایبەتی رووکەش و رۆژنامەیی لەسەر بابەتی بێبەها و چەندین نووسەری بێگانە، کە زۆرێک لەو نووسەرانە نەک هیچ کتێبێکیشیان بە کوردیکراوە، بەڵکە سوودێکی ئەوتوشیان بۆ پێداویستییەکانی ئەمڕی کورد نییە. ئەو دیاردەیەش لە رۆشنبیریی ئێمەدا بێجگەلە قوولکردنەوەی نەخۆشی پاشکۆیی و لاساییکردنەوە بترازی هیچی تر نییە. ئەرێ ئەو دۆخە رۆشنبیرییە واتای یادەوەرییەکی تالانکراو نییە؟! بەهەمە حاڵ، دیسان دەبێ بڵێم، کە هەرچەندە درێژبوونەوەی ئاخاوتنەکەمان نیگەرانهێنەرە، لێ ئەمەش زادەی تەمیانی منە بۆ رەواندنەوەی ئەو تەمی فەرامۆشکردن و بێدەنگییە بە دەوری دیاردەی مەسعود محەمەدی تۆقەڵەدا .

## لەراندنەوەی زمان؛ دیاردەیەک لە جوانناسیی شێوازاندنی هزر

کاتێک گەردوونی کتێبەکانی مەسعود محەمەد دەخوێنینەوە، لەگەڵ ڕۆچوون لە ئاوازی پەیڤ و ڕستە لێکچنراوەکانییەوە دەبینە هاوسەفەری ستایل، شێوازە زمانێکی چێژ بەخشی شکۆمەند. لەوێدا ئەو زمانە لە سەفەرە بێن درێژەکەیەوە لە خەمی ئەوەدایە لە ئاراستەیەکی بێدەنگی ڕاماودا بە ئەزموونە تەنیایەکەی؛ بە گەوهەری بوونەکەی لە ئاسۆی شێوازێکی ڕەسەن و دانسقەدا ڕابگەیەنێ.

بەمجۆرە تەنیاییەکەی مەسعود محەمەد، هەر تەنێ لە خودی ڕەسەنەیی و کارامەیی لە کۆزانیار (ئێپیستیمۆلۆجی)، ڕاڤەکاریی و بیرۆکە لێکچنراوەکانیدا نییە، بەڵکە لە لەرینەوەی بەهایەکانی زمانەکەی، هزرەکانیدایە لە جوانناسیی شێوازێکی خەملیوودا. مەیلە جوانناسییە بەرجەستە کراوەکەی ئەو شێوازە لە گەردوونی زمانی مەسعود محەمەددا ئەوەیە، کە بوارێک، دیدارێک بۆ بوونی خوی برەخسێنێ کە بهزرێ، کە بە جوانناسییەک لە شێوازی خۆیەوە بێژێ: من هەم، کە بوونم هەیە. لێ لە کن مەسعود محەمەددا خۆ کردنە بە سێنتەری بوون لە شێوازێکی هزریندا، واتای ڕاگەیاندنی ئەو بوونایەتییە. ئەمەش خۆ نیشاندان یان خۆ بەراوردکردن نییە لە بەرانبەر مرۆڤێکی دیکەدا، بەڵکە هەڵبژاردنی ژیانێکە لە ناو زماندا؛ خۆ کردنە شێوازێکە لە زمانی کوردییدا، یان خوداندنێکە لە زماندا، یانیش بانگکردنی دۆستە هاوزمانەکانی خۆیەتی وەک فریادڕەسێک. خوێندنەوە سەلیقەدار و پەژارە ئامێزەکانی ئەو بۆ حاجی قادری کۆیی، نالی، مەحوی و هێمن، جەختکردنەوەیەکە لە خولیای ئەو گفتوگۆیە دۆستانە و بوونایەتییە هۆگرەی ئەوە لە هاوبوونێکدا ، هاوزمانەکانی خۆیدا. گەڕانەوەی مەسعود محەمەد بۆ دیمانەی ئەو شاعیرە ئایدیالی، نموونەییانە یان هاوویستانەی خۆی، واتای ڕاگەیاندنی پەرۆشی ئەوە بۆ نیشمەنی لە بوونی ئەوانیتردا. بە دەربڕینێکی دیکە، سەفەری مەسعود محەمەد بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ ئەو شاعیرانە، خەمێکە بۆ بەخشینی شێوازەکەی بە یادەوەریی فەرامۆشکراوی زمانەکەی؛ لەراندنەوەیەکی دیکەی نادیارییەکانی ئەو شاعیرانەیە، تاکوو لەوێدا، بە دیوێکەوە، بوونەکەی لە بوونایەتییەکی پێکڤەییدا لە یادەوەریی زماندا جێنیشن بکا، بە دیوێکی دیکەش، تاکوو ئامادەیی بوونی کورد؛ زمانی ئەو شاعیرانە و ڕەوشی ژیانی کورد بە ڕۆشنایی جوانناسیی شێوازاندنەکەیەوە لە یادەوەریی زماندا بپەیڤێنێ و نیشمەن بکا.

مەسعود محەمەد لەمدیوی شیعرەکانی حاجی قادرەوە "حەقیقەت"ێک تامدەکا و دواجاریش بە دواندنی ئەو "حەقیقەت"ەوە، شێوازی حاجی قادرێکی دیکە لە شێوازاندنی زمانەکەیدا جێنیشدەکا: "یەکێکی وەک من بێ تەرەفی بێ لایەنگیری کە مەبەستی گوتنی حەقیقەت بێ هەرچییەک بێ با ببێ و پیی وەتەنگ نەیێ... حاجی لە شیعرەکانیدا دەروونی خۆی کردۆتەوە و هەست و بیری دەربڕیوە. تا فیکری تیی بڕ کردبێ بە دڵێکی پاک و قەناعەتێکی تەواوەوە ویستوەتی خزمەتی کوردەواری بکا... ئەگەر فێڵ لە خۆمان نەکەین تا ئێستا زۆربەی بیرەکانی حاجی هەر لە کاردان ڕێپیشاندەری خەباتن بۆ کورد. چونکە هەمان گیروگرفتی ئەوسا هەبوون لەبەر هەنگاوی کوردا ئەمڕۆش هەن و بە قەدەر ڕۆژگاری حاجی ئێستاش هەڕەشە لە حازر و دوارۆژی کورد دەکەن. لە باری ژیان و ئابووری و گۆڕانی مادیشەوە کەمێکی کەم نەبێ لە

سەرانسەری کوردستاندا ئەو گۆڕانە رووی نەداوە ببێتە بنکە بۆ گۆڕانێکی قووڵ لە بیر و ئامانج. (6) بەمجۆرە پەرۆشی بەردەوامی مەسعود محەمەد بۆ پێشهاتە ئەزموونبەخش و شاعیرە ئەفرێنەرەکانی یادەوەریی زمانەکەی، بەرجەستە کردنەوەی مەیلی ئەو میوانداریی؛ دڵسۆزیی؛ پەژارەییە لە بەرانبەر بەهای ئامادەیی "ئەویدیکە"دا.

هەر لێرەوە پێویستە بێژین، کە لەم رۆژگارە داهێزراوە؛ لەو رۆژگارەی "رێزلێنان"؛ "تەقاویتکردن"ە ماددە ئاکارانە نەک داهێنەریانەدا؛ لەو رۆژگارەی کە پێرە نووسەر و خوێنەرێکی دۆنکیشۆت ئاسا بە زارقەڵەبالّغیی کردن لە چەمکە باوەکانی ئەمڕۆدا، کە ئاکامی ئەمەش لە فیز و منەتێکی بکوژانەی بەهای نووسین؛ بە هەدەر بردنی گەوهەری زمانی کوردیی بترازێ هیچی تر نین، - ئەگەر بۆ دڵدانەوەیەکی خودی زمانی کوردییش بێ-- پێویستە ئەوە بە یادی ئاخێوەری زمانی کوردیی، کە خوێندنەوەی کۆزانیارەکەی مەسعود محەمەد لەسەر ئەزموونی شیعریی نالی، حاجی قادری کۆیی، مەحوی و هێمن، بە تایبەتیش گفتوگۆیەکانی ئەو لەگەڵ ئەو دوو شاعیرە شکۆمەندەی پێشەوە، کە وێڕای رەهەندی "حەقیقەت"هەکەی، ئەفراندنی جوانناسیی شێوازاندنی زمانیشە، نەک هەر لە ئێستای نووسینی کوردییدا دەگمەنە، بەڵکە، وێڕای دەراوێتەکردنی لێکۆڵینەوە و شرۆڤەکردنەکانی ئەزموونی رۆشنبیریی و بابەتە زمانەوانییەکانی نووسەرگەلی هێژای وەک شێخ محەمەدی خاڵ، عەلاءالدن سجادی ماڵباتی مەلا عەبدالکریمی مدرس، شوکور مستەفاو هاووێنەی ئەمانە، لە ئەزموونی نووسەرە ئاوزەکان؛ هاورۆژگاری خۆشییدا کەم وێنەن. مەسعود محەمەد بەو جوانناسییەی لە شێوازاندنی زمانەکەیەوە، بێوچان هەتا مەرگی جووڵەی دەستی بە دەم نووسینەوە، وەک پێویستییەک؛ پەژارەییەی بۆ میوانداریی؛ پەنا بردنەی ئەو بۆ گفتوگۆکردنەی لەگەل ئەوانیدیکەدا؛ بوونیشنکردنەی ئەوانیدیکە لە بوونی ئێستای کوردییدا، لە زماندا ژیا. هەڵبەتە ئێستاش جووڵەی رۆشنایی روحی ئەو دەستە جوانناسییە شێواز وەشێنەی ئەو لە گەردوونی زمانەکەیدا دەژی. لەبۆیە هەرچەندە ئاخێوەرە بێزۆکەکانی زمانی کوردیی ئەو جوانناسیی شێوازاندنەی هزرینی مەسعود محەمەد فەرامۆش بکەن، کەچی ئەو زمانە لە پشوودانەکانیدا؛ لە بێدەنگییەکەیدا، ئاورێکی پەژارە ئامێز بۆ شوێنپێیەکانی شێوازەکەی ئەو لە جەستەی زماندا دەداتەوە.

لێرەدا بۆ ئەوەی بنەمای ئەو فەرامۆشکردنەی پایەی ئەزموونی رۆشنبیریی مەسعود محەمەد، ئەو بیرکردنەوە نارەسەنانەی کە گەردوونی زمانی کوردییان تەنیونەتەوە فامبکەین،با پێکڤە ئەو کۆپلە رۆشنکردەی مەسعود محەمەد بخوێنینەوە کە بۆ پێشەکی کتێبە بەهادار و لە یادکراوەکەی "زارەوسازی پێوانە"دا نووسیویەتی: "بابای زمانزان و پسپۆڕی رێزمان و دەنگناسی و فەرهەنگنوویسی بە هۆی خنکانی لە گۆمی خوێندنەوەکانی دا بە درەنگەوە هەناسە لە مەزرای بەربەڵلای زمانە دایکزاکەی خۆی هەڵ دەکێشێ چونکە دەستوورەکانی ناو کتێبان رێی پێ دەگرن و خۆیان بەسەر هۆشی ئاگا و ونیدا دەسەپێنن کە ئیتر لەوانەیە زاراوەی دەستووری و یاسایی وەها دابڕێژێ چ خزمایەتی بە زمانی خۆیەوە نەبێت و خەلق بە بیستنی

گوێ قوت بێت." بەڵێ، دۆخی هەنووکەی زمان و نووسینی کوردی لەوەش خەمهێنەرترە کە مەسعود محەمەد لەو کۆپلەیەدا ئاماژەی پێدەکا.

لە کن مەسعود محەمەددا چۆنییەتی گۆکردنی زمان؛ نمایشکردنی بوونی کورد، وەک ئەوەی کە هەیە، هەروا بوار رەخساندن بۆ هەموو تشتێک کە ئامادەییان رابگەیەنن، پەیوەندی بە شێوازاندنی هزرەوە هەیە. ئەم تاتیبەتمەندییەش لە کن ئەودا، پەیوەندی بە بوونی سەرچاوەی هزرێکی سەربەخۆ؛ تێگەیشتن لە گەوهەری زماندا هەیە، کە ئەو لە خەمی ئەوەدا بوو، نە تەنیا بە رۆشنایی شێوازەکەیەوە زمان بنووسێتەوە، بەڵکە خودی خۆشی بکاتە منێکی هەمیشە هزرکەرەوەی ئامادە لە زماندا. خودی ئەمەش بەرهەمهێنانی جوانناسیی شێوازەکەیەتی. لەبۆیە ئەو ناچارمان دەکا سەرنجی بدەین؛ لە بێدەنگییەکدا بمانورووژێنی یان بە پەژارەوە یادی بکەینەوە. بەمجۆرە مەسعود محەمەد بە ئاکامگیرییەک لە ئەزموونە بێن قووڵەکەیدا، تاکوو شێوازاندنی هزرینەکەی بەرجەستە بکاتەوە، هەروەک وێنای رەزوانێکی بناری لووتکە و دۆڵا و دۆڵی چیاییەکی کورد، بێدەنگ بە سەفەری گفتوگۆی نووسینەکانییەوە؛ بە چاندن و هەڵکۆڵینی زمانەکەیەوە، دەنگە بەهرەوەشێنەکان؛ شاعیر و پێشهاتە ئەزموونبەخشەکانی لە یادەوەریی زمانەکەیدا موتوربە کرد و خەملاند. ئەو مرۆڤە بەو شەونخوونیانەوە جوانناسیی شێوازەکەی خۆی بەرجەستە کردەوە. لێرەوە، بە دەستپێوەگرتنێک لە رێزگرتنماندا، دەبێ بێژین، کە لە پانتایی نووسینی رابردوو و هەنووکەیە کوردییدا، بێجگە لە ئەزموونی شوکور موستەفا و عەزیز گەردی لە وەرگێڕاندا، ئاخێوەرانێکی هاووێنەمان لەو جوانناسییە لە شێوازندنی ئاخاوتندا نین. مەبەستمان لە خۆ کردنە تەلارسازێک لە شێوازاندنی زماندا؛ هەر تەنیا هزرینێکی نەوازە، زۆرزانیی و دەستبردن بۆ هەموو هەموو ژانرێکی نووسین نییە، بەڵکە مەبەستمان خۆکردنە بە پەیکەرێک لە زمان، یان بە واتای هایدگەریی، جێنشینکردنی بوونی کوردییە لە زمانەکەیدا .
لێرەوە رەنگە بە هەند وەرنەگرتنی ئەو زمانە بوونشینە، پەیوەندی بەوەوە بێت کە ئەو "رۆمان"نووس نەبوو؟! چونکە ئەمڕۆ رۆماننووسین کراوە بە پێوەرێک بۆ ژیارییبوونی کورد؛ داهێنانی زمانی شار.

وێڕای ئەمەش، مەسعود محەمەد بە بەرهەمهێنانی ئەو شوازاندنەی هزرین؛ داهێنانە لە کردەی گفتوگۆیە دانسقەکانی لەگەڵ یادەوەریی زمانی کوردیی و بگرە نووسینەوەی ئەزموونی ژیانەکەی؛ بیرەوەرییە مینا ئەرشیفیە سیاسیی و رۆشنبیرییەکەی لە شێوازێکی بێوێنەدا، ئاشکرا کردنی نهێنی ئەرک یان کردەی هونەریی هەموو بیرکردنەوەیەکە. هەرچەندە، وەک دەڵێن، مەسعود محەمەد لە نووسینەکانییدا بایەخی بە رێسایە ئاکادیمییە باوەکان نەداوە، کە بە دیوێک ئەو کارەشی چەشنە بوێرییەک بوو لە بەرهەڵدانی مەیل و گەردوونە پەنادراوەکانی هزر خودی مرۆڤیش، لێ بە دیوێکی تریشەوە ئەوە جەختکردنەوەیەک بوو لە چۆنییەتییە جیاوازەکانی

وێناندنی گەوهەری ژیان و نهێنییە بێکۆتاییەکانی خودی هونەریی هزر و هزراندنی هزر. بە دەربڕینی تر، دەکرێ بێژین، مەسعود موحەمەد یەکێکە لە نووسەرە دەگمەنانەی کورد، کە توانی بە جوانناسیی شێوازاندنی زمانەکەیەوە، دوای تێگەیشتن و وەرچەرخاندنی ڕیسایە بێزارکەرەکانی ئەکادیمی، نووسینی زانستیی بشعرێنێ؛ بکا بە چێژێکی هونەریی. ئەمەش بە واتای نیتشەیی، وەرگرتن و هاوێژانی ئەو ڕمە فەلسەفەییە؛ ئەو ئەزموونە فەلسەفییانەیە بەرەو پێشتر کە پێشتر فەیلەسووف و هزرڤانەکان وەشاندوویانە. لەو ڕوانگەیەوە دەکرێ بە دەستپێوەگرتنێک لە چەمکەکان بێژین، کە دەقە هزریی و ڕەخنەییەکانی مەسعود محەمەد، تەرزە ڕاڤەکردنێکن یان شەبەنگێک لە شێوازی خوێندنەوەکانی فینۆمینۆلۆجی (دیاردەگەرایی)؛ ئێشکردن لە بوونی دیاردەی شتەکان و بە ئاگاییکردنیان لە زماندا، ئاوەڵاکردنەوەی هێما و مانایەکانی وشە، کارایی ئاگایی ڕۆشنبیریی لە بەرهەمهێنانی مانا، هێرمێنتیک (تێخوێندنەوە، شرۆڤەکاریی)؛ بەرهەمهێنانەوەی ئاگایی مرۆڤ لە مانا و هێمایەکان و بە مێژووبوونی مرۆڤ لە پرۆسەی ئاگاییدا، ڕەخنەی بوونگەرایی؛ سەیرکردنی مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی ئازاد و هاوکاتیش گەڕان بەدوای خۆ کردنە خودێکی جیاواز لەگەڵ ئەوانیتردا، بگرە فیلۆلۆگی؛ زانستی زمانناسی؛ شەیدا بوون بە دوای مێژووی وشە و ئەدەب. هەر بۆیە بەرهەمەکانی مەسعود محەمەد گەردوونێکن لە ڕەهەندی مرۆڤگەرایی و خوێندنەوەی ، شرۆڤەکردن، گفتوگۆکردن لەگەل بەهای پێشهاتەکان بە مرۆڤەوە، هێمای پەیڤ، دیاردەی زاراوە و بن زارەوکانی کوردی.

لە دەقەکانی مەسعود محەمەددا چەشنە کەسایەتییەکی شەبەنگی هەیە، کە لێرەدا دەکرێ بە مرۆڤگەرا (هومانیست)یکی کولتووری خودگەرایانەی کۆنپارێز ناودێری بکەین.

لێرەدا مەبەست لە "کۆنپارێز-کۆنسێرڤاتیزم" بە مانا باوەکەی، پاشکەوتوویی نییە، بەڵکە بەو واتایەی کە مرۆ پێی وایە دەبێ گۆڕانەکانی کۆمەڵ بەرە بەرە ڕوو بدەن و لەو پرۆسەیەشدا دەبێ ڕەچاوی تایبەتمەندی ڕەگ یان پشتینەی کۆمەڵگە بکرێت. لە دیدی مرۆڤێکی کۆنپارێزەوە خێزان شانەیەکی گرینگی کۆمەڵگەیە. ئەو کۆمەڵگەیەش دەبێ کۆمەڵگەیەکی دادپەروەر بێ. هاوکاتیش کۆنپارێزەکان بایەخێکی تایبەتی بە مافی کولتووریی و سیاسەتی کولتووریی دەدەن. لە دیدی ئەو کۆنەوارخوازییەوە، پرۆسەی گۆڕانکارییە جڤاکییەکان، بە پێچەوانەی کۆمۆنیستەکانەوە، دەبێ هەنگا و بە هەنگاو یان لەسەرخۆ بێ. کەواتە دەکرێ مرۆ لەمدیو دەقەکانی مەسعود محەمەددا ڕەهەندێک لەو جیهانبییە بخوێنێتەوە. ئێمە لێرەدا بە خوێندنەوەی تیرێژێک لە دیدەکانی مەسعود محەمەد لەمەڕ پێویستبوونی ڕێنێسانسێکی کوردانە، دەتوانین، وێڕای ڕەهەندە ئاوەزگەراییەکەی، وێنایەک لەو ڕەهەندە کۆنپارێزییە مرۆڤگەرایەی ئەو نمایشبکەین: "پێویستبوونی ڕێنێسانسێکی کوردانە بۆ پێکهێنان و هێز و بینا و کیان و کەینونەیێکی کوردی… ئامانجی وەها ئەریستۆکرات و بەرز کە زۆر دوورەدەستە بۆ ئێستاکەی کورد،… وەک لە بەهاردا بە تەمای میوەی هاوینە بێت،… هەروەهاش ڕێنێسانسی کورد کە هەبوونێکی potensial بە خۆیەوە دەبینێ یان بە جاری نایبینێ… با بڵێین وەک

جەنینی یەک مانگەی لە پزدانی دایکیدا نموو دەکات، ئەگەر خێراییت لێ کرد بە سێ مانگی و چوار مانگی مردەزاد دەبێت، لەوانەیە دایکەکەشی پێوە بمرێت.... هەروەزی کوردانە بۆ رێنیسانسی کوردانە، هەڵناگرێ وەک لە سەرەتای پایزدا قوتابی دەچنەوە بۆ فێرگەکانیان، ئەویش قۆڵ و باسکی لێ هەڵماڵیت و بەبەریەوە دانیشێت... پێمان ناکرێ پایسکلێک دروست بکەین، تاکە یەک شەقامان بە فەننی کورد قیرتاو نەکردووە... ئەوەی پێی دەگوترێ "ژێربینا-ژێرخان" بە مەفهوومی سەردەم جارێ لە ناوماندا نەزاوە... هەرچی ئەسبابی پێوە ژیان و گوزەرانە بە حازری لە دوورەوڵاتەوە بۆمان دێت، ناشزانین چۆناوچۆنی مامڵەی لەگەڵدا بکەین و چەندی لەو ئەسبابانە هی حکوومەت بێت بە ماڵی تاڵانی دەزانین: یا دەیدزین یا تێکی دەدەین..." (7) مەسعود محەمەد، وەک ئەو نووسەرە هەرزەگۆیانەی یان بە واتای مەسعود محەمەد "سافیلکە و سۆزاوی"یانەی ئەمرۆ کە دوای خوێندنەوەی چەند گوتارۆکەی رۆژنامەوانی لەسەر هزرڤانەکانی رۆژئاوا خۆیان لێ دەبێتە پسپۆڕ و باس لە گرفتەکانی کۆمەڵگەی کورد و گۆڕانەکانی دەکەن، لە رێنێسانس ناپەیڤێ، چونکە رێنێسانس مەرجی خۆی هەیە. ئاخۆ ئەو هزرینە وردبینە، ئەو پێناسە ژێربێژییە لە دیمەنی کورد، کتومت گرفتە سەرەکانی ئێستای کۆمەڵگەی کورد نییە، هەرچەندیش زۆرێک لە ئێمە پێمان وایە کوردستان خەریکە دەبێتە کۆمەڵگەیەکی مەدەنی؟

پێشتر وتمان کە مرۆڤ لە دەقەکانی ئەودا هۆکردی هەموو گۆڕانێکە نەک سرووشت و دەوروبەرەکەی. هاوکاتیش لەمدیو پەرۆشەکانی زمانی مەسعود محەمەددا سۆزێکی شاعیرانە بۆ دەستپێوەگرتنی ئاکارە جوامێرەکانی کوردەواری ئامادەیە. لەبۆیە مەسعود محەمەد لە دەقەکانیدا هەمیشە جەخت لەسەر بەهاگەلێکی وەک شکۆمەندیی؛ راستگۆیی؛ ئاکاری چاکە و خەسڵەتگەلێکی لەم تەرزە دەکاتەوە، کە لە ناخی مرۆڤی کورددییدا ریشاژۆیە. لە کولتووری کوردیشدا مرۆڤی خودان ئەو خەسڵەتانە وێنای جوامێریی و کارامەیی دەنوێنێ. گەڕانەوە هەمیشەییەکەی ئەو بۆ شیعرە پەندئامێز و هەڵوێستە جوامێرەکانی باوکی و هاورێکانی، زادەی ئەو پرینسیپە ئێتیکی و شکۆمەندییە بوو کە لە ژیانی ئەودا بنەما بوون. مەسعود محەمەد لە دووتوێی وتارێکیدا ئەو بەها کۆنپارێزیانە دەکاتە سەرشاری کردەی نووسین، لەوێدا دەفەرمووێ: :من بەش بە حاڵی خۆم کە بەسەر نووسینی یەکێکی دیکەدا دەچمەوە هەستی نارەحەتی دام دەگرێ، ئنجا کوردی گوتەنی دەبێ هەستی خاوەن تەعام چۆن بێ! لە نێوان هاندان و بەرتەک دانەوەی ئەم دوو ماکەی فەرمان و ئێسک قوورسییەدا چەند شەفاعەتێک کارێک رووی خامە سپی دەکەنەوە: دەست خاوێنی، نیازی پاک، ئەدەبی شێواز.. نووسینێک ئەو مەرجانەی پێوە نەبێ خوێندنەوەی لێ خەسارە،..." (8)

گەردوونی وێناندنی ئەو خودە شکۆمەندە لە زمانی مەسعود محەمەددا لەو کەسایەتییە ناوەکییەی ئەودا بەرجەستە دەبێتەوە کە بەمەش دەخوازێ رووخساری مرۆڤانەی خۆی نمایشبکا. وەلێ ئاستەنگی ئەو خۆوێناندنە ئەوەیە کە پەرژینێک لەبەردەم راگەیاندنێکی

راستەوخۆی بوونایەتییەکەی ئەودا قووتدەکاتەوە کە نەتوانێ پەیوەندی لەگەڵ دەوروبەرەکەی خۆی بەرجەستە بکاتەوە. بۆ ئەوەی ئەو هزرینە خودگەرایەش بتوانی هزرینەکەی نیشانبدا دەبێ شێوازێک دابهێنێ، کە ئەمەش چەشنە هاودژیی (پەرادۆکس)یەک لە بوونایەتی ئەودا دەسازێنێ. وەلێ بوونایەتی وەک خۆی بریتییە لە لێکناکۆکی. چونکە مرۆڤ ناتوانێ بوونایەتی لە تاکە دەربڕینێکدا دەرببڕدرێ.

لەبۆیە جوانناسیی شێوازاندنی هزرینە مرۆڤگەرایەکەی مەسعود محەمەد لەسەر نیشاندانی کێشمەکێشەکانی نێوان ئەوهاودژییانەدا، نەک بنەبڕکردنی ئەو لێکناکۆکییانە، چڕ دەبێتەوە، کە لە بوونایەتی ئەودا ئەزموو کراون (تاقیکراونەتەوە). چونکە بە دیوێکەوە کەسایەتییە ناوەکییەی ئەو بە دەم هزرینەوە یەکسەر بیر لەوە دەکاتەوە کە دەربڕینی ئەو هەقیقەتەی کە ئەو ئاماژەی پێدەکا، شتێکی ئاسان نییە، بە دیوێکی دیکەشەوە بە بڕوایەک دەگا کە ناکرێ خودیهەقیقەت گوبکرێ، بەڵکە دەبێ لە شێوازاندێکدا وێنابکرێ، بەمەش  شەپۆلی هزرەکان؛ بیرۆکەکانی دیکە نەتوانن هەقیقەتی زمانەکەی بێبایەخ بکەن. ئەو پەیبردنەی ئەو بۆ شەپۆڵدانی هزرەکان بۆتە هۆی ئەوەی کە دەقەکانی وەک وێنایەکی سەخت یان پەتی (ئەبستراکت) بنوێنن. بەمجۆرە رەنگە بەشێک لە گرفتی فەرامۆشکردنەی مەسعود محەمەد بۆ ئەو وێنایە رووتەی بەشێکی زۆر لە دەقەکانی بگەڕێتەوە، کە بۆ ئەو خوێنەر و نووسەرانەی ئەمڕۆی کورد، کە بە گشتی نەک هەر هەمووی، خوێنەری رۆژنامە و ناونیشانە نەک خوێنەری هزر، فەلسەفە و دەقی کوزانیار (ئێپیستمی)، ئاسان نەبێت.  سەرچاوەی ئەو تەرزە خوێنەرەش، زەنەی خودی ئەو پێکهاتە سۆزاویی و دەروێشایەتییەی نووسەر و خوێنەر و رەوشە کۆمەڵایەتییەی کوردە، کە ئەمەش لێکۆڵینەوەی فرەی گەرەکە.

هەر چۆنێک بێ، تاکوو وێنای ئەو شێوازەی کە لێی دەپەیڤین راشکاوتر بێ، دەبا پێکڤە ئەم تیریژە لە روانینەی ئەو بخوێنینەوە: " ئەو قەڵەمەی کە خستمە پەنجەکانمەوە و گەرمای دەروونمی خستە سەر کاغەز لە رێی ئەو ***شێوازە*** (لارکردنە هی منە) و ئەو لوغەتەوە پلەیەکی پێپلکەی رێزی بۆ رەوا دیترا کە هیچ پلەی تر لە ژووریەوە نییە... هەروەک لە پیکاسۆ بە عەیب ناگیرێ تابلۆکانی بەلای زۆربەی هەرە زۆری ئادەمیزاد نامەفهوومە، عەیبیش لە نووسینی من ناگیرێ یاخود نابێ بگیرێ کە سەخت و خەستوخۆڵە... لە رۆژنامەی (العراق) بۆیان گێڕامەوە گوتیان کە گوتاری (تحاور الخواطر فی غمرات موت السجادی)م دەرچوو شەوی رۆژی دووەمی دەرچوونی کاربەدەستێکی سەفارەتی رووسی هاتبوو دانەیەک لەو ژمارەیە بکڕێت بەڵام هیچ دانەی لێ نەمابۆوە تەنها دانەی ئەرشیف نەبێ ... کابرا لەبەر ئەو دانەیە سەرلەبەری گوتارەکەی دەستنووس کردبوو... تۆ بڵێی ئەگەر بە ***شێوازێکی*** (لارکردنە هی منە) عادەتیی مەیلەو بازاڕی نووسرابایە چ ئیمکان هەبوو سەفارەتێک ئەو زەحمەتە بکێشێت!" (9)

مەسعود محەمەد بەو پەرۆشخۆرییە بۆ ***شێوازی*** زمانەکەی، هەم بەهای رەهەندی ***شێواز*** لە نووسین و ژیانی رۆشنبیریی وێنا دەکا و هەمیش هەستی پێشبینیکردنەکەی خۆی لە فەرامۆشکردنی نووسینەکانی لە لایەن خوێنەری ئەمڕۆدا، دەلاوێنێتەوە.

بە واتایەکی روونتر، کایەی شێوازاندی هزر لە کن مەسعود محەمەددا لەوەدا بەرجەستە دەبێتەوە کە ئەو هزرە خۆکردەی لە چڕترین دەربڕیندا رادەگەیەنێ: "چاکترە مرۆ بە بێ تەفسیر بژیت نەک بە تەفسیرەوە بمرێت." (10)

کەچی وێڕای ئەو گرفتەش هەر خودی ئەفراندنی ئەو جوانناسیی شێوازاندنەی ئاخاوتن لە بە ناوەندکردن یان بە سەرشاکردنی مرۆڤ لە کن مەسعود محەمەددا کە توانیوویەتی سەرنجی خوێنەر بۆ ئەو بوونایەتییە پەنهانەی کە لەمدیو زمان و کەسایەتییەکەیدا ئامادەیە رابکێشێ و بەمەش سەرەداوێک لە کلافەی بوونایەتی خۆی بداتە دەستی خوێنەر تاکوو بەناو گەردوونی دەقەکانی؛ هزرینە خودکردەکەی پەلکێشی بکا. خودی ئەمەش پرسیاری گەوهەری ئەفراندن و نهێنی بوونە. سەبارەت بەوە هۆمیرۆس لە سەرەتای "ئەلیادە"یەکدا باسی ئەوە دەکا کە خوایەکان نەهامەتی بەسەر مرۆڤەکانەوە دەبارێنن بۆ ئەوەی ئەوان باسیان بکەن.

لەبۆیە خوێنەری دەقەکانی مەسعود محەمەد دەزانن کە ئەو هەمیشە رەخنەی لە خەمساردی سیاسەتوان و کەهێڵی خوێنەری کورد دەگرت، کە بیر لە رەهەندەکانی ئەمدیو پێشهات و دەقەکان ناکەنەوە، چونکە، بە رای ئەو، کرۆکی واتایەکان لە ئاکامی هۆکرد و ئەمدیوی شتەکاندا حەشاردراون. مەسعود محەمەد بە رۆچوونەکانی بەناو خاکی شیعرە کۆزانیار ئامێزەکانی نالی، باخچەی شیعرە رامانشینەکانی مەحوی و شیعرە بزەندە و راساوەکانی حاجی قادری کۆییەوە توانی هەم بۆشایی؛ پەنهانییەکانی قەدەری کورد لەمدیو شیعرەکانی ئەوان رۆشنبکاتەوە؛ لە ئێستادا وەک فریادڕەسانێک نیشانیان بداتەوە و هەمیش جوانناسیی شێوازێک لە هزرین بۆ خۆی دەستەبەر بکا. ئەو خۆ تەرخانکردنە؛ هزرینەی مەسعود محەمەد لەو پرسیارە شەبەنگییانەی کە لەمدیو دەق یان "تشتەکانەوە" پەنهانن، لە پەرۆشخۆری هایدێگەر لە گرفتی فەلسەفەی نوێباوی رۆژئاوا دەچێ، کە بە رای هایدێگەر هزر لە سەردەمی تەکنیکدا لەمدیوی بوونایەتی ناهزرێ و بەمەش بوونایەتی فەرامشکردووە.

بەمجۆرە مەسعود محەمەد بەو رۆچوونەوە بەناو شیعرەکانی ئەوانەوە، خۆشی دەکا بە شاعیرێک لە شەبەنگی ئەواندا. ئەو بە گەڕانەوە پان و سەرمەستەکەی بۆ ناو گەردوونی حاجی قادری کۆییەوە، بە باڵێک لە رۆشنایی شیعر و بە باڵێکی دیکەی جوانناسیی شێوازاندنی هزرەوە بەرەو ئێستا و داهاتوو دەزڕێتەوە و دوجاریش خۆی دەکا بە وێنای هزرڤانێکی خۆکرد. ئەو گەڕانەوەی مەسعود محەمەد، وێڕای جیاوازەکان، گەڕانەوەکەی مارتن هایدێگەرمان بۆ هۆلدەرلین، تراکل بە یاد دێنێتەوە. مەسعود محەمەد، وەک هایدێگەر، پێی وابوو نالی و حاجی قادر لە کاتێکی زوودا ئەو تشتانەیان وت کە ئێمە هەتا ئێستاش بە دەستیانەوە گرفتارین یان ئەو قسانەی ئێمە تەنیا پەراوێزگەلێکن لەو روانینەکانی ئەوان. هەر چۆنێک بێت مەسعود محەمەد بەم دەربڕین، رۆچوونە بێسنوورانەوە بەناو گەردوونی حاجی قادری کۆیێ چڕ دەکاتەوە و دەڵێ ئەگەر: "بەراوردییەک بکەیت لە نێوان فەلسەفەی سەر بە کوردایەتییەوە لای خانی و شەرەفخانی بەتلیسی و حاجی قادری دوا پلەی ژیانی لە ئەستەمبووڵ دەبینیت خانی لە زانایی و هەستیاریی خۆیەوە پەرۆش دەخوات لە نەبوونی حکوومەتێکی کورد و نارەوایی

حاڵەتی ئەوتۆیی: لەوەشدا نەکەوتە سەر باری پلام دانان  بۆ پێکهێنانی دەوڵەت بەڵام هەمیسان بە قۆناغ پێش ڕۆژگاری خۆی کەوتبۆوە. بەتلیسی لە ڕوانگەی مەسڵەحەت و دژ وەستانی بەرانبەر شیعەگەری هەوڵێکی دا... حاجی قادر لە دیوی کوردستانی ئێران هەستی سوننیگەری و دژەشیعەیی کە لە تەعەسوبی قاجارەکانەوە سواری هەستی دەبوو، قەڵەمەکەی دەبزوات، هەستەکەشی لەگەڵیدا ژیا تا ئەوەی تۆمەتی بێژووەتی دەهێنێتە ناو هەڵبەستی لە ڕێی (متعەوە) کە بەلای سوونەوە حەرامە (سەیری دیوانی بکە)... {حاجی} ئەو دوو بەیتە دەنووسێ، کاتێک لە کوردستانی ئێران دەیخوێند:

"یا ڕەب بەقەدەر حەرفی سیوطی یەک یەک
ڕەحمەت لە "مصنف" و لە قاریئی گەلەک
ئەمما عەجەم و ئەو کەسە چاپی دانا
بیباتە جەهەننەم بە عەذاب و بە کوتەک"

دواتر لە ئەستەنبووڵ کەوتە سەر فکری کوردایەتی بەو شکڵەی وەها ئاشفتە کە دەیزانێت." (11)

ئەو بەو ڕۆچوونانەی بەناو خاکی شیعرییەتی هزینی نالی و ڕوحی ڕاساوی حاجی قادری کۆییەوە، لەرینەوەیەکی هزریی لە زمان، یادەوەریی؛ مێژووی دەمکوتکراوی کورد دەقەومێنێ. وەلێ بەر لەوەی مەسعود محەمەد  بەو هزرینە خۆیەکییە؛ خۆدکردەی خۆیەوە ئەو لەرینەوەیە دەربڕێ، لەوێ  خودی ئەو لەرینەوەیە لە خاکی شیعرەکانی ئەو شاعیرانەدا زایەڵەدار بوو.
بەڵێ، ئەمەیە مەرج و ئەرکی کردەی هزرڤانی خۆکردی فەرامۆشکراوی کورد؛ جوانناسیی شێوازاندنی هزر. لێ پرسیار ئەوەیە: چۆن نالی و حاجی قادری کۆیی لەو ڕۆژگارەدا خاوەنی ئەو لەرینەوە، ویستگەراییە؛ ڕامانە؛ جوانناسییەی هزرین بوون؟  مەسعود محەمەد دوای گەڕان و سووڕانێکی ئەڤیندارانە بە دوای ژیان و سەرهات و نهێنی شیعرەکانی حاجی قادرەوە، ئەوها حاجی قادرمان بۆ وێنا دەکا: "تا من دەنگ هەڵێنم لە خوێندنەوەی دەفتەری ژیانی حاجی لە غەریبی و نێو بێگاناندا دەنگم خۆ نانوێنێ لە تەک نەعرەتەی قارەمانانەی دلێرانەی پاڵەوانانەی حاجی... ژیانی حاجی لە پلەیێکی ئەوتۆی شەرافەتە قەرزدار دەکاتەوە لە مەیدانی بێ عەیبی و فیداکاری و نیشتمانپەروەییدا، گلەیی ئەوەشیان دێنێتە سەر کەوا دەیان ساڵ تێپەڕێ بە دوا خەباتی ئەودا بێ ئەوەی یەکێکی دیکەی وەک خۆی لەناو کوردا پەیدا بێ و خۆ بکا بە مەشخەڵی دوەم بە دوا چراکەی حاجیدا. (12)

مەسعود محەمەد بە جۆرێک پەیڤەکانی دەوەشێنێ تاکوو بوار بۆ واتا ئاوەڵا بوون؛ لەرینەوە؛ ئامادەکردنی شێوازاندنی هزرین بڕەخسێنێ. پێشتر ئاماژەمان بەوە کرد، کە مەسعود محەمەد بە مەوداگرتن لە ڕوانگە و چەمکگەلی مارکسیزم، هەم  بوارێکی بۆ خۆی ڕەخساند کە خۆی

بیر بکاتەوە و هەمیش توانی بوارێک بۆ ڕەهەندە شاراوەکانی چەمکگەلێکی وەک: "تەنگ و چەڵەمە"، "پەیوەندییە دیالێکتەکان"، "ماددە"... تاد بسازێنێ کە لەو پێناسەکردنە وشکەڕۆیانەی مارکسیستە نەریتەگەراکان ئازاد بن.

بەمجۆرە جوانناسیی شێوازاندنەکەی هزر لە کن مەسعود محەمەددا، چەشنە بوونایەتییەکە بۆ خۆکردن بە هزرڤانێکی خودکردی کولتووریی نموونەیی. لێرەوە دەکرێ بێژین کە بەهای ئەو شێوازاندنەی هزر لە کن مەسعود محەمەددا پەیوەندی بە دووبارکردنەوەی گوتراوەکانی پێشوو؛ لەراندنەوەی یادەوەریی؛ زمان؛ مێژووەوە هەیە. بە واتایەکی دیکە، پەرۆشخۆری مەسعود محەمەد بە بە گەڕانەوە بۆ ئەو شاعیرە ڕاساوانە بۆ ئەوە بوو تاکوو هەم بەهای ئەوان لە ئێستادا دووبارە بکاتەوە و هەمیش بوونی کورد لەو خەونە بەدینەهاتووە؛ مێردەزمەی بندەستییەدا ڕاچڵەکێنێ. ئەو شێوازاندنەی هزر لە فەلسەفەدا، بە تایبەتیش لە فەلسەفەی ئەلمانییدا گرینگی زۆری هەیە. بۆ نموونە لای نیتشەدا کردەی گەڕانەوە بۆ گرێکی کۆن، جەختکردنەوەیەکە بۆ بەهای ئەو"دووبارە بوونەوە هەتاهەتایی"ە. نیتشە لە کتێبی "لە دایکبوونی تراژیدیا"دا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پلاتۆ (ئەفلاتوون) فیلەسووفێکی شێواز تێکدەر بوو، چونکە چەندان شێوازی سامناکی تێکەڵاوی یەکتر کرد. لە کن نیتشەدا شێواز دەربڕینی مەرجەکانی بوونی نووسەرە. هەر بۆیە بە لای نیتشەوە شێوازە ئۆقرەنەگرتووەکەی پلاتۆ و گۆڕینی تراژیدیا لە لایەن ئورپیدیسەوە، سەرەتای ئاوابوونی گرێکی کۆن و سەرشاری دەستپێکردنی مێژووی ڕۆژئاوایە وەک نیهیلیزمێک. بە ڕای نیتشە ڕەتکردنەوەی شێواز لای پلاتۆ دەگەڕێتەوە بۆ کاردانەوەی ئاوەزگەراییەکەی خۆی تاکوو بە دژی بوونەکەی خۆی؛ هونەرەکەی بوەستێتەوە؛ کە بەمەش ئاگایانە مەیل، جەستە؛ خودی ژیان ڕەتبکاتەوە.
هاوکاتیش هایدێگەر لە گەڕانەوە هەمیشەییەکەیدا بۆ سەرچاوەی تەکنیک وەک هونەرسازیی و ئامادەیی ئەو بوونایەتییە ئایدیالە لە جیهانبینی فەلسەفەی گرێکییدا، بە تایبەتیش لەهونەر و جیهانبییە فەلسەفییەکانی پارامیینیدس و هێراکلیتۆسدا، بۆ ئەوە بوو تاکوو گرێکی کۆن دووبارە ئامادە بکاتەوە و بەمەش  ڕۆژئاوا یان ئەلمانیا لەو داڕمانەدا ڕرزگار بکا. لە ڕوانگەی نیتشە و هایدێگەرەوە لەو ڕۆژگارە تراژیدیایەی گرێکدا هزرینی فەیلەسووفەکانی پێش سۆکرات تەنیا غەمیان ژیان، ڕوحی دیۆنیستیی بوو. لەوێدا ئەوە پارامێنیدس و هێراکلیتۆس بوون کە هونەریان دەهێنا نەک مێتافیزیک. ئەوە شیعرەکانی پەرامێندیس بوون کە بە وشە، میوزیک، سەما زەویان ڕازاندەوە تاکوو ئەو زەوییە لە ژیانی مرۆڤدا بلەرێتەوە؛ ببیسترێ. بە بڕوای نیشتە گرێکییە کۆنەکان "شێوازێکی مەزن"یان هەبوو، بەمجۆرە تاکوو هەموو تشتە پەنهان و ئاشکرایەکان بێنە گۆ.

کاتێک ئێمە خوێندنەوە و شرۆڤەکارییەکانی مەسعود محەمەد لە نالی، حاجی قادری کۆیی، مەحوی و بگرە لە بابەتە هەمەتەرزەکانی دیکەشی دەخوێنینەوە، یەکسەر زەینمان بۆ کایەکانی

شێوازاندنی زمان و هزرینی ئەو دەچی، کە ئەمەش بە نۆرەی خۆی پرسی چۆنییەتی ڕاڤەکردنمان بۆ قووتدەکاتەوە. کاکڵەی ڕاڤەکارییەکانی ئەو لە شیعرە بڕندەکانی حاجی قادری کۆیی و نالی لەوەدا بەرجەستە دەبنەوە کە لە یەک کاتدا هەم زرینگی هزرین و پێشبینییەکانی ئەوان ئامادە دەکاتەوە و هەمیش ژانەکانی ئێستای زمانی کوردیی. ئەو پێی وایە کە ئەوانە زیاتر بەر لە سەدەیەک نەک هەر دەرکیان بە کۆمەڵێک پەنامەکی برد، بەڵکە دەستیان خستە سەر کاکڵەی گرتفتەکانی بوونی کورد، کە تا ئێستاش کورد بە دەستیانەوە دەناڵێنێ. هەر بۆیە مەسعود محەمەد لە خوێندنەوەکەی بۆ شیعرەکانی نالیدا سەرنجمان بۆ بەهای سەرچاوەی کولتووریی خۆیەکی ڕەدەکێشێ، کە هاوکاتیش نمایشکردنی دیدی مرۆڤگەرا کۆنپارێزییەکەی ئەومان بۆ جەختدەکاتەوە: "لەم سەردەمەدا کە سەردەمی پشت لە کەلەپور کردنە، بە تایبەتی لە نێوان میللەتی کەساسی وەک میللەتی کورد، گەنجان وەک پەروانە لە تاریکایی ڕابردوو هەڵدێن بەرەو گەشایی ئەدەب و هونەری نەوباوی ئەورووپا، نالی قەد و قامەتی بەرزی ئەدەبەکەی لە جەرگەی صەدەی نۆزدەمەوە وەک فەنار بەسەر دەریای صەدەی بیستەمدا گەردەن کێل دەکات و گەشتی دەریانەوەرانی شیعر و ئەدەب بۆ تیشکە گەشەکەی ڕادەکێشێت. /.../ هەر دەڵێی خاسیەتە نەمرەکانی بە پێی بڕیاری یاسای سروشت، کە خۆشئامەدی لە هەموو هێزێکی خۆ نوێکەرەوە دەکات...(13)

ئەو بە کردەکردنی ئەرکەی نووسەر توانی گەوهەری توانست و ویستگەرایی ئەو شێوازاندنەی هزرینە لە یادەوەریی زمانی کوردییدا بلەرێنێتەوە و بەمەش، بۆ ئەوەی بیربکەینەوە، بۆشاییەکانی ئێستای زمانی کوردییمان بە یاد بهێنێتەوە یان ڕاچڵەکێنێ. ئەمەش لە کن مەسعود محەمەددا پەرۆشخۆری ئەو ئێتیکە جوامێرانەیە کە ئەرکی نووسەرە بە هەندی وەربگرێ. نووسەریش ئەگەر پەرۆشی ئەو ئێتیکە نەبێ ناتوانێ خەم لە بەهای مرۆڤ و بوونی پێناسەیەکی جیاوازی نەتەوەکەی خۆی بخوا. وێرای ئەمەش مەسعود محەمەد بە ئاشکراکردنی بوونی شێواز لە جەم ئەو شاعیرانەدا، ئەرکە ئێتیکییەکەی، ڕۆشنبیریی؛ زمانەکەی خەتم دەکا.
هاوکاتیش بە بەراوردێک لە نێوان نالی و حاجی قادری کۆییدا، سەرنجمان بۆ بەهای پشتینەی ئامادەیی "سروشت" لە شیعری ئەواندا ڕادەکێشێ و دەبێژێ: " لەو شیعرانە گەلێ شوێنی دیکەدا نالی کە ناوی گوڵ و دار و درەخت دێنێ ئەو شاعیرە نییە لە قامووس و کتێبان ناوی دیتوون ... نەخێر کابرایێکی دەشتەکی ئەتۆیە سەدان جار دەستەی لێ بەستوون و لەسەریان نوستووە و ئەمدیو ئەمدیوی کردوون. بە ئاسانی نایەتە مێشکی بوێژەوە تەشبیهی زمان بکا بە "سووسنی تەڕ و پاراو" یانخوود دوو چاوی خێڵێک، یەکیان بە "نەشکوفتە و وەنەوشە" و ئەوی دییان بە "نەیلووفەڕ" دابنێ، یاخود بە هەموو دەسەڵات و دیققەت کارییەوە "زار و زبان و ددان و پووک" بکا بە وێنەی ناو ئاوێنە کە لە غونچەیێکی شەونم لێ نیشتوو دووبارە ببێتەوە."
کەچی، بە ڕای مەسعود محەمەد، "ئەو زاهیرەیەی "نباتی" بە هەردوو ڕووی "چەند و چۆن"یەوە لە دیوانی حاجی قادردا خۆ نانوێنێ. بەڵێ گوڵ و گیا و میوە و دەشت و دەر لە شیعری هەموو

شاعیرێکدا هەیە، بەڵام هەبوونی تێ هەڵەنگووتن وەیا بەدوادا گەڕان و خۆ پێوە ماندوو کردن یەکجار جیاوازە لە هەبوونی "زگماک"ێکی ئاسایی کە دەڵێی پارچەیێکە لە سروشت و دەروونی شاعیر." لێ بە دیدی مەسعود محەمەد ئەو جیاوازیانە لەوەوە هاتوون کە رەنگە : " ... حاجی بە ساوایی وەیا لە سەرەتای منداڵیدا لە لادێی رانەبواردبێ... " (14)

هەڵبەت لێرەدا رەنگە خوێنەر لە دوو تۆیی ئەم وتارەدا چاوەڕێی ئەوە بێ کە پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ رەهەندی ئەو شێوازەی کە پرسیاری بابەتەکەی ئێمەیە بخوێنێتەوە. لەبۆیە ئێمە ناچارین ئەوە بە یادی خوێنەر بهێنینەوە کە شێواز ئەو چەمکەیە کە لە پێناسەیەکدا کەمۆ ناکرێ: هەروەک بۆ نموونە، گەوهەری مرۆڤ، ئەڤین لە پێناسەکردنێکدا بەرجەستە ناکرێ. کەواتە گەوهەری شێوازەکەی مەسعود محەمەد لەو تێهزرینەی ئەو بۆ مرۆڤ چڕ دەبێتەوە: "پەرۆش و خەفەتم بۆ سوور بوونی فەیلەسووفان لە دانەوەی "هۆ-ی رووداو" بۆ حاڵوباری سوود و ماددە، یەکەو هەروا، لە نادروستی فکرەکەوە دێت، کە من هەموو دەم گوتوومە، نە حاڵوبار و نە بەرژەوەند و نە ماددیات لە کۆمەڵایەتی و مێژوودا وجودی دەبێت بێ مرۆ..." (15)

بە کورتی "مرۆڤ" لای مەسعود محەمەد هۆ و هۆکردە. لێرەدا بوارمان نییە لەوە زیاتر بە دوای گرفتەکانی ئەو بە ناوەندکردنەی مرۆڤ لە جیهانبینی مەسعود محەمەددا شۆڕ بینەوە.

ئیدی شێوازی مەسعود محەمەد لەوەدا خۆکردە کە ئەو لە گەردوونی شێوازی "ئەوانی دیکە"دا کە بە راڤەکردنێک لە خویەکی، کلافەی بوونی کوردی تاو و توێ دەکا و بەمەش خۆی دەکا دەکا بە شاعیرێک؛ رووناکبیرێکی خودان شێواز؛ شێوازێکی چێژ نەکراو. هاوکاتیش شێوازی "ئەوانی دیکە"ش پێناسە دەکا. کەواتە تاکوو لە رەهەندی ئەو شێوازاندنە لە نووسینی مەسعود محەمەددا دڵنیا بین، دەبێ گوێ لە خودی ئەو بگرین: "لایەنی مەتانەت و هێزی نووسینەکان و قەشەنگی تەعبیر پاسەپۆرتی بێ دەمەتەقەی هێرشە بێوچانەکەی سەر دیکتاتۆریەتیم بوون... هەر ئەو شێوازە دەگمەنە بوو سەرجەمی ئەدیب و مامۆستاکانی عەرەبی عێراقی هێنایە سەر دانهێنانی پاتەوپاتی و بێ زمان گرتن بە ڕابەرایەتی ئەو نووسینانە... وا بە ڕاشکاوی لەقەبی "مفکر" بۆ کاکە مەسعودڕەوا دەبینن... ئاپۆرەی خوێندەواری شلک و خەڵقی کوچە و بازاڕ ئەگەر بشخوێننەوە (کە زۆربەیان نەخوێندەوار نین) باشترە بۆ خۆیان و خەڵقیش کە هەر تێی نەگەن چونکە بێگومان تێگەیشتنیان بەرەواژوو دەبێت... خوێندەواری خاوەن شەهادەی بەرزی ئەورووپا بە گەشە گەشەی روویەوە رەزامەندی خۆی لە نووسینەکانم دەردەبڕی کە گۆیا فلانە شەکردم شکاندووە، فیسار مەتەڵی فیکریم هەڵهێناوە: پێم گوت فلان، چی تێی گەیشتووی ئاوەژووی بکەوە ئەوجا ئەوە دەردەچێ کە گوتوومو... نووسینەکەشم کوردی بووا!" (16)

بەڵێ، مەسعود محەمەد لە راڤەکارییەکانیدا پرسیارە کولتوورییەکان بە گشتی و بە تایبەتیش لە راڤەکردنەکانی بۆ شیعری نالی و حاجی و مەحوی دا، ئەڤینداریکە سەری خۆی بە دوای

پێناسەیەکی ئەڤینداریییەکەی خۆی هەڵگرتووە، لێ لە کانگای ئەو سەرهەڵگرتنە؛ ڕۆچوونە پان و پۆڕەدا نەک هەر بەو مرازە ناگا، بەڵکە پێناسەی ئەو ئەڤینە پەنامەک ئامێزتر دەکا. هەر ئەمەشە وامانلێدەکا بە پەژارەیەک لە ئەڤین یادێک لە مەسعود محەمەد بکەینەوە و هەمیش خەمێک لە ڕازاندنەوەی ماڵی زمانەکەمان بخۆین.

کەواتە **ڕەنگە** هۆیەکی دیکەی پشتگوێ خستن و قورقەپیکردن لە سەفەری زمانەکەی مەسعود محەمەد پەیوەندی بەو ئاکارە ئێتیکییە؛ ڕوانگە کۆنپارێزی؛ هەستە دڵسۆزەی مەسعود محەمەدەوە هەبێ. ڕۆشنکردنەوەی ئەو گومانەمان بۆ خوێنەری هی دڵی بەجێدەهێڵین. وەلێ ڕاستییەکەی ئەوەندەی من تێبگەم، لە کن مەسعود محەمەددا، زمان و ئەڤین یەک گەوهەریان هەیە: خۆکردن بە شێوازێکی خۆکرد؛ ئەڤینداریکی زمان نموونەیی؛ دروستکردنی زرینگانەوەیەکە لە گەردوونی بوون؛ مرۆڤی کورد کە نادیارە. مەبەست لە خودی دەستەواژەی شێواز تەنیا ئێشکردن نییە لە ڕاڤەکردنی مانای چەمک بەڵگەکان، بەڵکە ئێشکردنیشە لە کردەی دەقدا لە شێوازدا. بەمجۆرە شێواز لە کن مەسعود محەمەددا لە واتایەکدا دەستەبەر ناکرێتەوە، بەڵکە لە دۆزینەوەی ئەو ڕەهەندانە بەرجەستە دەبێتەوە کە هەمیشە زیندوو و کاران یان نەبینراو و نەگوتراون. دۆزینەوە و ئاوەدانکردنەوەی بۆشاییەکانی ناو زمان و ژیانی کوردیی لە جوانناسیی شێوازاندنی هزرینێکی خۆکرددا بە کردەی وەرگرتن و بەخشین؛ لە وەرگرتنی ئەو ڕمە لە دەستی ئەوانەی کە پێشتر هاوێژتوویانە و هاوێژانەوەی ئەو ڕمە بەرەو پێشەوە، بەرجەستە دەبێتەوە. لەو ڕوانگەیەوە خوێنەر بە دەم خوێندنەوەی دەقەکانی مەسعود محەمەدەوە، دەبێ نەک هەر بە ئاوەزێکی بێلایەن ڕەخنەی لێ بگرێ؛ ئەو بەرهەمبهێنێتەوە، بەڵکە دەبێ لە دانەپەیڤەکانیشی ورد بێتەوە و پرسیار بکا.

دەبا ئەو پێناسەکردنەی ئەو لە گرفتی قەدەری کورد بخوێنینەوە کە ، بەرای ئێمە، ڕەنگە بە دەگمەن هزری کوردی دوای ئەو توانیبێتی هێندە بە قووڵی مینا هزرێکی ئەها بوەشێنێ: "لە هیچ ڕوێکەوە هەڵکەوتی مادی کورد زەرف و سەرچاوەی ئەو "زانست و مەعنا" یە نەبوە، ئیمکانیش نەبوە ببێ بەو زەرف و سەرچاوەیە. ئەم دیمەنەی لەیەک نەچوونی بوونی "مادی" و بوونی "معنوی و زانستی" کورد هەرچی ڕاستە حیسابێکی لێکدانەوەی مادی هەیە لە بەستنەوەی "فکر" بە مادەوە دەکا بە کارێکی خەیاڵی ئەفسانەیی. نیسبەتی ڕۆشنبیری و زانست و "معنی" ی کوردەواری لەگەڵ میللەتی کورد و خاکی کوردستان وەک نیسبەتی مێوان وایە لەگەڵ ئەو قۆناغەی لێی دابەزیوە." (17) هەڵبەت شریتەی ئەو بیرۆکە لە کتێبەکەی حاجی قادری کۆیی مەسعود محەمەددا پەل و پۆدارە، لێ لێرەدا تاو و تووێکردنی ئەو هەموو لق و پۆپە، لە ڕەوتی سەفەرەکەمان هەڵەتە دەکا.

کەواتە لەوە بترازێین، بەڵام ئێمە بۆ کردنەوەی کلافەی ئەو بیرۆکەوە، دەبێ لە ڕەهەندە کولتوورییەکانی ئەو پەیڤگەلەش بهزرین کە ئەو لە ڕۆچوون بەناو ناوکۆیی، کۆنتێکستی کولتووری کوردییدا جەختیان دەکاتەوە.

لێرەوە حەز دەکەم ئەوە بە یادی زمانی کوردیی بهێنینەوە، دەکرێ ئەو پاشەگەردانییە خەمهێنەرەی کە ئەمڕۆ زمانی کوردیی ئاراستە دەکا، پەیوەندی بەو "ئیمکانی نەبوونەی زەرف و سەرچاوەیە" و نەبوونی "فکرە"وە هەبێ. لە ئاکامی ئەمەشدا خوێنەر و نووسەری کورد ئاویزانی "خەیاڵی ئەفسانەیی" بن و بەلای ئەو تەرزە دەقانەوە نەچن کە هەڵگری غەمی جوانناسیی شێوازندنی هزرن. کەواتە بە واتای مەسعد محەمەد ئەو دۆخە رۆشنبیرییەی ئەمڕۆمان زادەی ئەو "هەڵکەوتی مادی"یەیە کە نەیتوانیووە "زانست و مەعنا" بەرهەمبهێنێ، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ رەوشی خودی مرۆڤی کورد، نەک "زانست و مەعنا". بەمجۆرە لە ژێر رکێفی مەرحەمەتی رێسایەکانی ئەو پاشەگەردانییە بە هەرمێنەشدا، کە شانی خۆی لە ناوەندی رۆشنبیریی کوردییدا داکوتاوە، دەمڕاستەکانی ئەمڕۆی رۆشنبیریی کوردی نەک هەر خەمێک لە ئاکامەکانی ئەو مەیلە لە سادەکردنەوەی زمان و خوێندنەوە ناخۆن، بەڵکە بە "سولحە عەشایر"ییەکانی پاساویش بۆ ئەو دۆخە داهێزراوەی رۆشنبیریی کوردی دەهێننەوە. لە ئاکامی ئەمەدا ئەگەر نووسەرێک بە جوانناسییەک لە زمان دەقێکی کەمێک درێژ بنووسێ، دەبێتە نووسەرێکی خوێنتاڵ. لەوەش بترازێ، بۆ ئەوەی ئەو نووسەر و خوێنەرە کە هێڵەی ئەمڕۆ لێت بێزار نەبن، دەبێ نووسینەکەت لە زمانێکی رووتەڵەی رۆژنامەییدا لە یەک دوو لاپەڕەدا تێپەڕ نەکا.

کەواتە لێرەدا، بە دەستپێوەگرتنێک لە رێزگرتنی دەقە جوانەکانی ئەمڕۆی کوردییەوە، لەو رۆژگارەی کە ئەرکی زار و زمانی کوردیی بۆتە گوتنەوەی بێ ئامانی قسەیەکی سەرگێژکەری وەک "گەندەڵی"، دەکرێ بە هەڵێنجان یان چنینەوەی تیرۆژێک لە هزری مەسعود محەمەدەوە، زمانی ئەو ئەدەبە باوەی ئەمڕۆ بە ***ئەدەبی گەندەڵی*** ناودێر بکەین. چونکە لە رۆشنبیریی کوردیی ئەمڕۆدا، ئەوە جوانناسیی رەخنە و هەبوونی داهێنان نین کە ئەو دەق و خوێندنەوانە بە "داهێنان" و "رەخنە" ناودێر دەکەن، بەڵکە خزمایەتیی، هاوڕێیایەتیی و مجێزەکانی شەخسین. ئەم ئەدەبە، وەک وێنایەک لەو دۆخە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەی کە ژیانی کوردی بێبەها کردووە، لەسەر بنەمای **پیرچییەتیی** و وابەستەییدا دامەزراوە. بەمجۆرە دەمڕاستەکانی ئەم ئەدەبە لە رێی قۆرخکردنی گۆڤار و وەشاندنەکاندا هەموو وزەیەکی زیندوویان لە زمانی کوردییدا پەراوێز کردووە. هاوکاتیش ئەو ئەدەبە گەندەڵە لەوەدا بەرجەستە دەبێتەوە، کە وەرگرتن و لە چاوکردنەوەی چەند شاعیرێکی فارس و عەرەب و بیانی، بوو بە واتای داهێنان. کارەساتیش لەوەدایە کە دەمڕاستەکانی ئەمڕۆی زمان و رەخنەی کوردی، ئەو نووسەر، شاعیر و رۆماننووسە گەندەڵانەش بە"داهێنەر و مەزن" یان نەوەیەک کە لە رۆشنبیریی کوردیی نموونەیان نەبووە ناودێر دەکەن.  بەمجۆرە زمانی ئەو ئەدەبە، لە دۆخە پاشکۆیی و لاساییکارەکەیدا نەک هەر چێژی شیعرییەتی روانین؛ جوانناسیی لە گوتنی پەنەماکی شیلۆ کردووە، بەڵکە گوتنە جیاوازەکانی زمانیشی پەراوێز کردووە. لەوەش زیاتر، زمانی لێکچووی ئەو ئەدەبە نەک هەر توانای خوێندنەوەی خودی خۆشی نییە، بەڵکە  بەهای خوێندنەوەشی ئیفلیج کردووە. بە کورتی ئەو ئەدەبە نەک هەر بە دوای دۆزینەوەی ئاسۆیەک نییە تاکوو

دابڕانێک لەو دۆخە گەندەڵییە دروستبکا کە زمانی کووردی؛ بوونی کوردی سیخانخکردووە، بەڵکە خۆی دیۆیکی تری ئەو گەندەڵییەیە. هەر بۆیە زمانی ئەو ئەدەبەی ئەمڕۆ، کتومت وەک زمانی ئەو دۆخە گەندەڵە، بە پۆشینی ئەو چەمک و کەرەسە باوانەی کە لە دەرەوەی زمانەکەی خۆی بەرهەمهاتووە؛ بانگەشەی ئەدەبێکی نوێ دەکا، کە ئەمەش جۆرێکە لەو زانیارە چاوەشەکارانەی کە ئەمڕۆ لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بازاڕیان بە هەرێمێنن. بە واتایەکی سادەتر، وێنای ئەو ***ئەدەبە گەندەڵەی*** ئەمڕۆ، هەروەک زمانی حیکایەتاندنی پرسە نەتەوایەتییەکان، بریتییە لە حیکایەتاندنی بابەتگەلێکی وەک عەشق یان " یار"ێکی مێتافیزکی لە زمانێکی بێ چێژ، وێنەگەلێکی سواو و خەیاڵێکی خاودا. هەڵبەت ئەو عەشقە لە ژیانی کوردیدا هەرگیز ئەوها وەک ئەمڕۆ ریسوا نەکراوە، لەوەش بترازێین کە کورد پێشتر هەرگیز وەک ئێستا قەسابخانەی بۆ ژن دانەناوە.
بە کورتی زمانی ئەدەبی ئەمڕۆی کوردیی، ئامانجی جوانناسیی بە دیارخستنی پەنهانییەکانی بوون و خودی زمان نییە، بەڵکە زمانێکی کەرەسەیییە و لە خەمی پێڕبازیی و خۆ دابڕان لە کۆی یەکایەتی زمان، بوونی کوردی دایە. ئا لێرەدا لێکناکۆکی لە نێوان ئەو ئەدەبە دروشمباز و خودی ئەو نووسەرە کەنفتە سەرهەڵدەدا. بەهەمە حاڵ لە "پێڕگری رەخنگر: داهێنانی گەندەڵی"دا ئەم بابەتەم راڤەکردووە. (بڕوانە کتێبی:"زمان ئاسۆیەکە لە نێوان ئاسمان و زەویدا"، 2011).

کاتێکیش ئەرکی زمان بوو بە حیکایەتاندنی ژیان و داهێنان، ئیدی لەو کۆمەڵگەیەدا هیچ تشتێک بەهای نامێنێ.
ئەو جوانناسیی شێواندنەی هزر لە کن مەسعود محەمەد بریتی نییە لە راڤەکردنی چەمک و مانایەکان، بەڵکە بریتییە لە چەشنە چەکێک، بە دەقکردنی خود و دەقگەراییەک. لە جەم ئەو شێواز وەک کردەیەک لە پرۆسەی ئاڵوگۆڕکردن؛ گفتوگۆیەکی بەردەوام لەگەڵ ئەوانیدیکەدا بەرجەستە دەبێتەوە. ئەوشێوازە بەدەم ئەو گفتوگۆکردن یان ئاڵوگۆڕکردنەوە، واتایەک؛ نەگوتراوێک ئاشکرا دەکا، کە ئەمەش وا لە چەمک و مانایەکانی دەکا کایەبەخش بن. هەڵبەت خودی مەسعود محەمەد لە دووتوێی کتێبی "پەرژینی بێدەنگی"دا رۆشناییەک دەخاتە سەر ئەو ئەرکەی شێواز کە ئێمە لە هەوڵی راڤەکردنیداین. کەواتە گەلۆ دەبێ بە کام شێواز لە مەسعود محەمەد نزیکبینەوە؟ بە کام شێوازیش جوانناسیی شێوازاندی هزر لە دەقەکایدا بخوێنینەوە؟ راستییەکەی بۆ ئەوەی لە خودی ئەو نزیک بینەوە دەبێ چەند جار دەقەکانی بخوێنینەوە، هاوکاتیش بۆ ئەوەی لە خودی خۆشی نزیکبینەوە دەبێ چەند جار ئەو بخوێنینەوە. چونکە دەقەکانی مەسعود محەمەد گەردووونێک لەو پرینسیپ و هەڵوێستانەی کە لە ژیاندا بە ئەزموویکردن. لەبۆیە خودی مەسعود و دەقەکانی ئاوێنەیەکی دوو دیون.
مەسعود محەمەد لە نووسینەکاندا وەک تەلارسازێک تەلارێک بە زمان دەسازێنێ. لەبۆیە لە کاتی خوێندنەوەدا دەبێ بە وردی دیقەت لە هونەری ئەو وردەکاریانە بدەین کە چۆن بە هۆنینەوەی پەیڤەکانی هاورمۆنیایەک لە نێوان جیاوازییەکانی بەژن و بالا و رووخساری ئەو

تەلارە دروستدەکا. لێرەدا بوارمان نییە بەشیک لەو هونەری تەلارسازییە لە بەشێکی دەقەکانیدا نمایش بکەین. لێ خوێنەر بە دەم خوێندنەوەی ئەو نووسینەوە رەنگە ساتمە لەو کۆپلانەی مەسعود محەمەد بکا، کە لەوێدا دەتوانێ تاوێک بۆ سەرنجدان لەو هونەری تەلارسازییەی ئەو تەرخان بکا، کە بە کردەی ئاڵوگۆڕی نێوان پەیڤەکانی دەیسازێنێ. خودی مەسعود محەمەد لەمەڕ کایەی شێوازی ئاخاوتنەکەی خۆیەوە بە شرۆڤە کردنی کۆپلەیەک لە کتێبەکەی "لە پەرۆشەکانی ژیان"دا، ئەوها دەبێژێ: "ئەگەر (باطل)ی دڕ نەپووچێنینەوە و بەڵگەکانی بە درۆ نەخەینەوە نیوەی هێزی "حق"ت پەکخستووە چونکە پووچاندنەوەی باتڵ برینی نیوەی ڕێگەیە بەرەو تەواو بە دەستەوەدانی بەڵگەکان... ئەو دوو دێرە {مەبەستی لە دوو دێرە نووسینەکەی خۆیەتی} فەرقێکی نییە لەگەڵ وێنە یاخود پەیکەری هونەراوی کە لێ زیاد کردن و کەم کردنەوەی نرخی پێوە ناهێڵێ." (18)

راستییەکەی ئەو دەخوازێ مەودایەک لەو گفتوگۆیە زمان رووکەش و سۆزئامێزانە وەر بگرێ، تاکوو بە رۆچوونێک بەناو خودی سەرچاوەکانەوە پرسیار و گۆڕانکارییەکانی رۆژگارەکەی گەمارۆ بدا. بە واتایەکی دیکە بە کردەی جوانناسیی شێوازاندنی زمانەکەیەوە هەوڵیدا خۆیی و بەرهەمەکانی نەبنە  دیاردەیەک لە جەماوەراندن، کە خەمی سەرەکی زۆرینەی نووسەرە سیاستێنراوەکانی کوردە. ئا ئەمەش لە رابردوو و داهاتووشدا ئەرکی نووسین و نووسەری داهێنەر بووە و دەبێ. خودی مەسعود محەمەد لە میانەی ئاخاوتنەکانیدا بە راشکاوی ئاماژە بەوە دەکا کە ئەو بۆ جەماوەر نانووسێ. ئاوەتا دەڵێ: "من لە سەرەتاوە بڕیارم دا ڕووی وتووێژم لەگەڵ ڕیزی هەرە هەرە پێشەوەی رۆشنبیر و خاوەندەسەلاتی سیاسی... من لە تەبیاتمدا ئەسیری چەند بنەمایەکی بنەڕەتیم و لەو بیروڕایی بە نیازی هێنانی قەناعەتی بیسەر و خوێنەر وەدەریان دەنێم: یەکەمیان دەستخاوێنی و نیازپاکیی. دوومیان: روونکردنەوەی بابەت تا ڕادەی کوشتنی کرمی گومان لە دڵی مرۆی حەقسەڵمێندا. سێیەمان: تێخوێندنەوەی عوزری کەسانێکی بە نیاز پاکەوە هەڵە دەکەن و بەسەر خۆیاندا دەسەپێنن و بۆی دەبن بە دەروێش بە مەرجێک زۆر لە خەڵق نەکەن بە زەبری کوتەک یان چاو زەق لێ کردنەوە هەست و نەستیان بخەسێنن تاو ئەوەی لە ئاست ئەو دەستدرێژییەدا گوتوومە و نووسیوومە: مرۆڤ بە ئازادی هەڵە بکات بە شەرەفترە لەوەی بکرێتە عەبدی سوخرەکێشی حەقیقەت..."(18)

لێ ئەو زۆر جار لە رێرەوی سەفەری نووسینەکانیدا ئاماژە  بە رەهەندی "حەقیقەت"دەکا کە زمانەکەی ناتوانێ هەموو ئەو "حەقیقەت"انەی کە ئەو دەرکییان دەکا دەربرێت. لە دیدی مەسعود محەمەدەوە هەندێک "حەقیقەت" بە دەق ناکرێن. رەنگە ئەمەش هۆکردێک بێ کە وا لە نووسەرێکی هی دڵێ؛ خاوەن پرۆژەیەکی هزری یان داهێنان بکا لاتەریکی و تەنیایی هەڵبژێرێ. مەسعود محەمەد بەمجۆرە گۆشەگیرییەکەی خۆیمان بۆ وێنا دەکا: "... من لە گۆشەی گۆشەگیریی پڕ لە تەوازوعمەوە لە ماوەی 40 – 50 ساڵدا، خەریتەیەکی هەمەگیری جیهانی ماددی و حەیوانی و ئینسانیم پێکهێناوە لە هیچ یەکێک لە ناوەڕۆکەکانی جێگە بە جیرانە دوور و نزیکەکەی لەق ناکا... بەڵێ بەتاڵیی شتی نەزانراو لەو خەریتەیەدا هەیە،... بەڵام بە بەریانەوە

هەیە جێگەی هەموو راستییەکی تازە دۆزراوەی زانستی سەردەم لەو خەریتەیەدا بکەنەوە و بایی خۆیان لەو بەتاڵاییەدا پڕ بکەنەوە..." (19) بەمجۆرە ئەو لەم لاتەریکییەدا هەوڵیدا پەنامەکی بەشێک لەو "حەقیقەت"ە زانراوانە لە جوانناسیی شێوازاندنی زمانەکەیدا بە گۆ بێنێ، بەرجەستەیان بکاتەوە و هاوکاتیش بەو کارە شێوازەکەی زیاتر بخەملێنێ، بەمەش هەمیشە، بەڵام لاتەریک، لە یادەوەریی زمانەکەیدا بژی.

بەڵێ، وتووێژەکانی ئەو لەگەڵ نالی و و حاجی قادر و ئەوانیدیەکەدا کتومت ئاوێنەبوونەوەی ئەو تێگەیشتنەی خۆیەتی لە بەهای "حەقیقەت"ەکانی زمان و خودی نووسەری "حەقیقی"یش. مەسعود محەمەد خواستی بە خوێندنەوەی ئەو شاعیرانە، وێنایەک لە جوانناسیی شێوازاندنی زمانەکەی؛ ناسنامەیەکی جیاواز بۆ بوونی کوردی رابگەیەنێ. لێ ئەو دەیزانی کە فەرامۆشکردنی ئەو لە لایەن هاوزمانەکەیەوە، بەشێکە لەو قەدەرە هەژەندەی کورد، کە ئەو تا لە ژیانیدا بوو پەرۆشی ئەوە بوو کە بە زمانەکەی، دابڕانێک لەو قەدەرە دروستبکا، کەچی بە حەسرەتی ئەوەوە سەری نایەوە.

لە کۆتادا جارێکی دیکەش پرسیاری دیاردەی جوانناسیی شێوازاندی هزر قووتدەبێتەوە. بەڵێ، ئێمە لە میانەی ئاخاوتنەکانی ئەم گفتوگۆیە؛ سەفەرەماندا بەناو گەردوونی مەسعود محەمەدەوە، گوتمان مەسعود محەمەد دەخوازێ سەرنجی خوێنەر بۆ ئەو بوونایەتییە پەنهانەی کە لەمدیو زمان و کەسایەتییەکەیدا ئامادەیە رابکێشێ و بەمەش سەرەداوێک لە کڵافەی بوونایەتی بداتە دەستی خوێنەر تاکوو بەناو گەردوونی دەقەکانی؛ هزرینە خۆکردەکەیەوە پەلکێشی بکا. خودی ئەمەش پرسیاری گەوهەری ئەفراندن و نهێنی بوونە. لەبۆیە ئێمەش لە هەوڵی ئەوە دابووین کە ئەو سەرە داوە لە بیرۆکەکەمان؛ جوانناسیی شێوازاندنی هزر لە کن مەسعود محەمەددا بدەینە دەستی خوێنەر. لەوەشدا پەرۆشی ئەو نووسینە بەخشینی ئاکامگیرییەکی حازربەدەست نییە بە خوێنەر، بەڵکە پەرۆشی ئەو نووسینە ئەوەیە کە خوێنەر تا دەروازە یان ناخی ئەو گەردوونە تووناوتوونەی زمانەکەی مەسعود محەمەد داوەت بکا و وێجا لەوێدا لە دووڕیانێکی ڕاڕەوەکانی ئەو گەردوونەدا خوێنەر دەتوانێ بە مەیلی خۆی ئاقارێکی تری بەرەو رۆچوون بەناو ئەو گەردوونە یان دەرچوون لێیەوە هەڵبژێرێ؛ بە خۆی بیر بکاتەوە. ئاخۆ ئەمەش چەشنە پەرۆشخۆرییەک نییە بۆ جوانناسیی شێوازاندنی خوێندنەوە؟ گەلۆ ئەو نووسینە ئەو ئەرکەی راپەڕاندووە؟

دواجار دەخوازم بە تەمیانێک لە زمان بێژم کە تا ئەمرۆش دەقگەلێکی رەخنەیی و لێکۆڵینەوەگەلێکی زانستی نوێتر و بەهادارتر لە دوای دەقگەلە رەخنەییە هزرپۆش و هەڵکۆڵینە زمانەوانییە زانستییەکانی مەسعود محەمەد لەماڵی زمانی کوردییدا لە دایک نەبووە. هەروا، ئەوەندەی خەیاڵمان بڕ بکا، تا ئێستاش زمانی کوردیی نەیتوانیووە چەند نووسەر و

سیاستوانێکی بێلایەن لە وێنەی کەسایەتییە راستبێژ و هەڵوێست نەگۆڕەکەی مەسعود محەمەد بەرهەمبهێنێ. مەبەستمان لەو نەگۆڕییە، قەتیسمانی ئەو نییە لە هزرکردنەوەیەکی وشکەڕۆدا، بەڵکە ئەو پرێسنیپە ئەگایی خۆیەکییەیە لە بیرکردنەوە و بوونی ئەو هەڵوێستە خەملیووەیە لە ژیانی ئەو و شێوازێک لە زمانێکی خۆکردە، نەک وەک ئەو نووسەرە سافیلکانەی کە هەر رۆژە و لەسەر پەتێک بازدەدەن، پانتایی نووسینی کوردییش تژییە لەو تەرزە نووسەرە. کەواتە دوای مەسعود محەمەد گوتراوێکی ئەوها خاوەن شێوازی خۆکرد و بێندرێژی نوێ لە ئاستی زمانزانی، رەخنە و هزردا، لە ژێر ئاسمانی زمانی کوردییدا لە ئارادا نییە.

ماوەتەوە بڵێین کە ئاستەنگی بوونە هاوسەفەر لەگەڵ زمانی مەسعود محەمەددا لەوەدایە، بە دیوێکەوە بە جوانناسیی شێوازاندنی ئەزموونی هزرینەکەیەوە، بەناو ئاخاوتنە بازنەییە بەڵگەدارییەکەیەوە میوانداریت دەکا، کە  بوونی منی هاوسەفەر؛ خوێنەر لە بری ئەوەی بتوانێ مەودایەک؛ کەلێنێک؛ دەریچەیەک بۆ روانینێکی جیاواز بدۆزێتەوە، کەچی دەبێتە دۆستێکی هۆگریی ئەو، بە دیوێکی دیکەوە، ئامادەیی ویستگەرایی شێوازی ئەو ئاخاوتنە بازنەییە بەڵگەدارەی ئەو بۆ بە سەرچاوە کردنی بەهای مرۆڤ و رۆڤگەرایی، مەودایەک؛ کەلێنێک؛ دەریچەیەک بۆ گومانکردن ناهێڵێتەوە. ئەمەش تووشی تاسەگیریی؛ بێدەنگبوونت دەکا. بەمجۆرە رەنگە هەندێک جار تۆی هاوسەفەر، خوێنەر بە دەم ئەو نیگەرانییەوە لە نێوان دووڕیانی ئەو دۆستایەتییە هۆگرە و تاسەگیرییەدا، یان لێی جیا ببیتەوە و یانیش لە بێدەنگییدا یادی بکەیتەوە.
لێرەوە، بە بڕوای من، **رەنگە** خودی ئەو شێوازە باڵادەستەی مەسعود محەمەددا، یەکێک لەو هۆکردانە بێ کە وا لەو خوێنەر و رەخنەگرە بە سەلیقانەی ئەمڕی کورد کردووە، - کە هەتا حەز بکەی دەگمەنن- نەخوازن رەخنە لە دەقەکانی ئەو بگرن یان بیخوێننەوە. بەمجۆرە وەک لای نووسەری کورد باوە، رەنگە کاتێک بە رێککەوت لە رەوشێکدا ناوی دەهێنرێت،هەندێک لەو خوێنەرانە بە دەم باسە سەر زارەکییەکانەوە یادی بکەنەوە. لێبەڵێ ئەمە بابەتێکی دیکەیە.

**"ڕاستییەکەی ئەگەر بە عەقڵییەتی بژی برمێ کوردستان ئاوەدان بکرێتەوە هەر خۆی کوردەکە، لە جیاتی ئازەری و ئێران و نازانم کێوە، دەماری خۆی دەردەکێشێت و دەمارەکەش دەکاتە تەقەڵی دروومانی ئەو کفنەی خۆی بە بەژنی خۆی هەڵبڕیوە... دەڵێن قانوون پارێزگاریی ئەحمەق ناکات، ئەشەدوبیللا فریشتەش حەقی نییە پەرۆشی بابایەکی هەبێت کە لکەدارێک دەبڕێتەوە خۆی دوو لینگانەی پێدا شۆڕ کردۆتەوە..."**

مەسعود محەمەد، "پەرژینی بێدەنگی" ل: 28.

"ئەمێستەیش، گەرچی عەیش و عوشرەتت هەر تاڵ و تاڵاوە
بە مەرگی تۆ، لە پاشانیش دەخۆی تاڵاوی تاڵاوی"

نالی

## پەیڤین لەوانیتر، پەیڤینە لە خۆت

دیارە یەکێک لەو ئاکارە سەرەکییانەی کە مرۆ لە ئاخاوتن و نووسینی نووسەر و پسپۆڕی ئەکادیمی چاوەڕوانی دەکا، ڕەهەندی دەستپێوەگرتنی ئێتیک؛ جوامێریی؛ ڕاستبێژیی؛ جوانبێژییە. بەڵێ، ئاخاوتنێکی جوامێرانە مانای بوونی ژیانێکی جوامێرانەی ئاخێوەریشە. پێڕۆکردنی ئەو

ئاکاره لە ژیاندا، واقیعاندنی ژیانێکی جوامێرانەشە. ئەگەر نووسەر، بگرە هەموو مرۆڤایەتی وەک خدووگرتنێک خولیای چاندنی ئاکاری چاکە بێت، ئەوکاتە ژیانێک لە جوامێری دێتە کایەوە. لەو روانگەیەوە جوامێری شێوازێکە لە کردەی ژیان. ئەو ژیانە جوامێرییەش تەواو دابڕاوە لە مەیلە ماددیی یان خۆویستییەکانی نووسەر و مرۆڤ. بەڵام لە یادمان نەچێت کە جوامێری نەریتێکە لە روحی مرۆڤدا دەژی، ئەرکی نووسەریش ئەوەیە کە ئەو نەریتە پەروەردە بکا و لە ژیانیشیدا پێرۆی بکا. کاتی خۆی ئەریستۆش دەیگوت کە مرۆڤ ئەو جوامێرییەی لە سروشتەوە پێدەخشرێت، لێ تاکوو ئەو جوامێرییە بەرەو رەفتارێکی جوامێرانە بفراژێ، دەبێ نووسەر یان مرۆڤ بە گشتی خۆی بەو جوامێرییە پەروەردە بکا، فرچکی پێوە بگرێ و لە قانوون و نەریتەکاندا بیچێنێت.
بەمجۆرە کە نووسەر شتێک دەبێژێ، دیارە دەخوازێ واتایەک لەسەر بەرانبەرەکەی خۆیدا رابگەیەنێ. نووسەر کە بە شێوەیەکی جوامێرانە وێنای نووسەرێکی دیکە دەکا، واتا نووسەر لە خۆی دەپەیڤێ؛ خۆی رادەگەیەنێ. ئیتر لێرەوە مەیل و ئامانجی نووسەر بەرەو ئەو ئاقارە جوامێرییە رێدەکا. هاوکاتیش ئەگەر زۆرینەی کۆمەڵگە هەڵگری ئەو ئامانجی جوامێرییە بوون، ئیتر ئەو ئاکارە جوامێرییە پانتاییەکی کارا و خەملیوو وەردەگرێ و کۆمەڵگەش بەختەوەرتر دەبێ.
ئەمرۆ وەک چۆن لە بواری سیاسیی و جڤاکییدا پێوانەکان لینگەوقووچ بوونەتەوە: گەندەڵکارە زەبەلاحەکان باس لە تیۆرییەکانی چارەسەری گەندەڵیی، دیمۆکراتیی، ئەخلاق و کۆمەڵگەی مەدەنی دەکەن؛ بەرپرسە حیزب پەرست و واسیتە داهێنەرەکان ماف و ئەرکی هاووڵاتییە بێدەسەڵاتەکان دیاریدەکەن؛ کۆنە هەڵەپاس، کۆنە سەرۆک جاش و کۆنە کەواسوورە حەربا ئاساکانی رژێمی سەدام بوونەتە دەمڕاستی ئەنفال، پێشمەرگەکانی دوێنێ و خوێنتاڵکراوەکانی ئەمرۆ و رۆڵی ئەکتەری "شۆڕگێڕ و پاڵەوان" دەگێرن، بە هەمان شێوەش، لە بواری رۆشنبیریی و زمانناسییدا زۆرێک لە دکتۆرە "ئاکادیمی"، "رووناکبیر" و رۆمانووس و شاعیرە قسە ناسک و گەوهەر کلۆڵەکانی ئەمرۆ خۆیان بە تاکە "دەهێنەری مەزن"، پسپۆڕی زمانەوانی"ی" و موجیزە ساز نمایشدەکەن. بەمجۆرە ئەو دەمڕاستە مشەخۆر و مۆرانگەلە لە پرۆسەی دارمانی بەهاکاندا، بە رۆژی رووناک ئەرک و قوربانی پێشمەرگەی بەڕاستیی و نووسەرە ماندوونەناسەکانی دوێنێ، سووک و بێ بەها دەکەن. لەوەش خەمهێنەرتر، خەریکە پرۆسەی ئەو ئەخلاقە دارماوەی کە وەک مۆدەی مۆبایل لە ژیانی دردۆنگی کورددا بازاڕی بە هەرمێنە، جێگەی بەهاکانی پێشتر بگرنەوە و ببێتە بەهایەکی رەوا.

هەر چۆنێک بێت، لێرەدا بواری ئەوە نییە زیاتر لە هەژەندی ئەو دۆخە بوودەڵەیە و گرفتی ئاوابوونی بەهای جوامێریی بدوێین. ئەوەی کە من لێرەدا دەخوازم هەڵوەستەیەکی لەسەر بکەم، وێناندنە لە نێوەرۆک وێکچوو و لە شێوە جیاوازەکانی کاک ئەمیری حەسەن پوور و کاک جەمال نەبەزە سەبارەت بە زانستیی و پرسی زمان و روانگە رۆشنبیرییەکانی مەسعود

محەمەد. هەڵبەتە ئەو نووسینە نە داکۆکیکردنە لە زامانناسیی و هاوئاهەنگی هەڵوێستە سیاسییەکانی مەسعود محەمەد، نە کەمکردنەوەیە لە خولیای "زانستاندن"ی زمان و مارکسایەتی ئەمیری حەسەن پوور و نە فەرامۆشکردنی توانای زمانەوانیی و رۆشنبیرییەکانی جەمال نەبەزیشە. لێ ئەوەی کە لێرەدا لە کن من مایەی سەرنجدانە، تەنیا ئاوڕدانەوەیەکە لەو هەوڵوێستە هاودژانەی هەردوو ئاکادیمیستی هێژامان کە لە ئاخاوتنەکانیاندا لە هەمبەر ئەزموونی مەسعود محەمەددا سەرەتاتکێ دەکەن.

دەبا لێرەدا ئەوەش بێژم، کە بە رای من، یەکێک لەو هۆکردانەی کە هەتا ئێستاش نووسەر و ئەکادیمیستی کورد، وەک هێزێکی بەرهەمدار و بگۆڕ، لە جەم حیزب و جڤاکی کوردییدا حیسابیان بۆ ناکرێ، یان ناتوانن ببنە وزەیەکی بەرهەمهێنەر لە ژیانی کورددا، ئاستەنگی ئەو هاودژیی ئەوانە لە نێوان بانگەشەکردن و کردەی نووسیندا. نووسەر و ئەکادیمیستی کورد لەوکاتەی کە خۆیان بە دەمڕاستی زانست، دادپەروەریی، راستبێژیی و ژیانێکی رازاوە دەزانن، کەچی هاوکاتیش کاتێک لە بەرانبەر هزر و کەسە جیاوازەکانی بەرانبەر خۆیاندا ئاوەڵا دەکەنەوە، دێنە گۆ، وەک هەر دەسەڵاتدارێکی تاکڕەو یان کەسانێکی خۆویست خۆیان بە تاکە راستبێژ و چاوگەی چاوگەکانی زانین دەنوێنن و هەوڵەکانی ئەوانیدیکەش رەشدەکەنەوە. ئەو رەوشە لە بێبەهاییەی کە جڤاکی کوردیی تێیدا بەسەر دەبا، ئاکامێکە لە بێباکیی ئەو هەڵوێست و رەفتارانەی کە نووسەر و ئاکادیمیستی کورد لە ماوەی زیاتر لە چارەگە سەدەیەکدا بەرهەمیان هێناوە. بە واتایەکی دیکە: لێرەدا دەمەوێ بڵێم، کە باڵادەستبوونی هێزە کۆنخوازەکانی کورد لە جڤاکی ئەمڕۆی کوردییدا، ئاکامێکە لە هەرەسی ئەو هێزە رۆشنبیرییە بەناو چەپڕۆ و ناسیۆنالیستەی کە لە دوای شکستی 1975ەوە رۆڵی سەرەکی لە ئاراستەکردنی بزاڤە رۆشنبیریی و سیاسییەکان بینیووە. چونکە کاری ئەو دەمڕاستە لە چەپڕۆ و ناسیۆنالیستییەی کورد، هەر لە حەفتایەکانەوە تا نەوەدەکان، بێ ئەوەی ئیشی لەسەر هەلومەرجی جڤاکی کوردی کردبێت، تەنیا "زانیاری ساختە"ی لەمەڕ تیۆریی و ئیدیۆلۆژییە مارکسیی و نەتەوایەتییەکان بە کورد بفرۆشتووە. هەر بۆیە دوای راپەڕینی بەهاری 1991، جڤاکی کوردی گەڕایەوە بۆ هێزە کۆنخوازەکان و ئەمەش بواری بۆ گەندەڵیی و گەشەکردنی هێزە ئایینییەکان خۆشکرد کە شانۆی رۆشنبریی و سیاسیی کورد بە دەستەوە بگرن. بە هەمە حاڵ، ئەو بابەتە خوێندنەوەی تایبەتی گەرەکە، لێرەدا ئەرکی ئێمە نییە.

لێ ئەگەر نووسەر و ئاکادیمی کورد ئەو هەموو بەرهەم و پەرۆشخۆریانەی مەسعود محەمەد بۆ زمان، مێژوو، سیاسی، چاندی کوردی بە گشتی بە هەند وەرنەگرن؛ لە بری کردنیان بە چاوگە و راڤەکردنەوە و رەخنەی گرتن لێیان، بێبایەخ و فەرامۆشیان بکەن، ئەدی یادەوەریی رۆشنبیریی کوردی چ بەهایەکی بۆ ئەمڕۆ و ئایندە هەیە؟ ئەگەر ئێمە تەنیا "زانست"ێک لەبەر چاو بگرین، کەواتە نەک هەر نەوەی مەسعود محەمەد "زانست"ی نەبوو، بەڵکە نەوەی پێشیش زانستی نەبوو؟ ئەگەر وایە، ئەدی ئەزموونی پێشوومان چ بەهایەکی هەیە؟ ئایا کاتێک حەسەن

پـوور لــە مــاوەی دەیــان ســاڵدا لــە لــە دیــدارە رۆژنامەوانییەکانییــدا ســەرپێیانە بەرهەمــە زمانەوانییــەکانی مەسـعود محەمــەد بــە "نازانسـتی" و رەخنەکانیشــی لــە مارکســایەتی بــە "بــەد حـاڵیبوون" بزانـێ، مەتەڵانـدنی "زانسـت" و خەمسـاردی نییـە بەرانبـەر ئەوانیدیکـە؟ ئـاخۆ کاتێک جەمال نەبـەز، بێ ئـەوەی وشـەیەک لەمـەڕ بەهای زمانـە کوردییەکـەیی و خزمەتـەکانی مامۆسـتا مەسعود محەمەد لە "کۆڕی زانیاری کورد" بێژێ، زمانە عەرەبییەکـەی پەسـندەدا، کاڵکردنـەوەی خـودی ناونیشـانی بەرسـڤەکەی خـۆیی و دواجـاریش جەختکردنـەوەی قسـەکانی کـاک ئـەمیری حەسەن پوور نییە؟
لە دەسپێکدا وتمان، کە نووسەر لەسەر ئەویدیکە دەپەیڤێ، خۆی رادەگەیەنێ. کەواتـە نووسـەر دەبێ خـۆیی و خوێنـەر بـە ئاکـاری جـوامێری فرچکبـدا. کـاک مەسـعوودێک، وێـڕای مـافی ئـەو بەرێزانە بە رەخنەگرتن لە کارەکانی، لێ ئەو یەکێک بوو لـەو نووسـەرە دەگمەنـە هەناسـە قووڵ و پڕ بەرهەمە نایابانەی هاودەمی خۆی، بۆیە ناکرێ هاوزمانەکەی، وێڕای روانگە جیاوازەکانی لەگەڵ ئەودا، ئامادەیی شکۆمەندانەی ئەو لە زمانی کوردییدا نەبینێ.
لێرەدا جەختکردنـەوەی مـن لـەو ئاکـارە، بێبەرییـە لـە مـەیلی ئامۆژگـاریی و خوتبـەدان. لێبـەڵێ ئەوەی کە هانیدام لەو دیدگەیەوە بیمە گۆ، ئـەو دوو هەڵوێسـتە لـە شـێوە جیاواز و لـە نێوەرۆک لێکچـووەی کـاک ئـەمیری حەسـەن پـوور و کـاک جـەمال نەبـەز بـوو. حەسـەن پـوور لـە هەڤپەیڤینەکـەی لەگـەڵ هەفتەنامــەی "میـدیا"دا، کــە لــە ژمــارە 304ی گــەلاوێژی 2007 دا بڵاوکراوەتـەوە، لـە چەنـد رسـتەی ئاسـانگۆیدا بـەمجۆرە هەوڵـە زمانەوانییـەکانی کـاک مەسـعود محەمەد پێناسە دەکا: "سەبارەت بە زمـان پێمـوایە بۆچـوونی باشـی هـەبوو، دژی زمـانی عـەرەبی و فارسـی و تورکی نـەبوو...". گەرەکە مرۆی هۆشـیار دیقـەت لـەو کۆپلـەی دوایـی دەربڕینەکـەی کاک ئـەمیر بدا کە هـەڵگری خـەمێکی ئیدیۆلۆجی مارکسـیزمییە نـەک خـەمی زانسـتی زمانـەوانی.
مرۆی ئەکادیمی دەبێ بێلایەنانە یـان "زانسـت"ییانە سـەیری زمـان بکـا. چۆمسـکی چەپرۆیـە، لێ روانگە زمانەوانییـەکانی، ئەگـەر مارکسـییانە بهـزرین، وێـڕای دەسـتپێوەگرتنیش بـە پێناسـەکەمان لەو چەمکانە، جۆرێک لـە داروینیزمـی و بگـرە نازیزمیشـی تێدایـە. چۆمسـکی توانسـتی زمـان لای مرۆڤ "لە نێوان لێهاتوویی (کۆمپیتێنس) و نمایشکردن (پێرفۆرمانس) جیا دەکاتـەوە، هەرچەنـدە ئـەو واتـای لێهـاتوویی کـەم بـەیاخ دەبینـێ. ئامـانجی چۆمسـکی لـە لێهاتوویی ئایدیالی، خـۆرسـکی زانینـی ئـاخێوەر/بیسـەرە (intrinsic knowledge) لەمـەر زمانەکەیـدا، کـەچی نمـاییش مانیفستێکگەلێکە لـە زانینـی مرۆڤێکی نێر یـان مـێ لـە کردارێکـی کۆنکرێتدا. لێهاتوویی زانینێکی ***بوونایەتییە***، بـەمجۆرە کـە ئـەوە بـە چەشـنە سـنووردارییەکی کـاتیی و سـنووربەندی (بـۆ نموونـە ئەوەی کە پەیوەندی بە توانستی یادەوەریی یان بێکاتییـەوە هەیـە) بێزار نابێت کـە هەمیشـە کـەم تا زۆر نمایشـکردن رادەگرێت." (1) بـە کـورتی چۆمسـکی ئـەو لێهاتووە خۆرسـکییە بـە توانسـتی تاکەکەسێکی ئایدیالی دەناسێ. کەواتە ئـەو پۆلێنکردنـەی مـرۆڤ لـە ئاسـتی زمـان و ئایدیۆلۆجییە مارکسییەکەی، جیاوازیان هەیە.

لێ دەکرێ بپرسین: گەلۆ زمان چییە؟ ئاخۆ دەکرێ لە تاکە شێوەیەکدا، تەنانەت فرە رەهەندی زمانی سروشتیش لەبەر چاونەگرین، زمان پێناسە بکەین؟ دیارە دەکرێ هەر یەک لە ئێمە لە روانگەی جیاوازەوە پێناسەی زمان بکا، کە دواجار هیچێک لەو روانگانە ناتوانن دوا پێناسە بن بۆ زمان. چونکە وێرای ئەوەی کە زمان وەک خودی بوونی مرۆڤ چەمکێکی بزۆکە، لە پێناسەیەکدا بەرجەستە نابێتەوە، لێ لە بواری زانست، فەلسەفە، جڤاکیی و مێژوویییەوە تیۆریی و پێناسەگەلی جیاواز لەمەڕ زمان هەن. بەڵێ، لێرەدا ئێمە مەبەستمان نییە لە بری "زماننناسە ئەکادیمییەکان"ی کورد لە کۆی ئەو تیۆریی و روانگانەی زمان بدوێین، لێ لە سادەترین پێناسەدا زمان هەندێک جار بریتییە لە شێوەگەلی میکانیکی نامۆ، کە ئەو شێوانەش ناتوانن گشت پێشهاتەکانی ژیان و ئەزموونەکانی مرۆڤ دەرببڕن. لەوەش بترازێین، مرۆڤ چالاکییەکانی بە رێی زمانەوە دەردەبڕێ. بەمجۆرە ئەگەر ئێمە هەوڵبدەین ئەو چالاکییە بزۆکانەی مرۆڤ بسڕینەوە و تەنیا شێوەکانی دەربڕینی زمان لەبەر چاو بگرین، کەواتە ناوەڕۆکە زیندووەکانی ئەو چالاکییانەی مرۆڤیش دەسڕینەوە. لێرەوە زمان بریتییە لە بوون و ژیانی مرۆڤ، واتا هەبوون و زمان پێکڤە یەکاتییەک پێکدەهێنن.

لەوەش بترازێین، ئەدی زانستی زمان چییە، کە ئەمڕۆ لە کن "ئەکادیمی"یەکانی کورد بۆتە مۆدە و لە دیدارەکانیاندا، نەک لێکۆڵینەوە"ئەکادیمی"یەکان دەیلێنەوە؟ گەلۆ ئەو "زانستی زمان"ە چۆن ئەو کێشە مرۆڤایەتییە چارەسەر دەکا؟ بەلێ، وەک گوتم، لێرەدا نیازم نییە لە بری زامانزانە"ئەکادیمی"یەکانی کورد ئەو پرسیارانە راڤە بکەم. لێ لە زمانە رۆژئاواییەکاندا سالآنە لە روانگەی تیۆرییەوە بە سەدان توێژینەوە و وتار لەسەر ئەو بابەتەوە دەنووسرێن، کە مخابن رەنگە زۆرینەی خوێنەری کوردستان لەبەر هۆکاری زمانەوە لە خوێندنەوەی ئەو هەموو توێژینەوە و وتارە هەمە رەهەندانەوە بێبەش بێت. هەر چۆنێک بێت، لە بواری زانستی زمانەوانیدا تاکە پێناسەیەکی "زانستی" بۆ زمان نییە، کە مامۆستا حەسەن پوور لە هەموو هەڤپەیڤینە رۆژنامەوانەکانیدا دووبارەی دەکاتەوە، بێ ئەوەی ئەوە بە ئەرکی خۆی بزانێ کە ئەو روانگە و پێناسە جیاوازانەی کە لەسەر زمان هەن بە خوێنەری کوردی بناسێنێ.

لەو روانگەیەوە ئەرکی زانستی زمانەوانی ئەوەیە کە ئەو پێناسە و تیۆریانە لەسەر زماندا هەیە راڤە بکا. لێرەوە دەکرێ هەوڵە زمانەوانییەکانی مەسعود محەمەد لەو رەهەندەوە سەیر بکەین، کە ئەو لە کاتی خۆیدا بەشێک لەو پێناسە و تیۆریانەی راڤە کرد. ئەمڕۆ ئەرکی ئەو زمانزانە "ئەکادیمی"یە نوێیانەی وەک حەسەن پوورە کە بە پێناسە و تیۆرییە نوێیەکانەوە ئەو کێشانەی زمانی کوردیی چارەسەر بکا. بۆیە پێناسەکردنی بەرهەمە زمانەوانییەکانی مەسعود محەمەد بە رستەیەکی نیوەچڵی وەک "مەسعود محەمەد شارەزاییەکی ئەوتۆی لە زمانەوانی نەبووە" نەک هەر دەربڕینێکی "زانستی" نییە، بەڵکە ئێتیکیش نییە. چونکە وێرای ئەوەی کە بابەتە زمانەوانییەکانی مەسعود محەمەد زانستین، ئێمە نازانین ئەو "ئەوتۆ"یە چ مانایەکی هەیە. ئاخۆ ئەو "ئەوتۆ"یەی کاک حەسەن پوور، مانای ئەوەیە کە بابەتە زمانەوانییەکانی مەسعود محەمەد گرفتی زانستیان هەیە؟ یان چونکە مەسعود محەمەد بەو "زانست"ە نوێیەی نەنووسیوە کە

حەسـەن پوور بە تاكە "راسـتی" دەزانـێ؟ ئەگەر وایـە، كەواتـە بۆ نموونـە، دەبـێ زمانناسـەكانی ئێستای رۆژئـاوا ئـەو تیـۆریی و پێناسانەی كە بەسـەر سـێ ئاراسـتە دابەشكراوە: زمانەوانی لـە سـەردەمی گریكـی كـۆن، كلاسـیكی و مـۆدێرن بـە زانسـتی نـەزانن و رەتیبكەنـەوە؟ چونكـە، بـە واتـای حەسـەن پـوور، ئـەو هەولانـەی پێشـتر "زانسـتی" نەبوونـە. بـەلام ئـەوەی ئاگـای لـە بـواری زمانناسـی ئـەمرۆ بێـت، دەزانـێ كـە زمانزانـەكانی ئێسـتای رۆژئـاوا قسـەی لـەو تـەرزەی حەسـەن پوور لەسـەر هەوڵـەكانی پێش خۆیـان ناكـەن. دیـارە ئـەو تیۆرییـە نوێیانـەی ئـەمڕۆی زمانناسـە رۆژئاواییەكان خەریكی ئەوەن كە بۆشایی و گرفتەكانی ئەو رێزمـان و شـێوە نووسـینەی كە لە تیۆریی و پێناسەكانی پێشتردا پێشكەشكراون چارەسەر بكەن.

بۆ نموونـە، ئـەمرۆ بـە هـۆی بـە هـەرمێن بـوونی تـەكنیك و دەركـەوتنی كۆمپیوتـەرەوە بـواری توێژینەوەی زمانەوانی سەرگەرمی تیۆریی و پێناسـەی نـوێن بۆ زمـان، كە پێشتر ئـەو بـوارە لـە ئارادا نەبوو. جێگەی سەرنجە، كە مەسعود محەمەد لە نەوەدەكاندا، كە ئـەوكات لـە كوردسـتاندا هێشـتا كۆمپیوتـەر وەك ئێسـتا نـەبوو، لـە گفتوگۆیەكدا لەگـەڵ شـوكوور مسـتەفادا ئامـاژە بـەو ئەركە نوێیە دەكا كە تەكنیك دروستی كردووە.

سـەبارەت بـە كۆمپیوتـەر، زمانناسـی سـوێدی Anna Sågvall Hein دەبێژێ: "لەگـەڵ هـاتنی كۆمپیوتەر بۆ بواری زانسـتی زمانـدا، پێویسـتی نوێش هاتـە ئاراوە؛ مرۆ پێویسـتە بتـوانێ لەمـەڕ زمانـدا زانیـاری بـە مۆدێلـەكانی زمـانی كۆمپیوتـەر پێشـكەش بكـا. هاوكـاتیش ئـەركی پێناسـەكانی زمان هەم لە ناوەرۆك و هەمیش لە شێوەدا گۆڕانیان بەسەر داهات." (2)

بەهەمە حاڵ، ئەركی ئـەم وتـارە نمایشـكردنی كـۆی ئـەو پێناسـە و تیۆرییـە جیاوازانـە نییـە كـە لـە كـۆن و ئێسـتادا لەمـەڕ زمانـدا نووسـراون، هاوكـاتیش بوارمـان نییـە باسـی روانگـەی فەلسـەفەی زمـانیش بكـەین، كـە خـۆی بەشـێكە لـە "زانسـت"ی زمانـەوانی. لـێ پێویسـتە بزانین، كـە "زانسـت" مەتەڵێك نییە كە "زانسـتوان" هـەڵی بهێنێت. زمانناسـیش، وەك هـەر بـوارێكی دیكـە پرۆسـەیەكە و لە هەر قۆناغێكدا، بە گوێرەی پێویسـتییەكانی مرۆڤی سـەردەم و سروشـتی زمانـەوە، خوازیـاری پێناسـە و تیـۆری نوێیـە. مەسـعود محەمـەدیش لـە سـەردەمی خۆیـدا، وەك چـۆن هاوتەمـەن و ئەوانیدیەكـەی پێشـی خـۆی، بـە كتێبـە بەهادارەكـەی، "زاراوەسـازی پێوانـە" و دەیـان وتـاری زامانەوای دیكەوە، بە واتای "زانستی" زمانی كورد راڤە كرد، مشتومالكرد و هەڵكۆلی. ئـەمرۆش ئـەوە ئـەركی ئەكادیمیگـەلێكی زمانناسـی وەك حەسـەن پـوورە كـە بـە پێناسـە و تیۆرییـە نوێیەكانەوە گرفتەكانی زمانی كوردیی چارەسەر بكەن و گەشەی پێبدەن، تاكوو زمانی كوردیی بتوانێ ئەزموون و پێشهاتەكانی ئەمڕۆی مرۆی كورد نمایشبكا.

هاوكاتیش ئەوە ئەركی چەپڕۆی نوێی وەك حەسـەن پـوورە، كە لێكۆڵینەوە و رەڤەمـان لەسـەر ئـەو چـەشـنە ماركسـیزم و سۆسـیالیزمە پێشـكەش بكـەن، كـە گوایـە مەسـعود محەمـەد "تێنەگەیشتووە".

هەر چۆنێک بێت، پەسندانەکەی کاک حەسەن پوور لە مەسعود محەمەد کە "دژی وشەی عەرەبی نەبووە"، بەندە بە ئایدیۆلۆجییە مارکسییەکەی نەک زانستییەکەی. لێ مامۆستا حەسەن پوور دوای ئەو رستە ئایدیۆلۆجییە، بە رستەیەکی "ئەکادیمی" ناساندنەکەی لە مەسعود محەمەد خەتم دەکا و دەبێژێ: "دیارە مامۆستا مەسعود محەمەد زانیارییەکی ئەوتۆی دەربارەی زمانناسی نەبووە..." هەروا کاک حەسەن پوور کاک مەسعودبە کەسێکی "کۆنسەرڤاتیڤ" پێناسە دەکا، ئەویش چونکە، بە گوێرەی چەپرۆییەکەی کاک حەسەن پوور، مەسعود محەمەد پێی وابووە کە "لە کورستاندا دەرەبەگایەتی تێدا نییەو ئەوەی هەیە ئەوەیە کە دەرەبەگەکان برا گەورەی برا بچووکەکانن..." بەوەندە وێناکردنەکەی کاک ئەمیری حەسەن پوور لە توانای زمان و هزری مەسعود محەمەد تەواو دەبێ، ئیتر ئاوێ بێنە و دەستان بشۆ.
دیارە ئەو یەکەم جار نییە کە خوێنەر و رۆژنامەڤانان پرسیاریان لە هۆی بێدەنگی کاک حەسەن پوور لە کتێبەکەی مامۆستا مەسعود محەمەد، "بۆ ئەمیری حەسەن پوور لە هەر کوییەک بێت" کرد بێت. لێ وەڵامەکانی ئەوجارە و پێشووی ئەمیری حەسەن پوور هەمیشە ئەوە بووە، کە "کات"ی نییە. دیارە ئەوەی کتێبەکەی "بۆ ئەمیری حەسەن پوور"ی خوێندبێتەوە، دەزانێ کە ئەوکاتیش حەسەن پوور هەمان رەخنەی لە مەسعود محەمەد گرتبوو، بۆیە ئەویش بۆ ئەوەی بروایەکانی لەمەڕ "زانست"، مارکسیزم و دەربەگایەتی لە کوردستاندا راشکاوتر باس بکا و بواریش بۆ حەسەن پوور ئاوەڵا بکاتەوە بە خۆی بیر بکاتەوە، تێگەیشتنە "راستی"یەکەی خۆی لە هەمبەر مارکسیزم پشکەش بکا، ئەو کتێبە دەنووسێ. بەمجۆرە حەسەن پوور ئەو هەموو ساڵە لە بری لێکۆلینەوەیەکی "ئەکادیمی" لەسەر "زانستی" زمان و "دەرەبەگ"ی کورد بۆ خوێنەری کورد بنووسێ، کەچی واز لە گوتنەوەی ئەو حیکایەتەی "زانستی" و "کۆنسەرڤاتیڤ"ە، ناهێنێ. لەوەش گەڕیین، ئەگەرچی، وەک حەسەن پوور خۆی دەڵێ، یەکێک لە حەزەکانی نووسینە لەمەڕ "دەرەبەگ"ی کوردستان، دەبوو بە لێکۆڵینەوەیەکی "زانستی" بۆشایی کەم و کوڕیی لە روانگەکانی مەسعود محەمەد لەمەڕ ئەو بابەتەدا چارەسەر بکا. دیارە ئەوە مەسعود محەمەدە کە وەک هەوەلین نووسەری کوردە زیاتر بەر لە بیست ساڵ ئەو بابەتەی ورووژاندووە.
لێ جێگەی تێرامانە، کە ئەمڕۆ تۆ پرسیار لە هەر ئاکادیمیکی کورد بکەی، بۆ نموونە، بۆچی لەسەر کێشە ئاڵۆزەکانی ئەمڕۆی کورد نانووسێ، کەچی بەرسڤی زۆرینەی ئەو د. بۆینابخپۆشانە پاساوی بێکاتییە. کەچی هاوکاتیش بەشی زۆری ئەو ئەکادیمیستە هێژایانە، بۆ سازدانی وتوێژی بینرا و داوەتکردن بۆ ئەو شوێنانەی کە چێژی دەسەڵاتی تێدایە، هەمان پاساویان نییە. هەڵبەتە ئەو دیاردەی بێ-کاتییە کە ئەمڕۆ لە جەم نووسەری کورد بە گشتیی و ئاکادیمییەکانیشیدا بە تایبەتی بۆتە مۆدە، پەیوەندی بەو رەوشە ئابووری –سیاسییەی کوردستان، کایەکانی جیهانگریی و رەهەندە جڤاکییەکانی کوردییەوە هەیە. چونکە بە هۆی ئەو رەوشە ئابووری-سیاسیی و جیهانگرییەی کە کورد تێیدا دەژی، ئەکادیمیبوون بۆتە شتێکی کەشخە. لێرەوە کەسی ئەکادیمی هەوڵدەدا شۆرەتە ئەکادیمییەکەی وەک هێمایەک لە سەرووی

توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگەدا پۆلێن بکا. بەمجۆرە بەشێک لە مۆدەی وەک بۆینباخپۆشیین، لەقەبی "دکتۆر" و مینا ئەو ناونیشانانە لە کۆمەڵگەدا بوونەتە هێمای بە هەرمێن. ئەو مۆدیلەش لە سازاندنی ناسنامە و پایە لە کن نووسەر و خوێندەواری کورد، بەشێکی پەیوەندی بە ریشەی خێڵەکی بوونی کۆمەڵگەی کوردییەوە هەیە. ئەمڕۆ دوای تێکشکاندنی ئەو پێکهاتە نەریتیی و تێکچوونی گوند و باڵادەستی دیاردە رووکەشەکانی جیهانگیریی، مرۆی کورد دەخوازێ بە شەهادە، "د" بۆشایی ناسنامەی خێڵەکییەکەی پڕبکاتەوە و بەمەش خۆی سەرنجکیش بکا و رەوایەتی بدات بە قسەکانی. ئەمەش چونکە لە کۆئاگایی خوێندەواری کورددا روونە کە کۆمەڵگەی کوردستان زۆرینەی گوندیی و ناهوشیارە، هێشتا وابەستەی نەریت و خەیاڵی خێڵە، بۆیە دەخوازێ بە پێشگری "د" خۆی سەرنجکیش بکا و بازاڕی گەرمبکات. بەشێکی دیکەی ئەو مۆدەی پێشگری "د" و دۆکتۆرخوازییەی ئەمڕۆ، پەیوەندی بە نەبوونی ناسنامەیەکی تۆکمەی نەتەوایەتییەوە هەیە، بۆیە خوێندەواری کورد، وەک چۆن بوونی پاشگری شار و دەڤەر و خێڵ چەشنە ناسنامەیەکە بۆیان، بە هەمان شێوەش هەنووکە ئەو پێشگری "د" بۆتە ناسنامە و ستاتۆ لە کوردستاندا. بەمجۆرە دەبینین لە مێدیای کوردییدا بانگکردنی ئەو خاوەن پێشگری "د" بۆتە مۆدە، جا پێشکەشکاری بەرنامە تەلەفزیۆنیی و رادیۆییەکانی کوردستان بە حەماسەوە ئەو قسەکەرانە بە "پسپۆڕ"، "دکتۆر-دختۆر" و "مامۆستا" ناودێر دەکەن و بانگ دەکەن. بەهەمە حاڵ، ئەوەی سەرنجکێشە، کە ئەمڕۆ وەک چۆن "دختۆر"ەکانی کوردستان بە دەرمان و نەشتەرگەریی هاووڵاتیان سەقەتکردووە، بە هەمان شێوەش ئەو خاوەن پاشگرە "د" سیاسیی، کۆمەڵناس و فێلەسووفانە روحی کوردیان گەندەڵ و وێرانکردووە.
لێرەدا بوارمان نییە بە دوای ئەو باسە خۆشەی پێشگری "د"ەوە بچین.
بە دیوێکی دیکەوە، بێگومان ئێستا کاک حەسەن پوور کەسێکی ئەکادیمییە. لێ کاتێک خوێنەر لە هەموو دیدارێکدا بەو پرسیارە بەرۆکی ئەو دەگرن، کە ئەو بە کتێبەی مەسعود محەمەدەوە ناسراوە نەک پایە ئەکادیمیی و نووسینەکانییەوە، لەبۆیە شتێکی ئاساییە کە ئەو پرسیارە مجگێڕی ئەو شێلو بکا. بەڵام ئەوجارە کاک حەسەن پوور بە نەوایەکی ئاکادیمییەوە لە چەند رستەیەکی وەک؛ ئەو جۆرە تێگەیشتنەی کاک مەسعود"لە چەپی کورد تێگەیشتووە پێموایە باشی تێنگەیشتووە" و "زانیارییەکی ئەوتۆی دەربارەی زمانناسی نەبوو"، دەخوازێ لە رووی دەروونناسییەوە ئەو هەستی کەمایەسییە لە بەرانبەر خوێنەر و مەسعود محەمەددا لە کۆڵ خۆی بکاتەوە، هاوکاتیش بەو ئاوازە مەیلە و "ئاکادیمی"یانەوە زەینی خوێنەر بۆ ئەوە رابکێشی، کە مەسعود محەمەد "ئاکادیمی" نەبووە، بۆیە، وەک ئەو، لە زمان و مارکسیزم باش حاڵ نەبووە. بەمجۆرە دەخوازێ بێژێ، کە تەنیا "ئەکادیمی"یەکانن دەتوانن لەو چشتانە تێبگەن. لێرەوە دەسەڵاتە "ئاکادیمی"ەکەی کاک حەسەن پوور ئاشکرا دەبێ و هاوکاتیش ئەرکە ئێتیکییەکەی دەکەوێتە کێشەوە. چونکە کاک حەسەن پوور بەو بەرسڤە سەرپێییەوە بۆمان ناسەلمێنی، کە بۆ مەسعود محەمەد "زماننەناس" نەبوو؟ چما بە "باشی" لە مارکسیزم "تێنگەیشتووە"؟ خوێنەر نازانێ پێناسە و پێگەی ئەو چەپی کوردیی و مارکسیزمە چییە و لە

کوێیە کە کاک حەسەن پوور تێگەیشتووە؟! ئێمە نازانین ئەو چەپ و مارکسیزمەی کاک حەسەن پوور چۆن و کەی ئەو کۆمەڵگە بێ چین و دەسەڵاتە ساغلەمە لە جیهان و کوردستاندا دەسازێنێ؟! مخابن خوێنەر لە وەڵامەکانی کاک حەسەن پووردا هیچ وەڵامێکی بۆ ئەو پرسیارانە دەست ناکەوێ. کەواتە: گەلۆ کاک حەسەن پوور لە کام کتێبدا ئەو چەپ و مارکسیزمەی شیکردۆتەوە، کە مەسعود محەمەد تێینگەیشتووە؟ ئەوەی کە کاک حەسەن پوور پێی وایە کاک مەسعود محەمەد مارکسیزمی لە حیزبە شیوعییە باوەکانەوە کورتکردۆتەوە، نە وتنێکی "ئاکادیمی" ونە ئێتێکییشە. چونکە ئەگەر ئەو "بۆ ئەمیری حەسەن پوور لە هەر کوێیەک بێت"، هەرسی بەرگی "مرۆڤ و دەوروبەر"، "لە پەرۆشەکانی ژیان"، "پەرژینی بێدەنگی"، کتێبە عەرەبییە قەبەکەی، "بۆ گورباچۆف؟"، کە دوای رووخانی سۆڤییەت نووسیبوویەتی، بخوێندبایەوە، رەنگە ناچار نەدە بوو ئەو قسە نائێتیکییانە بکا. مەسعود محەمەد لەو کتێبانەدا هەوڵیداوە رەخنە یان راڤەیەکی ئازاد و دڵسۆزانە لە چەمکە گرنگەکانی مارکسیزم، واتا "ماددە"، "ململانێی چینایەتی"، "ئابووری" و... تاد بگرێت. بە کوردی، ئەوەندەی من تێبگەم، مەسعود محەمەد شرۆڤەیەکی ئازادانەی لە گشت ئەو بە ناو کۆمۆنیستە گرتووە، کە بە شێوەیەکی وشکەرۆ، قەتیسماو سەیری ئەو چەمکە سەرەکییانەی مارکسیزم و خودی مارکسیزمیش کردووە، نەک دژایەتی رەهەندە مرۆییەکانی مارکسیزمی کردووە، لێرەوە، وەک لە وتاری "مەسعود محەمەد؛ ئێستێتیکای شێوازاندنی هزرینێکی خۆکرد"دا، باسمکردووە، لێرەش بە یادی خوێنەرانی ئەو بابەتە دەهێنمەوە، کە مەسعود محەمەد هاوکات لەگەڵ رووناکبیرە مارکسیستە رۆژئاواییەکان مینا ئالتوسێر، هزرڤانەکانی "قوتابخانەی فرانکفۆرت"، لە کاتێکی زوودا رەخنەی لەو تێگەیشتنە چەقبەستووانەی چەمکە سەرەکییەکانی مارکسیزم گرتووە، نەک هەر "حیزبە شیوعییەکانی لای خۆمان" بۆیە. بە رای من، ئەو کارەی مەسعودجێگەی سەرنجە و پێشم وایە مەسعود مەیلێکی ئازادانەی بۆ بەشێک لە بیرۆکە مرۆخوازییەکانی مارکسیزم هەبووە، نەک، وەک کاک جەمال نەبەز و حەسەن پوور، کە پێیان وایە ئەو تەواو دژی مارکسیزم بووە. ئەوەی کە "گەشتی ژیانم" و کتێبەکانی مەسعود محەمەدی خوێندبێتەوە هەست بەو مەیل یان دڵبزوێنییەی ئەو بۆ جیهانبینی مارکسیزم دەکا. یان دەکرێ مرۆ بپرسێ: ئەگەر نووسەرێک بیرۆکەیەک، تیۆرییەک باڵکێشی نەکا، دەتوانێ چەندان وتار و کتێبی لە بارەیەوە بنووسێ؟ لەبۆیە هەڵوەستە و رەخنەگرتن لە تیۆریی و چەشنە بیرکردنەوەیەک، هەمیشە واتای رق و دژایەتی کردن نییە، بەڵکە دەکرێ رەخنە یان خوێندنەوەی مەسعود محەمەد لە مارکسیزم، وەک تەرزە گفتوگۆ، بەشداریکردن و هەڵکۆڵین لە بڕوا و چەمکە سەرەکییەکانی مارکسیزم بیخوێنینەوە. بەڵێ، من، بە جۆرێک لە جۆرەکان، بەمجۆرە بەشێک لە بۆچوونەکانی مەسعود محەمەد لەمەڕ مارکسایەتیی و سۆسیالیزم دەخوێنمەوە. گەرەکە بڕوا بەوە بێنین، کە بە گرنگزانینی چەشنە هزرێک، فیلەسووفێک، تیۆریی و ... تاد، وەک نموونەی چەپڕۆیە باوەکان یان ئیسلامییە فۆندەمێنتاڵەکان یانیش حیزبییە سەرۆک حیزب پەرستەکانی لای ئێمە، تەنیا لە شێوەی وابەستەبوون و ئاوێزانبوونێکی رەهادا نییە، بەڵکە دەکرێ ئەو بە گرنگزنین و

سۆزدارییە بۆ هزر، فێلەسووفێک و تیۆرییەک لە رەخنەگرتن و راڤەکردنێکی ئازادانەشدا بەرجەستە بێتەوە. لێرەوە مەیلی مەسعود محەمەد بۆ چەمکەکانی مارکسیزم، مەیلێکی رۆشنبیریی بوو. ئەو دەیویست بە رێی ئەو چەمک مارکسیستیی و حیزبە وشکەڕۆیە ستالینیستانەوە، بیری خۆی بخەملێنێ و رابگەیەنێ. کەچی ئەمیر حەسەن پوور تەواو بە پێچەوانەی مەسعود محەمەدەوە، رزگاری مرۆڤ، راستتره بڵێین چاوەرنووسی ئێمە بە هات و نەهاتی دەسەڵاتی چینی کرێکارانەوە گرێدەدا.
لەوەش بگوزەرێین، ئەگەر خوێنەر، بۆ نموونە، "بۆ ئەمیری حەسەن پوور لە هەر کوێیەک بێت"ی خوێندبێتەوە، دەبێ ئەوە تێبگا، کە مەسعود محەمەد لە گفتوگۆکردن لەگەڵ کەسێکی جیاوازدا بەو شێوازە غەدار و رەتکەرەوە ناپەیڤێ کە نەریتێکە لە زمانی کوردییدا، هەروەک خوێنەر درک بەوە دەکا کە مەسعود محەمەد لەو قۆناغە زووەدا چەشنە رەخنەیەکی ئازادانەی لە مارکسیزم و حیزبە کۆمۆنیستەکان گرت کە ئەوکات نەک هەر لە کوردستاندا، بەڵکە لە جیهانی ئیسلامیی و جیهانەکانی دیکەشدا ئاسان نەبوو. بەمجۆرە بەر لەوەی ئەو ماڵئاوایی لە ژیان و زمانەکەی بکا، ئاکامی ئەو تەرزە تێگەیشتنە چەقبەستووەی کۆمۆنیستە جیاوازەکان لە مارکسایەتییدا، بۆچوونەکانی ئەویان سەلماند.
بەهەمەحاڵ، ئێستا ئەرکی نووسەر و خوێنەری وەک نموونەی کاک حەسەن پوورە کە بۆ دڵنیا بوون و هەڵوەستەکردن لەو پرسانە کتێبەکانی مەسعود محەمەد بخوێننەوە و کەم و کورتییەکانی شیبکەنەوە و رەخنەی لێ بگرن، تاکوو نەوەی ئەمڕۆ سوود لەو ئەزموونە تیۆریی سیاسییانەی مارکسیزم وەربگرن، تاکوو نەریتی رەخنەی زیندوو فراژووتر بێت.

دیارە ئەو رامانە ئۆتۆپییەی کاک حەسەن پوور و بگرە جەمال نەبەزیش لە مارکسیزم یان سۆسیالیزمدا، هەژەندی مرۆڤایەتیان بەرهەمهێناوە. راستییەکەی تراژیدی/کۆمیدییەکان؛ دیکتاتۆرەکان؛ نازیزم، فاشیزم و بلۆکی سۆسیالیزم، بەرهەمی ئەو ئۆتۆپیایەی مرۆڤ و ئاکادیمییەکان بوون. ئەوە نووسەرگەل و ئاکادیمیگەلێکی لە نموونەی کاک حەسەن پوور بوون کە نزیکەی هەشتا ساڵ خەڵکیان بەو ئۆتۆپییە سۆسیالیزم و کۆمەڵگەیە بێ چینە و خەونی پیرۆزاندنی نەتەوە فریو دەدا. ئاکامی ئەمەش، بەرهەمهێنانی فاشیزم، نازیزم و ئەو رژێمە سۆسیالیستییانەی ئەورووپای رۆژهەڵات، ئاسیا و بگرە رژێمگەلێکی وەک رژێمی بەعسیی بوون.

کەواتە تۆ بڵێی مەبەستی کاک حەسەن پوور لەو "چەپی کوردی"یە سەر مۆرە، ئەو حیزبە کۆمۆنیستە تازەباوانە بێت، کە نموونەی مەنسووری حیکمەت چاوگە و پەیامبەریانە؟ دوای هەشتا ساڵ دەستخەرۆدانی خەڵک بە بلۆکی سۆڤییەت، کە گوایە بە لەناوبردنی "ململانێی چینایەتی" مرۆڤایەتیی و کوردی بێبەشیش لە مافە نەتەوایەتییەکان رزگار دەکا، ئێستا نۆرەی ئەوەیە کاک حەسەن پوور بەو تەرزە مارکسیزم و چەپڕۆییە تازە بابەتەوە مەستمان بکا. راستە مارکسیزم، یان بەرهەمەکانی ئەنگلس، فیۆرباخ، مارکس و ... هتد، وەک ماریفە و هزر

نەک ئایدیۆلۆجیی ، هەڵگری بەهای مرۆڤایەتیی و جوانیین، لێ ڕاستییەکەی ئەو ماریفە و هزرەش، وەک هەر هزرێکی بەهاداری دیکە، تەنیا لە ئاستی تیۆرییدا سەرنجکێشن، لێ هەر کاتێک لە پێناسەیەکی ئایدیۆلۆجییدا کورتکرانەوە و پیادە کران، ئاکامەکەیان لەو ئەزموونانە باشتر نابن کە لە سۆڤیەتی کۆن، چین و ... بینیمان. چونکە، بە بڕوای من، هیچ هزرێکی ئایدیالی، گەردوونی لەگەل واقیعی ژیانی مرۆڤدا ناگوجێ، چونکە مرۆڤ بوونەوەرێکی خۆویست و لێکجیاوازە؛ خولیای دەسەڵات و کووشتەی خاوەنداریەتییە. لەبۆیە یەکسانی و نەمانی جیاوازی لە نێوان مرۆڤدا، تەنیا لەوکاتەدایە کە لە خەباتدایە یان بێدەسەڵاتە.

هەر بۆیە ئەو سۆسیالیزمەی کە هێژا حەسەن پوور جەمال نەبەز بە شێوەی جوودا بڕوایان پێیە، ڕاستییەکەی، وێڕای هاوسۆزیم بۆ ڕەهەندە هزریی و مرۆییەکانی ئەو بیرۆکەیەش، کەچی لە دواجاردا لە زۆر ڕەهەندەوە ئەو سیستەمە سیاسییە، لە ئاستی فەلسەفیی و سیاسییدا، لە سیستەمی کۆیلایەتیی زۆر نزیکە: سۆسیالیستەکان پێیان وایە لە کۆمەڵگەیەکی بێ چینایەتیدا، دەسەڵات هاووڵاتیان لە خەمە ئابوورییەکاندا ئازاد دەکەن، لە بەرانبەر ئەمەشدا ئەوان نابێ بیر لە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان بکەنەوە. لەو سیستەمە سۆسیالیستییەدا تەنیا توێژێکی دەسەڵاتدار مافی خاوەندارییەتی ئابووریان هەیە، کەچی هاووڵاتیان ئەو مافەیان نییە. ئەمەش کتومت لە سیستەمی کۆیلەداری دەچێ. لەوێدا کۆیلەدارەکان مەرجیان ئەوەبوو کە کۆیلە ئیشیان بۆ بکەن، لە بەرانبەرەشدا ئەوان بەخێویان دەکەن. خزمایەتی نێوان سۆسیالیزم و کۆیلەداریی لەو ڕەهەندە ئابوورییەش قووڵترە: سۆسیالیستەکان بە خۆکردنە سەرچاوەی ئابوورییەوە بانگەشە بۆ دادپەروەریی و یەکسانی دەکەن. هەڵبەت لە ئاستی ئەخلاقییەوە نابێ هاووڵاتیان ئەو دەسەڵاتە سۆسیالیستییە ، خاوەن ئابوورییە بخاتە ژێر پرسیارەوە، کۆیلەدارەکانیش هەمان ئەخلاقیان هەبوو، کە کۆیلە نەدەبوو سەردارەکەی کە خاوەن هەموو مافێکی ئابوورییە، بخاتە ژێر پرسیاری ئەخلاقییەوە. لێرەدا بوارمان نییە زیاتر لە وێکچوونەکانی نێوان ئەو سۆسیالیزمە ئۆتۆپییە و بگرە هزری نازیزم و جیهانبینییە ئایینەکانیش بدوێین. هەڵبەتە ئەمڕۆ ئەو وێکچوواندنەی نێوان نازیزم و ئایین، بابەتێکە کە زۆر لە ڕووناکبیر و هزرڤانەکانی ڕۆژئاواییەکان باسیان کردووە. بۆ نموونە، فیلمساز و ڕووناکبیری ناسراوەی ئیتالیی، پاولۆ پازۆلینی، کە بە هونەرمەند و لایەنگرێکی ئایدیالیی چەپی ئیتالی ناسرا بوو، لە کتێبی "نووسینەکانی پاولۆ پازۆلینی لە کاتێکی هەڵە"دا (3)، باس لەوە دەکا کە پارتە کۆمۆنیستەکانی بە گشتیی و پارتی کۆمۆنیستی ئیتالیی پەیامە شۆڕگێرییەکانیان پووچکردەوە، لە ئاکامی ئەمەشدا، شێوەی ڕێکخستنەکانی پارتە کۆمونیستەکانیش وێنەی کڵێسەیان وەرگرت. ڕاستییەکەی خوێندنەوەی بۆچوونەکانی پازۆلینی لەمەڕ ئەزموونی فاشیزم، کۆمۆنیزم و حیزبی مەسیحی ئیتالیا و هاونموونەکانیان لە ئەورووپای ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتدا، جێگەی سەرنجن، چونکە پازۆلینی وەک نووسەر و هونەرمەندێکی ئەنارشی، لە شەستەکانەوە ڕەخنە و خوێندنەوەی سەرڕاستی لەمەڕ گرفتەکانی پارتە کۆمونیستانەوە پێشکەشکردووە، کە

لێرەدا بواری ئەوەمان نییە زیاتر باسی هەڵوێستەکانی ئەو هونەرمەندە لەمەڕ ئەو بابەتەوە بکەین.
لێ گریمان کێشەی چینایەتی کۆتایی پێ هات، وەلێ چۆن کێشەی جیاوازیی نێوان مرۆڤەکان کۆتایی پێ دێ؟ ئایا دەکرێ مرۆڤ لە رەهەندە خۆویستییی، ئاوێزان بە خاوەنداریی و نەرێیەکانی دابماڵین؟
بە دیویکی دیکەوە، ئەو بۆچوونانەی کاک حەسەن پوور و کاک جەمال نەبەز، کتێبەکەی توماس مۆر، "ئۆتۆپیا"،مان بە یاد دێننەوە. چونکە تاوگیریی ئەو "سۆسیالیست"ییە ئۆتۆپییەی هەردوو هێژامان لە "ئۆتۆپیا"کەی مۆر دەچن. کاتێک ئینگلستان لە سەرەتای کۆتایی سەدەی شازنە و سەرەتایەکانی سەدەی حەڤدەدا لەناو تەنگژەی شەڕی نێوخۆیی، ئابووری و سیاسی سەگەردان بوو، مۆر بە سازاندنی ئەو کۆمەڵگەیە ئۆتۆپییەوە هەوڵدەدا کۆمەڵگەکەی لەو تەنگژەیە رزگار بکا و بەمەش بە سیستەمێکی کۆمۆنیستی رابگەیەنێ. هەر بۆیە ئەو کتێبە بە خەیاڵاندنێکی کۆمۆنیستانە دەزانرێ.
لێرەوە، بە رای من، ئەو ئاوێزانبوونەی مرۆی کورد بە ئایدیۆلۆجییەکی ئۆتۆپی وەک مارکسیزم، ئیسلامی سیاسیی و ئایدیۆلۆجییە شۆڤینییە ناسیۆنالیزمییەکانی دیکە، پەیوەندی بە بێئومێد بوون لە رزگار بوونی کۆمەڵگەی کوردیی و کەوتنە ژێر کاریگەری کولتووری نەتەوە باڵادەستەکانەوە هەیە. لەم رونگەیەوە، کورد بۆ ئەوەی بتوانێ رێیەک بۆ رزگار بوون لەو تێکشاندنە رۆحیی و دەروونییەی کە لە بندەستی داگیرکاران و ستەمی کۆمەڵایەتیدا دەیچێژێ بدۆزێتەوە، هاوکاتیش دڵدانەوەیەک بۆ ئەو دۆخە نەریتگر وابەستەییە رۆشنبیریی و سیاسییەی خۆی مەیسەر بکا، ئەوە سۆسیالیزم، ئایین و توونڕۆیی ناسیۆنالیزمی دەبنە دوو فریادرەسی ئۆتۆپیی، دوو دێوجامەی شێوە جوودا و نێوەڕۆک لێکچوو. لێرەوە من هاوسۆزم لەگەڵ زۆر رەهەندی روانگەکانی مارکسیزم، لێ وەهماندنی ئەو روانگە مارکسیزم، ئایینیی و ناسییۆنالیزمیانە، هەژەندی کووشندە بەرهەمدەهێنن.

لێ لێرەدا بۆ ئەوەی خوێنەر بە گشتیی و کاک حەسەن پوور و هاوڕاکانیشی بە تایبەتی لە گەوهەریی ئەو رژێمە هەمگیرییەی سۆسیالیزمی ئەلمانیای رۆژهەلات تێبەگەن، کە نموونەیەکە لە سۆسیالیزمی رۆژئاوایی نەک رۆژهەلاتی، سەیری فیلمەکەی Donnersmarck, Van بەناوی "ژیانی ئەوانیدیکە- Des Lebn der Andesen" بکەن، کە لە 2006 سازکراوە. ئەو فیلمە ئەوەمان نیشاندەدا کە چۆن ئەو دەسەڵاتە سۆسیالیزمە بە کامیرای شاراوە و تۆڕەکانی چاودێریکردنەوە ژیانی هاوولاتیانی تەنیبووە. بەمجۆرە ئەو سۆسیالیزمە بە سەدان نووسەر، هونەرمەند و... هتد، کە بێ ئەوەی بە دژی ئەو رژێمە بووبن، تەفروتوونا کرد.
لەوەش زیاتر، کورتکردنەوەی بۆچوونەکانی مەسعود محەمەد لەمەڕ "فیودالیزم"ی کورد، بەو مانایەی کە "دەرەبەگەکان برا گەورەی برا بچووکەکانن" لە لایەن کاک حەسەن پوورەوە، تێگەیشتنێکی سادەیە. بە کورتی ئەوەی من لە کاک مەسعودتێگەیشتبم، کە ئەو لە روانگەیەکی

ئاوەزگەرییەوە سەیری کۆمەڵگەی کورد و ئامانجەکانی دەکا. لە کن مەسعود محەمەددا کێشەی ئێستای کورد چینایەتی نەبووە، بەڵکە نەتەوایەتی بووە. هاوکاتیش مەسعود محەمەد مەبەستی نەبووە کە دەربەگ برا گەورەی برا بچووک بێت، بەڵکە ئەو مەبەستی کۆمەڵگەیەکی دادپەروەر بووە. مرۆ کە کتێبەکانی مەسعوودی خوێندبێتەوە، ناکرێ ئەوە فەرامۆشبکا، کە ئەو کەسەیە کە کاک حەسەن پوور و کاک جەمال نەبەز باسی دەکەن.

لەوەش بترازێین، ئەگەرچی کاک جەمال نەبەز، لەو بەشەی کە لە هەوڵی ئەوەدایە لەسەر مەسعود محەمەد بکاتەوە و قسەکانی کاک حەسەن پوور رەتکاتەوە، کەچی دواجار بە ئاکامگیرییەک لە ئاخاوتنەکانیدا، وەک ئەمیر حەسەن پوور، لێ بە شێوەیەکی دیکە، لە تواناکانی مامۆستا مەسعود محەمەد کەمدەکاتەوە و بەمەش وێنایەکی هەڵبزرکاو لەو بۆ خوێنەر نمایشدەکا.

دوای ئەوە هێژا جەمال نەبەز لە وتارێک، "تۆمەتی ناڕەواو بوختان؛ لە پشت پەرژینی پەسندانەوە"دا، کە لە هەمان هەفتەنامە، ژمارە 307ی گەلاوێژدا بڵاوکراوەتەوە، بەرسڤی ئەو بۆچوونە "ناڕەوا"یانەی کاک حەسەن پوور، کە لە هەمان وتووێژدا لەمەڕ بیری نەتەوایەتی ئەو کردبوونی. کاک جەمال نەبەز لە بەشێکی ئەو بەرسڤەیدا لۆمەی کاک حەسەن پوور دەکا بەوەی کە بە غەداری باسی مەسعود محەمەدی کردووە، چونکە کاک مەسعود محەمەد عەرەبیزانێکی باشە بووە و کاتی خۆشی کۆمەکی کاک حەسەن پووری کردووە. لێ ئەوەی جێگەی سەرنجە، کە کاک جەمال نەبەز یەک پەیڤ لەسەر زمانە کوردییەکەی کاک مەسعود محەمەد گۆ ناکا! ئەگەر خوێنەرێک ئاگای لە کتێب و وتارگەلە دانسقە کوردییەکانی ئەو نەبێ، وا دەزانێ کە کاک مەسعودنووسەرێکی کوردی عەرەبینووسە. هەڵبەت بە هۆی ئەو سیاسەتە رۆشنبیرییە عەنتیکەیەی کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا قەڵەمڕەوە، رەنگە گەنجلاوێکی فرە ئاشنای کتێبەکانی کاک مەسعود محەمەد نەبن. لەوەش زیاتر، هێژا جەمال نەبەز لە درێژەی بۆچوونەکانی لەسەر مەسعود محەمەددا، بابەتێک دەورووژێنی، کە بێ ئەوەی پەیوەندی بە کرۆکی باسەکەی نێوان خۆیی و کاک حەسنەپوورەوە هەبێت، ئەویش چۆنییەتی ئیشکردنی مەسعود محەمەدە لە "کۆڕی زانیاریی کورد" و دواجاریش نهێنی نەهاتنەوەی ئەوە لە بەغداوە بۆ هەولێر. لێرەوە دەکرێ خوێنەر لە کاک جەمال نەبەز بپرسێ: ئەو باسەی حەسەن پوور چ پەیوەندییەکی بە بابەتی ئیشکردنی مەسعود محەمەد لە "کۆڕی زانیاریی کورد" و … هەیە؟ ئەگەر مانەوەی کاک مەسعود محەمەد لە بەغدا خەوشێک بێ بۆ ئەو و سوودیشی بۆ زمان و رۆشنبیریی کوردی نەبووە، بۆ ئەو هەتا ئەمڕۆ وتارێکی تایبەتی لەسەر نەنووسیوە، تاکوو خوێنەر لە راستی کێشەکان و بەهای "کۆڕی زانیاریی کورد" تێبگا؟ ئەگەر مەسعود محەمەد مەرجی هاتنەوەی بۆ کوردستان و کارکردنی لە "کۆڕی زانیاریی کورد"دا لە هەولێر تەنیا وەرگرتنی "پلەی سەرۆکوەزیران بە خۆیی و پلەی وەزیریش بە هاوکارەکانی" بێت، دەکرێ خوێنەر بزانێ ئەو بەڵگانە لە کوێن؟ ئاخۆ ئەو بەڵگانە بڵاوکراوەیەکی کوردییدا

چاپکراون؟ ئەگەر ئەو "مەرج"ەی مەسعود محەمەد، بۆ کاک جەمال نەبەز، خەوشێک بێت، بۆ پێشتر باسی نەکردووە؟ ئاخۆ مافی مەسعود محەمەد نییە ئەو خواستەی هەبێت؟ ئەگەر مەسعود محەمەد دەمڕاستی "کۆڕی زانیاری" لە هەولێر بووایە باشتر نەدەبوو لە زۆرێک لەوانەی کە ئەگەر حیزبایەتی نەبێت، هیچ پەیوەندییەکیان بەو کۆڕەوە نییە؟

وێڕای ئەمەش، ئەوەی من بیزانم، هۆی کار نەکردنی مەسعود محەمەد لە "کۆڕی زانیاری کورد" لە هەولێردا، لەبەر ئەوەبووە کە دەبێ ئەو "کۆڕی زانیاری کوردستان"ە بێلایەن بێت و هەموو پسپۆڕانی شارەکان و کوردستانیش لە خۆ بگرێت نەک تەنیا نووسەرانی هەولێر. لێ ئەوکات بە هۆی شەڕی نێوان ئەو دوو زلحیزبەی کوردستانەوە، کە "کۆڕی زانیاری کوردستان" لە هەولێر لە ژێر دەسەڵاتی پارتییدا بوو، بۆیە پارتی ئەو مەرجانەی مەسعود محەمەدی قەبووڵ نەکرد. گریمان گشت ئەو بۆچوونانە تەنیا ڕاڤەکردنن و سەرچاوەکانییشیان لە وتی وتی ئەم و ئەودا هەڵقوولاون، لێ با پێکڤە ئەو نامەی مەسعود محەمەد بخوێنینەوە کە لە ساڵی 1997.10.25دا لە هەولێرەوە بۆ ئاسۆس کەماڵی ناردووە، لەوێدا بەمجۆرە باس لە ئاستەنگەکانی دامەزراندنی کۆڕی "زانستی" یان زانیاری دەکا:


ناوە! ئاوەها ئەماوە.. نەبیروونە مردووە.. لێرە، لە هەولێر تەکلیف کرام بچینەکەی
کۆڕێکی زانستی - زانیاری دابمەزرێنم بە ڕێکخستنی یاسایەکی خۆم لێی ڕازی بم.. یاساکەم
نووسی. پاشان لەم ڕۆژانەدا بدرێتە پارلەمان بۆ موافقە. داخم ناچێت شەڕی دوایینی
ڕۆژی ١٢/١ لەپەیرتیکی زۆر خستە پێش یاسا و کۆڕەکە بە دابڕانی سلێمانی و هەولێر
لە یەکتر.. پێشتر من نامەم بۆ سلێمانی هەنارد کە سیاسەتی تێکەڵ نەکەن و ڕێ بەرنەدەن کە
بدرێتە بەشداری بابەت لەو کارە.. دوایینی ئەوەم و نیازم هاتەوە.. بەتەما بووم
بچمە لاتان بۆ ئەوەی کوتن لەسەر نامزەدکردنی ئەندامانە و چیدەچی (کەچی لە پەلی کەچیم
بە گوللە خانە شکان).. بە ووشاری ئەمریکا و ئینگلیز شەڕەکە وەستێندرا کەچی لە دوایی
هەراسەتی پێ کردەوە و کارەبای هەولێر بۆ جاری دووەم بڕا... تا ئێستا بڵێم ئەوە بەختی
کوردە. بەڵام هەروا لە پەنا بەختی ئەو تەنیشت و پێچەیەوە جارە نووسی
مێژوویی کورد بەدەنگ دێت لەبەرایی.. ٥٠ ساڵی ئەداری و ئەزانی و بچ ئاپانی
تا ئەمڕۆ ڕۆژە تیایدا دەژین.. یان ناژین!! سەیرە ئەم سەیرە، کورد بە
زمانی خۆی هیچی نەنووسیوە تا ئەو ڕۆژانەی دەوری نالی و کوردی و
بەرلەوانە لە سەردەمی مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی کە بە ئەلف بێ
کوردیان نووسیوە.. ئێستاش هەرچی سەرکەشی بێتر جودوازی لەهجەکانی

..." (بڕوانە سایتی www.mamosta.net، بەشی نامە)

لێرەدا، تاکوو خۆمان لە نیگەرانی خەیاڵاندندا ئازاد بکەین، داوا لە خودی خوێنەر و هۆگرانی ئەو بابەتە دەکەین دوای خوێندنەوەی ئەم نامەیە، بڕیار لەسەر دروستیی و نادروستی ئاخاوتنەکانی مامۆستا جەمال نەبەز لەسەر سعود محەمەددا بدەن.

دیارە لە کوردستاندا، چونکە ئاوەڵایی نییە و هەموو پێشهاتەکان حیزبێنراون، بۆیە ئاسان نییە کە مرۆ لە کرۆکی راستییەکان تێبگات. لێرەوە کاتێک کاک جەمال نەبەز ئەو باسە دەورووژێنێ، منی خوێنەر توشی گومان دەکا. بەمجۆرە هەموو راستییەکان لە ئاستی دەنگۆ و مەزەندە دەمێننەوە. چونکە بەڵگەدار نین. لێرەوە، بە رای من، ئەرکی کەسێکی وەک کاک جەمال نەبەزە کە بە بەڵگەوە ئەو بابەتە رۆشنبیرییانە بۆ مێژوو تۆمار بکا. چونکە ئەگەر ئەو کەین و بەینە رۆشنبیرییانەش، وەک کەین و بەینە سیاسییەکانی کورد، تەنیا لە ئاستی قسەی سەرپێی و نەسەلمێنراودا مانەوە، ئیتر نەوەی داهاتووش هەر بەو رێگەی هات و نەهاتەوە فرچکدەگرێ کە کورد خدووی پێیەوە گرتووە. کاک جەمال نەبەز لە پشت بۆچوونەکانیرا دیارە کە هەوڵە رۆشنبیری و زمانەوانەکانی کاک مەسعود محەمەد و رۆڵەکەی لە "کۆڕی زانیاریی کورد" بە گرنگ نازانێ. لێ ئەگەر وایە، مرۆ دەکرێ بپرسێ: باشە ئاستی بەرهەم و خزمەتە رۆشنبیرییەکانی "کۆڕی زانیاریی کورد" و کاک مەسعود محەمەد تۆکمەتر بوون، یان ئەو "کۆڕی زانیاریی کورد" و ئەکادیمای کوردی"ییەی ئێستای هەولێر، کە هەتا ئێرۆ لە پارە خواردنێکی "پەنجا بە پنجا" بترازێ هیچ سوودێکی دیکەی نەبووە؟ یان بۆچی ئەو "ئینستوتی کوردی"ییەی کە لە نەوەدەکاندا لە پاریس دامەزرا، وێرای کۆمەکی ماددیی باش و بوونی ئەو هەموو "دکتۆر"ە چەپرۆ و راسترۆیانەی کوردیش، نەیتوانی لەو"کۆڕی زانیاریی کورد"ییەی، کە بە واتای تۆ، کاک مەسعود محەمەد و "چەند کۆنە سۆڤییەتچی" بەرێوەیان دەبرد، کاراتر بێ و زووش ئاقا نەبێ؟ دواجاریش ئایا جیاوازی ئەو کێشمە کێشەی کە لە نێوان بەرێوەبەرانی ئەو "کوردۆلۆژی"یەی کە لە ئەلمانیادا دامەزراوە، لەگەڵ ئەو "ئاکادیمای کوردی"یە "فیفتی فیتی"یەی کە لە هەولێرە چییە؟

بە دیوێکی دیکەشەوە، من هاورای کاک جەمال نەبەزم کە داوا لە کاک حەسەن پوور دەکا بە "بەڵگە"وە قسە بکا. لێ بەڵگەی کاک جەمال نەبەز چییە، کە کاک مەسعود محەمەد بە "پشتیوانی تەواوی زیاد ئاغا گەیشتە حکومەت"؟ مرۆ لەو وێناکردنەی مەسعود محەمەددا، دانانی زۆرێک لەو ئەندام حیزبیانەی لە پەرلەمانی ئێستای کوردستاندا دێتەوە پێش چاو. بەمجۆرە هەروەک کاک مەسعود کەسێک بێت کە خۆی کەس نەیناسیووە و توانایەکیشی نەبووە بگاتە پەرلەمان. ئەگەر خوێنەرێک بخوازێ "گەشتی ژیانم"ی مەسعود محەمەد بخوێنێتەوە، لەوێدا دەبینێ ئەو پیاوە خاوەن چتۆ ئەزموونێکی رۆشنبیری و سیاسیی بووە و چۆنیش بە زرینگی خۆیەوە گەیشتە پەرلەمان و وەک دیپلۆماسییەکی کارا خەباتی کردووە. مخابن مرۆ چاوەرێی ئەو تەرزە بۆچوونانە لە کەسێکی پسپۆڕ و راستبێژی وەک کاک جەمال نەبەز ناکا! لەبۆیە دەکرێ

بپرسین: گەلۆ هەر ئەو دووبەرەکییە لاوەکیانەی نێوان نووسەر و پسپۆڕانەی کورد نییە، کە وایکردووە وابەستەی حیزب بن و خاوەن ویستی هاودەنگییەک نەبن؟
لەوەش بترازێین، کاک جەمال نەبەز دوای جەختکردنەوە لەوەی، کە ئەو پێش کاک مەسعود زانیویەتی کە رژێمی سۆڤییەت دژ بە ئازادییە، هاوکاتیش، وەک کاک حەسەن پوور، لایەنگیری سۆسیالیزم بووە و بڕواشی وایە کە "نەتەوەیەکی یەکگرتوو کاتێک دروست دەبێ کە جیاوازیی چینایەتی تێدا نەمێنێ". مخابن ئەو تەرزە ئۆتۆپییە، نەتەوە بێ چینایەتییەی کە کاک جەمال نەبەز وێنای دەکا، نە لە مێژووی رابردووی جیهاندا وێنەی هەبووە و نە لە مێژووی داهاتووشدا مەیسەر دەبێت. کەواتە، ئەگەر لەو روانگەی کاک جەمال نەبەزەوە سەیری دۆخی نەتەوەکان بکەین، دیارە هیچ نەتەوەیەک لە جیهاندا نییە کە "یەکگرتوو" بێت، چونکە هیچ نەتەوەیەک نییە کە "جیاوازی چینایەتی" بنەبڕ کردبێت". ئەو "هەویرە زۆر ئاودەکێشێ"، لێرەدا ئەرکی ئێمە سەلماندنی ئەو جیاوازییە نییە.
بەمجۆرە دەکرێ بێژین، کە بۆچوونەکانی کاک حەسەن پوور و کاک جەمال نەبەز لە پایەی زمان و هزری کاک مەسعود محەمەددا لە دوو شێوە گوتنی جیاوازدا یەک ئاکامگیریی هەیە، ئەویش ئەوەیە: کە کاک مەسعود زمانی زانستی نازانیووە، دژی چینی کارێکار بووە، هزر و رۆشنبیرییەکەشی هی ئەوە نین بەهایەکی "زانستی"یان هەبێ. کەواتە ئەوان هەردووکیان خۆیان لەو بە زانستی تر، ئازادیخواز تر و ترەکانی دیکە دەزانن.
لێرەوە من پێم وایە، ئەو تەرزە وێناندنە لە ئەویدیکە، کە دیاردەیەکی باڵادەستە لەناو کۆمەڵگەی ئێمەدا، بۆیە ئاخاوتنەکانی ئەو دوو هێژایە تژی لە ناکۆکییە. چونکە راستییەکەی ناکۆکی هەردووکیان لەگەڵ کاک مەسعوددا هێندەی جیاوازی ***کەسایەتیی*** و ***ئایدیۆلۆجی***یە، ئەوەندە جیاوازی "زانستی"ی و "چینایەتی" نییە. هەڵبەت ئەگەر کێشەی چینایەتیش نەمێنێ، لێ کێشەی جیاوازی مەیل و ویستی مرۆڤ هەر قووڵتر دەبێتەوە. مخابن لێرەدا بوارمان نییە فرەتر لەمەڕ ئەو بابەتە و کۆی بیرۆکەکانی دیکەوە بدوێین، ئەگینا هەقە زێتریان لەسەر بگوترێت.

لێ جێگەی سرنجە، کە مەسعود محەمەد لە بەرایی کتێبەکەی "ئەمیری حەسەن پوور لە هەر کوێیەک بێت"دا پێشبینی ئەو روحە عەنتیکە کوردییەی کردبوو، کە هاوزمانەکانی وەک خۆی نەیخوێننەوە و بە کەیفی خۆیان پێناسەی بکەن. لەوێدا دەبێژێ: "هەڵبەت من کە لە ساڵی 1972 دەستم دایە نووسین ئەم راستیە یەکجار گرنگەم لێ روونبوو، هێندەش بەلامەوە راستیەکانی بنجی رەگ داکوتاو بوو، دڵی خۆم بەوە دابینکردبوو کە لە ئاستی نووسینە نەسەلمێنەکانی خۆمدا بە تەمای دۆست و برادەر و یاریدەر و پشتیوان نەبم لەو رووەوە کە دەمزانی کوردەواری خۆمان جێی بیروڕایەکی تێدا نابێتەوە ئەگەر لەسەر تەلی ماددی تەقلیدی لێنەدات."

**ژێدەر و پەراوێز**

**پەراوێز و ژێدەرەکانی مەسعود محەمەد؛ ئێستێتیکای شێوازی هزرێکی خۆکرد:**

(*) ئەو ناونیشانە ئیحای لە "زرەخەون لە تەمومژ بە دەوری "مەحوی" تۆقەڵەوە وەرگرتووە، کە  ناونیشانی وتارێکی مەسعود محەمەد دەرهەق بە مەحوی.

(1) مەسعود محەمەدا، "لە پەرۆشەکانی ژیان"، ستۆکهۆلم،1992،  ل: 197.

(*) هانس لارشۆن (Hans Larsson) لە ساڵی 1862 لە دایکبووە و لە ساڵی 1944 کۆچی دوایی کردووە. لە زانستگای لوند، پرۆفیسۆر بووە. یەکێک بوو لە دەمڕاستەکانی ئاکادیمیای سوێد. لارشۆن نووسەرێکی فرە بوار بووە: وێرای رۆمان، وتار، خاوەن زیاتر لە 30 کتێبی هزر و فەلسەفەدا بووە. لارشۆن هزرڤانێکی کولتووریی و هومانیستێکی کۆنپارێز بووە. ئەو بە دەستڕەنگینی لە نووسین و ئاکارە چاکەکانییەوە بوو بە رێبەرێک  بۆ زۆرینەی نووسەرانی سوێد. هەر بۆیە لە ناوەندی رۆشنبیریی سوێددا  بە "هانسی زانا" ناسرا بووە.

(*) بۆ زیاتر ئاشنا بوون بە هەڵوێست و رەخنەی نووسەرە ئاکادیمییە چەپڕۆیەکان سەیری کتێبەکەی  ئۆسکار ئۆلسۆن (Oscar Olsson) لە ژێر ناوی "Hans Larsson– Den potiska tänkare–"، ساڵی 1951.

(2)  مەسعود محەمەد، "پەرژینی بێدەنگی"، گفتوگۆی هەڵۆ بەرزنجەیی، بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی فەرهەنگیی سوێد–کوردستان، 1996،  ل:81.

(3) هەمان سەرچاوە، ل: 40 .

(4) مەسعود محەمەدا، "لە پەرۆشەکانی ژیان"، ل: 43.

(5) هەمان سەرچاوە، ل: 40 و41.

(6) مەسعود محەمەد، "حاجی قادری کۆیی"، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا 1973، ل: 13. شایەنی باسە ئەو وتانە و وتەکانی دیکەمان لە سایتی ئینتەرنێت بەناو "مەسعود محەمەد" وەرگرتووە.

(7) "پەرژینی بێدەنگی" ل: 57.

(8) مەسعود محەمەد، "لە ئاوی ئەم گوتارەدا تیشکی چەند چرایەک"، گۆڤاری کاروان ژمارە 19 1984ساڵی، ل: 40. ئەم وتەیەمان لە سایتی ئینتەرنێتی "مەسعود محەمەد" وەرگرتووە.

(9) "پەرژینی بێدەنگی"، ل: 87 و 88.

(10) لە پەرۆشەکانی ژیان"، ل: 146.

(11) " پەرژینی بێدەنگی"، ل: 41.

(12) مەسعود محەمەد، "حاجی قادری کۆیی"، بەرگی یەکەم، ل: 91.

(13) مەسعود محەمەد، "چەپکێک لە گوڵزاری نالی"، چاپی کۆڕی زانیاری کورد، 1976، ل: 7. لە سایتی ئینتەرنێت وەرگیراوە.

(14) مەسعود محەمەد،"مرۆڤ و دەروبەر"، بەشی یەکەم، چاپی کتێبی هەرزان، ساڵی 200، سوئێد، ل: 11–12.

(15) مەسعود محەمەد، "لە پەرۆشەکانی ژیان"، کتێبی ئەرزان، ساڵی 1997 ل: 42 .

(16) "پەرژینی بێدەنگی"، گفتوگۆی هەڵۆ بەرزنجەیی، ساڵی 1996 ل: 86.

(17) مەسعود محەمەد، "حاجی قادری کۆیی"، بەرگی یەکەم، ل: 107.

(17) "پەرژینی بێدەنگی"، ل: 85.

(18) هەمان سەرچاو، ل: 89 و 90.

(19) هەمان سەرچاوە، ل: 89

**ژێدەر ە پەراوێزی پەیڤین لەوانیتر، پەیڤینە لە خۆت:**


(1) Bengt Molander red, ”Språktets speglingar, Carlsson Bokförlag, Stockholm,

1993, P. 34_35.

هەڵبەتە کتێبی ناوبراو کۆوتارێکی لە روانگەی جیاوازەوە رەهەندەکانی زمان راڤە دەکا.

(2) هەمان سەرچاوە، لاپەڕە: 59

3. بۆ زیاتر زانیاری لەمەڕ دیدی پازۆلینی لەمەڕ لێکچوونی کۆمۆنیستەکان لەگەڵ شێوەی ئیشکردنی کلێسەی کاتۆلیک و بگرە فاشیزمی ئیتالیاوە، بڕوانە کتێبی:

PaoloPasolini, Skrifter i fel tid, Urval och översättning från itlainska till svenska av Ingmaj Beck, Brutus Östlings Bokförlag Symposion, Stockholm 1993.

شایەنی باسە، ئەو کتێبە بە زمانی سویدییە و بریتییە لە کۆوتارێکی هونەریی، سیاسیی، دەقگەلێکی شیعریی، چەند دیداریی جیاوازی پازۆلینی . دیارە پازۆلینی لە 2ی نۆڤێمبەری 1975دا لە دەرەوەی شاری روم، لە گەراجێکدا بە شێوەیەکی دڕندانە تیرۆر کرا. جێگەی سەرنجە هەتا ئێستاش کەس نەیزانیووە کە بکوژەکەی کێیە. بەڵام دیارە بە هۆی فیلم، چالاکییە هونەریی و رۆشنبیرییەکانییەوە، فاشیستەکانی ئیتالیا زۆر رقیان لێ بوو. لە ئاستی سینەمادا،پۆسپۆرانی سینەما پێیان وایە، کە ئەو بۆشاییەی پازۆلینی لە دوای خۆیەوە بەجێهێشت، هەتا ئێستاش هونەرمەندێکی دیکە نییە پڕی بکاتەوە.

کاکە جەمال گیان ئەگەر بکرێ ناونیشانەکە بە ئینگلیزی لە بەرگی دواوە بنووسن زۆر باشە، خۆم نەمتوانی بیکەم بە ئینگلیزییەکی باش

Writer: Handren

2012
Sweden